یەکەمین گۆڤاری کارگێڕیو گەشەپێدانی مرۆیی لە کوردستاندا

لە پێناو گەلێکی
خاوەن بڕیاردا

# بڕیار

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

مانگنامەیەکی تایبەتە بە کارگێڕیو گەشەپێدانی مرۆیی

70
ساڵی شەشەم - نیسانی 2014

## متمانە بەخۆبوون، تێکشکاندنی بەربەستەکانە

## دایە،بابە.. تکایە یەکترتان خۆشبووێت!

## سپیکردنەوەی دراو

## هەرگیز نارۆم!

## هاوڕێی کتێب بن!

## میهرەبانی!



## لەگەڵ عەبدوڵلا پەشێوی شاعیردا

## چوار قرۆش!

دیاری گروپی کۆمپانیاکانی ڕەسەن
RASA

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب ( كوردى , عربي , فارسي )


RASAN
Group
هەموو شۆڕشێك
لە مێژووی مرۆڤایەتیدا
کەسێکی لە پشتەوەیە
کە کتێبێکی خوێندۆتەوە!
مایك تایسون
چاوەڕوانمان بن، لە پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب لە هەولێر-(G4) ڕۆژانی ٤/٢ – ٤/١١/ ٢٠١٤
لەگەڵ بەرهەمی نوێدا..

# بڕیار

مانگانەیەکی تایبەتە بە کارگێڕیو گەشەپێدانی مرۆیی

لە پێناو گەلێکی خاوەن بڕیاردا

سالی شەشەم - ژمارە 70 - نیسانی 2014






## خاوەنی ئیمتیاز

ئەندازیار:

مەسعود تاهیر ڕۆژبەیانی

## سەرنووسەر

عادل محەممەد شێخانی

sarnosar@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین**

بەرزان ئەبوبەکر

**دەستەی نووسەران**

زاهیر زانا

محەممەد مێرگەیی

محمد هاشم محمد

بێگەرد فارس

وەهاب حەسیب

ئەسکەندەر ڕەحیم

گوڵان حەمەئەمین

یەحیا محەممەد

**ڕاوێژکاری یاسایی**

پارێزەر: ئازاد محیّدین

**بەشی هونەریو دیزاین**

قەیدار ڕەحیم

پشتیوان عبدالرحمن



**ناونیشانی گۆڤار**

سلێمانی - شەقامی سالم -تەلاری جەمالی حاجی عەلی- نهۆمی چوارەم- یەکەی (٤٠١) نزیك پردی خەسرەو خاڵ

٠٧٤٨٠١١٢٧٨٧ - ٠٧٧٠٢١٧٨٦٨٢

هەولێر - شەقامی پزیشکان -فولکەی مەلیك مەحمود - نهۆمی زەمینی مۆتێل میلانۆ

٠٧٥٠٥٢٥٣٠٣٥ - ٠٧٥٠١٩٥٣٢٣٠

٠٧٥٠٤٤٦٣٢٣٠

E-mail: bryarmagazin@gmail.com



**دابەشکردن:-**

کۆمپانیای پەیك

07708649210

**چاپ:-**

کۆمپانیای پیرەمێرد


کارگێڕیو بازاڕسازی




5





7





13





14


نرخ 2500 دینار

# هاوڕێی کتێب بن!

ئەگەر دەتەوێت بەختەوەر بیت، هاوڕێی کتێببەو خوێندنەوەت خوشبوێ، لە نێو دێڕی کتێبەکانو وشە ڕەنگاو ڕەنگەکانیدا خۆشییەکی ئەفسوناوی هەیە، تێیدا ڕۆح ئارام دەبێوهزروبیرت چێژلە ژیان وەردەگرێت!

عەققاد دەڵێت: ئارەزووی خوێندنەوە ناکەم بۆ ئەوەی بنووسم، یان تەمەنم زیاد بکەم! بەڵکو بۆ ئەوە دەخوێنمەوە کە من یەك ژیانم پێ بەخشراوە، ژیانێکیش بەشم ناکات، بەڵام خوێندنەوە زێتر لە ژیانێکم پێدەبەخشێت، چونکە قوڵایی ژیانم زیاد دەکات..

خوێندنەوە مەلەکردنە لە دەریای عەقڵە گەورەکانو هەستە بەرزەکاندا، گەشتە بەنێو ئەزموونی گەورەو پەندو دەرسی ژیانی مرۆڤەکاندا، سەماکردنە لە نێو گوڵزاری وشەی ئاڵتونیو گوڵاوی ناخی ئینسانیدا!!

گەیشتنە بە خەرمانی ماریفەتو زانستی جۆراوجۆرو قوتابخانە بەرزەکانی ژیان، کە هەزاران ساڵە مرۆڤایەتی مەلۆیان دەخاتە سەر!

ئەوانەی وازیان لە هاوڕییەتی کتێب هێناوەو جگە لەو کتێبانەی کە بەهۆی خوێندنەوە بەزۆر دەستی بۆ دەبەن، کتێبی دی ناناسنو جگە لە ڕۆژنامەوتەلەفزیۆنو ئینتەرنێت، هیچ سەرچاوەیەکی دییان بۆڕۆشنبیریو ماریفەت نییە، هەرگیز ناتوانن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا سەرکەوتوو بن!

دەبێت مرۆڤی سەرکەوتوو، ڕێبوارانی حەقیقەت، شەیدایانی بەختەوەریو بەرزیو بڵندی لە ژیاندا، خوێندنەوە بکەنە بەرنامەو ڕێبازی ژیانیان!

چونکە خوێندنەوە پێوەری پێشکەوتنی گەلانە، خوێندنەوە ژیانو زیندەگی عەقڵو بیری مرۆڤە، خۆراکی ڕۆحە، سەرچاوەی زانستوزانینو داناییە، سوودوەرگرتنە لە گەنجینەی تەمەنو ڕۆژگاری ژیان، وەرگرتنی ئەزموونو مێژووی هەزاران ساڵ پێش لەدایکبوونتە!

خوێندنەوە ڕازو نهێنییە گەورەکانی ژیانت بۆ واڵا دەکات، هونەرەکانی ژیانت فێر دەکات گەشە بە بەهرەکانت دەدات، ئاسوودەیی دەبەخشێت بە ناخت!

خوێندنەوە سەرکەوتووت دەکات لە ژیاندا، شارەزات دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانت، دەتکاتە مرۆڤێکی کاریگەر، بەسوودو سودمەند! لە هەموو بیرۆکەیەکی نەرێنی دەتپارێزێو هیواو گەشبینیت پێدەبەخشێت!

دەتکاتە دۆستی خۆتو خۆشەویستی دەوروبەر، دەبیتە مرۆڤێکی کۆمەڵایەتیو کاریزماو موگناتیسی ڕۆحی مرۆڤەکانی دەوروبەرت!

خوێندنەوە ئاسۆی بینینو مەودای بیرکردنەوەت فراوان دەکات!

کاتێك دەخوێنیتەوەو دەبیتە هاوڕێی کتێب، ئەوە دڵسۆزترین هاوڕێت پەیدا کردووە کە هەرگیز فێڵت لێ ناکات!

بە خوێندنەوە هەموو دونیا دەگەڕێی، بێئەوەی لە ژوورەکەی خۆت بێیتە دەرێ.

هەزاران عەقڵ دەخوێنیتەوەو بەکاریان دەهێنی!

لە جیهانە بچکۆکەلەکەی خۆت دێیتە دەرێو دەچیتە جیهانێکی بێ سنوور، بە خوێندنەوە دەبیتە هونەرمەند، شاعیر، نووسەر، وتاربێژ، بیرمەندو فەیلەسوف، ڕۆشنبیروبەهرەمەند!

بوون بە خوێنەر، واتە بوون بە خەزنەداری هەمیشەیی گەنجینەی ئەدەبوهونەرو زانست!!

کەواتە با ببینە هاوڕێی کتێب.. با کتێبمان خۆشبوێ..

کتێبی باش هەڵبژێرین، ئامانجمان لە خوێندنەوە دیاری بکەین..

پەلە نەکەین لە خوێندنەوەدا، چێژی لێوەربگرینو کاتێکی خۆشی لەگەڵدا بەسەربەرین.

چۆن بڕی پارە بۆ کڕینی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەمان دیاری دەکەین، ئاوهاش بڕێك بۆ کڕینی کتێب دیاری بکەین!

با لە ماڵەکانماندا کتێبخانە هەبێتو منداڵەکانمان هانبدەین بۆ خوێندنەوە، چونکە ئەگەر منداڵەکانتان فێری خوێندنەوە بکەن، ئەوا خوێندنەوە فێری هەموو زانستێکیان دەکات!

با گروپی خوێندنەوەو دۆستانی کتێب دابمەزرێنینو بە کۆمەڵ هاوکاری بکەین بۆ هەڵبژاردنی کتێبی نایابوخوێندنەوەی بە کۆمەڵ.

با لە پرۆگرامەکانی خوێندندا بەشی تایبەت بە خوێندنەوە دابین بکرێتوکتێب لای خوێندکاران خۆشەویست بکرێت!

با کتێب بکەینە دیاری دەستمان، هەست بە بەهای بەرزی کتێب بکەین، چونکە لای ڕۆشنبیران، کتێب باشترین دیاریوخەڵاتە!

هێندەی ژمارەی لاپەڕەکانی کتێب تەمەنمان زیاد دەکاتو دەبینە خاوەنی عەقڵو بیرو ئەزموونی تەمەنی هەزاران مرۆڤی گەورە، کەواتە چی لە کتێب باشترە تا بیکەینە هاوڕێ؟

هەزارڕەحمەت لە موتەنەبیش کە دەڵێ:

اعز مكان في الدنيا سرج سابح      وخير جليس في الزمان كتاب



# کارگێڕی بە گوفتار

مالی بێ کتێب لاشەی بێ ڕۆحە!

مارکوس سیزیرو

له نێو کتێبدا مالی ئالتونی هەیە.

پەندێکی چینی

ڕێگایەکی دی نییە، بۆ فراوانکردنی ئاسۆو جیهانی منداڵەکەت، وەکو خۆشەویستی خوێندنەوە.

جاکلین کندی

پێش ئەوەی خەڵکی ڕێنمایی بکەین بۆ خوێندنەوەی کتێبە گەورەکان، پێویستە فێری خۆشەویستی خوێندنەوەیان بکەین.

بوریس فریدریك

تاوانێك هەیە گەورەتر لە تاوانی سوتاندنی کتێب، ئەویش تاوانی نەخوێندنەوەیەتی.

راس بالی بۆی

## کارگێڕی بە چیرۆك

# چوار قرۆش

رۆژێك لە رۆژان پادشایەك بۆ گەشت و گوزار چووە دەشت و دەری مەملەکەتەکەی، لە ڕێگا چاوی بە جوتیارێك کەوت بە خۆشحاڵییەوە زەوییەکەی دەکێلاو گۆرانی دەگوت:

پاشاش لێی پرسی: کابرا دەتبینم زۆر دڵخۆش و شادمانیت بە کارەکەت، ئایا ئەم زەوییە هی خۆتە؟ کابراش گوتی: نەخێر گەورەم، من بە کرێ لێرە کار دەکەم!

پادشاش پرسی: بەرامبەر بەم ماندوو بوونەت چەندت کرێ پێ دەدەن؟

کابرای جوتیاریش گوتی: رۆژانە چوار قرۆشم پێ دەدەن قوربان.

جارێکی دیش پادشا لێی پرسی: جا ئەم رۆژانەیە بەشت دەکات؟

جوتیاریش گوتی: بەڵێ گەورەم، بەشم دەکات ولێشم زیاد دەبێت، قرۆشێك بۆژیانی رۆژانەم، قرۆشێکیش بۆ بژاردنی قەرزەکەم، قرۆشێکیش بە قەرز دەیدەم بە غەیری خۆم، قرۆشێکیش لە پێناوی خوادا دەبەخشم!

پاشا گوتی: ئەمە مەتەڵێکەو بۆم ئاشکرا ناکرێت و تێی ناگەم!

جوتیارەکە گوتی: خۆم بۆت ڕوون دەکەمەوە قوربان...

ئەو قرۆشەی کە بۆژیان و زیندەگی خۆمی خەرج دەکەم، ئەوە بۆژیانی رۆژانەی خۆم و خێزانەکەمە! ئەو قرۆشەش کە قەرزەکەمی لێ دەدەمەوە، ئەوە بۆ دایك و باوکمی سەرف دەکەم، چونکە ئەوان بە منداڵی منیان پەروەردە کردووەو مەسرەفیان کردووم کە من زۆر ئاتاجی ئەوان بووم، بەڵام ئەمڕۆ ئەوان پیر بوون و توانای کارکردنیان نییە!

ئەو قرۆشەش کە بە قەرز دەیدەم، بۆ منداڵەکانمی سەرف دەکەم، بۆ پەروەردەو خواردن و پۆشاکی ئەوانی سەرف دەکەم، تا کاتێك گەورە بوون و ئێمەش پیربووین قەرزەکەمان بۆ دەگێڕنەوە، ئەو قرۆشەش کە لە پێناوی خوادا دەیبەخشم، ئەوا بۆ دوو خوشکی نەخۆشی خۆمی سەرف دەکەم.

پاشاش پێی گوت: ئافەرین، بەڕاستی کارێکی باش دەکەیت، بڕێك پارەی بۆ بەجێهێشت و لە زانایی و دانایی ئەم پیاوە سادەیە سەری سوڕما!!

لەم چیرۆکەوە فێردەبین:

١- کارکردن و پەیداکردنی پارەی حەڵاڵ، سەرچاوەی شادمانی و بەختەوەرییە.

٢- سەرفکردنی ئەو پارەیەی پەیدای دەکەی، هونەرێکە کاروباری ژیانت ڕێکدەخات.

٣- ئەوەی تەنها پارە کۆدەکاتەوەو نازانێت چی لێ دەکات، جگە لە پاسەوانێکی گەمژە هیچی دی نییە!

٤- جێگای خۆیەتی کە هەڵس و کەوتی ئەو جوتیارە هەژارو سادەیە مایەی سەرسوڕمانی پاشا بێت، چونکە مرۆڤێکە کەسی دەوروبەری فەرامۆش نەکردووەو ئەمڕۆو ئایندەی خۆی لەبیرە.

٥- ژیان زۆر جوانە بە سادەیی، ئەوەندەی کە پێویستی بە خۆشەویستی و پاکی و هەستی مرۆڤانەیە، ئەوەندە پێویستی بە بروانامەی بەرزو قسەی زل و فەلسەفەی تونکلدار نییە!

٦- هەموومان دەتوانین وەکو ئەو جوتیارە بژین، بەوەش خۆمان و دەوروبەرمان دڵخۆش و شادمان دەکەین و هەموو وەکو برا دەژین.

٧- کێ لە ئێمە دوای خۆی باوك و دایك و خوشك و براکانی لەبیرە، لە کاتێکدا موچەی مانگانەی ئێمە هەزاران قرۆشە، نەك تەنها (٤) قرۆش، بەڵام قرۆشەکانی ئێمە بێ بەخشندەیی و میهرەبانی و سۆزو خۆشەویستی، جگە لە چڵکی دەست هیچی دی نین!!



# تەنها بۆ سەرکردەکان

**ئەگەر ناتەوێت سەرکردە بیت، ئەم لاپەڕەیە مەخوێنەرەوە!**

دوورکەوەرەوە لە هەموو ئەو کەسانەی هەوڵدەدەن، هیـواو ئاواتەکانت دووچاری داخوران بکەن، چونکە ئەوان وەکو کرمۆکە وان، بە پێچەوانەوە کەسـە گەورەکان وات لێدەکەن هەست بە لێهاتوویی‌و تواناکانی خۆت بکەیت، تا ببیتە هاو وێنەی ئەوان!

مارک توین

لە کارەکانی سەرکردەی لێهاتوو، ئەوەیە کە یارمەتی ئەو کەسانە بدات کە وەکو پێویست کارناکەن، بۆئـەوەی کارەکانیان ئەنجام بدەن، هەروەها یارمەتی ئەو کەسـانەش بدات کە کارەکانیان بە باشـی ئەنجام دەدەن، بۆئەوەی بەشێوەیەکی زۆر باشتر کارەکانیان ئەنجام بدەن.

جیم ران

هەڵۆکان بە پۆل نافڕن، کەواتە پێویستە یەك یەك بەدوایاندا بگەڕێیت!

ئاتش راس بیرت

ڕێزی پیاو بگرە، هەموو ئەو کارانەی کە تۆ دەتەوێت ئەنجامیان دەدات!

ئیفرت دیرکسن

من خاوەنی بیروباوەڕێکی پتەوو دامەزراوم، یەکەمین بنەمای بیروباوەڕم دەبێت بەردەوام کەسێکی نەرمو نیانو لەسەرخۆ بم!

مالوکولم فوریز

# زاراوەی کارگێڕی



**وەهاب حەسیب محەممەد**

گەشەپێدان (تنمیە): بریتییە لە گۆڕانکارییەکی پلان بۆ دانراوو نەخشە بۆکێشراو، لە پەیکەری کارگێڕی کۆمەڵگادا، یان ژێرخانی کۆمەڵگا ڕوودەدات لەبواری ئابووری، کۆمەڵایەتیو ڕامیارییەوە. بەمشێوەیە (تنمیە) جیاوازە لە (نمو) نمو گۆڕانکارییەکی خۆڕسکەو لەخۆوە دەبێت.

بەشێوەیەکی سروشتی گەشەپێدان کورت ناکرێتەوە لە پرۆژە ئابوورییەکاندا، یان هەندێك گۆڕانکاری ماتریاڵیو مەعنەوی لە کۆمەڵگادا. پێویستە ئەم گۆڕانکاریانەو ئەو پرۆژە ئابووریانە هەندێکیان تەواوکاری ئەویتریان بن لە چوارچێوە گشتییەکەی گەشەپێداندا لە بەدیهێنانی ئامانجە بنەڕەتییەکاندا، کە بریتییە لە گۆڕینی شێوازی ژیانی کۆمەڵێك لە دانیشتوان (وەك چاکردنو گۆڕینی ژیانو گوزەرانی چینی هەژار، یان دێهات نشینەکان ...)، یاخود بەدیهێنانی دادگەری کۆمەڵایەتی.

گەشەپێدان.. واتە: هۆشیارییەکی نەخشەکێشراوو پلان بۆ دارێژراو، بە مەبەستی بەکارهێنانی گشت سەرچاوەو تواناکانی بەردەست، بەپێی پلانێکی تۆکمە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان.

گەشەپێدان لە شێوازە جۆراوجۆرەکانیدا،گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە لە شێوازی ژیاندا، بوارەکانی گەشەپێدان لە کۆمەڵگاکاندا جیاوازە، بۆ نموونە بواری گەشەپێدان لە کۆمەڵگایەکی ناوچەییەوە بۆ کۆمەڵگایەکی هەرێمایەتی جیاوازە، بە هەمان شێوە بواری گەشەی نەتەوایەتی گشتگیر، جیاوازترە لە بوارەکانی هەرێمایەتیو ناوچەیی.

بەڵام پلاندانان بریتییە لە شێوازێکی کارا کە گونجاندن لە نێوان سەرچاوەکانو ئامانجەکاندا دروستدەکات، گرنگی دەدات بە بەکارهێنانی سەرچاوە جێگرەوەکانو ڕیزبەندی لە بەکارهێنانو لە دیاریکردنی ئامانجەکاندا دەکات، بە گوێرەی گرنگی ئامانجەکانو کات بەندیان.

پێویستە لایەنەکانی ڕەوشت پەیوەست بکرێن بە گەشەپێدانەوە، بەو شێوازەی گەشەپێدان کاریگەری لەسەر ڕەوشت دادەنێتو ڕەوشتیش کار لە گەشەپێدان دەکات. لەوانەیە هۆکارەکانی ڕەوشتو بەهاو پابەندبونییان پاڵپشتی گەشەپێدانو گۆڕانکارییەکان بن لە بواری گەشەپێداندا.

- کارگێڕی زانستی ( الإدارە العلمیە): ئاڕاستەیەکە تۆێژینەوە لە زانستی بەڕێوەبردندا دەکات، تێدەکۆشێت بۆبەدیهێنانی ئەوبنەمایانەی کە باشترین ئەنجامی لە ڕێگای تاقیکردنەوەوە تیادا بەدەستدێت، لە لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی بەڕێوەبردندا پشت بە سەرنجی زانستی دەبەستێت.

(فردریك تایلۆر) بە بناغەدانەری ئەم ئاڕاستەیە دادەنرێت، (فردریك تایلۆر) پیاوی بەرهەمهێنانو بەڕێوەبردن بوو، یەکێك بوو لەو کەسانەی لەسەرەتاوە گرنگیان بە جێبەجێکردنی شێوازی زانستی دەدا لە چارەسەری کێشە پیشەسازییەکاندا.

(فردریك تایلۆر) پوختەی شیکارییەکەی لە کۆمەڵێك بنەمادا ڕووپۆشکرد، دەکرێت وەك جێگرەوەیەکی شێوازی ڕاستو هەڵە دابنرێت کە پێشتر لە بواری بەرهەمهێنانو کارگێڕیدا کاری پێدەکرا. تایلۆر هەوڵیدەدا لە چارەسەرکردنی کێشەکانی پیشەسازیدا ئاوەز بەکاربهێنرێت، هەروەها یەکەم کەس بوو پشتی بە لێکۆڵینەوەی (کاتو جوڵە) بەست، وەك تاکە پرۆگرامی نموونەیی لە بواری تەواوکردنی کاردا، هەروەها هاندانی ئابووری بەکارهێنا وەك هۆکارێك بۆزیادکردنی بەرهەم، لێکۆڵینەوەکانی (فردریك تایلۆر) پشتی بە چوار چەمکی سەرەکی بەستبوو بریتی بوون لە: وزە، خێرایی، بەرگەگرتن، تێچوون.

بەڕای (فردریك تایلۆر)، کارگێڕی زانستی پێویستە شۆڕشێکی فیکری دروست بکات لای هەریەك لە کرێکارو بەڕێوەبەر، چونکە ئەو دوولایەنە لایەنی سەرەکین لە پرۆژە پیشەساز ییەکاندا، کاری ئەو شۆڕشە بر یتییە لەوەی باوەڕ بە هەردوولا بهێنێت بە هاوکاریکردنی یەکتر، هاوکاریکردنی یەکتری هۆکارێکە بۆ دەستبەسەراگرتنی ناکۆکییەکانو بەریەککەوتن، چونکە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی زۆری بەرهەمهێنانو زیادبوونی هەقدەستی کرێکار.

کارگێڕی زانستی لە یەککاتدا بزاوتێکی هونەری، فەلسەفیوبەڕێوەبردنە، بزاوتێکی هونەرییە، چونکە هەستا بە لێکۆڵینەوە لەسەر کرێکاران لە بواری (کاتوجوڵە)دا، لێکۆڵینەوە لە ئامێرو ئامرازەکان، شێوازو بارودۆخی بەرهەمهێنان، ئامادەکردنی کۆگاکانو چەندین لایەنی هونەری تر.

بزاوتێکی کارگێڕییە، چون کۆمەڵێك بنەمای دانا کە بەڕێوەبردن لە بواری زیادکردنی بەرهەمهێناندا وەك ڕێنمایی سودی لێوەردەگرێت کە بریتین لە: دەستنیشانکردنی کرێکار لەسەر بنەمای زانستی، ڕاهێنانی کرێکار بەشێوەیەکی دروستو تێبینی کارا لەسەر چۆنێتی کارکردنو تەواوکردنی کاری کرێکاران، هەروەها جیاکردنەوەی ئەرکی نەخشەکێشانو ڕێنماییو چاودێری لە ئەرکی جێبەجێکردن، هاندانی کرێکاران بە پاداشتی ئەختینە بە مەبەستی زیادکردنی بەرهەمهێنان.

بزاوتێکی فەلسەفییە، چونکە تێدەکۆشا بۆ گۆڕینی ئەو بیرو بۆچونانەی زاڵبوون بەسەر کرێکارانەوە، تێدەکۆشا بۆ پێکەوەبەستنی کرێکارانو بەڕێوەبەرایەتی، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش، (فردریك تایلۆر)، هەوڵیدەدا باوەڕ بەلێپرسراوانی پرۆژەکان بهێنێت، کە هاوکاری نێوان کرێکارانو بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری زۆری بەرهەمهێنانە کە لەکۆتاییدا داواکارییەکانی هەردوو لایەن بەدیدەهێنێت.

# بەڕێوەبردنی قەیران چییە؟

بەشی سێیەمو کۆتایی

**بەڕێوەبەری قەیران کێیە؟**

کەسێکە کە بتوانێ هەر شتێك مەترسیو هەڕەشەی لێدەکەوێتەوە بیناسێتو لە دەرفەتەکان بە باشی سوودوەربگرێت.

وەك خۆمان دەڵێین: خۆپاراستن باشترە لە چارەسەرکردن، واتە دیاریکردنو ناسینو چارەسەرکردنی پێشوەختەی هەر ڕووداوێك باشترە، بەداخەوە لە وڵاتی ئێمە زەنگە مەترسییەکان زۆر گوێی لێناگیرێتو لە دوای ڕوودانی قەیرانەکە، بیر لەوە دەکەینەوە کە بە دوای چارەسەرو ڕێگە چارەدا بگەڕێین، بە داخەوە بەڕێوەبەریَ قەیران کە لای ئێمە زۆر گرنگی پێنادرێت، بەم هۆیەوە ماوەی تێپەڕاندنو دەرمانی قەیران زۆر دەخایەنێت کە لەم حاڵەتانەشدا بەڕێوەبەری قەیران، نیشانەکان ناناسێت، یان گرنگی ئەم نیشانانە بۆی دەرنەکەوتووەو لێی ناگادار نییە.

بەڕێوەبەری قەیران دەبێ بە دوای دۆزینەوەی چارەسەرەکاندا بێت، بە مەبەستی کەمکردنەوە لە کاریگەرییە هەمەلایەنەکانی قەیراندا. بە شێوەیەکی تر کاریگەری هەر هۆکارێك دەبێ بە پێوەرەکانی دیکەش هەڵبسەنگێنرێتو لە دوای لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی دا کاربۆ چارەسەرو نەهێشتنیو بنبڕکردنی بکرێت.

بەڕێوەبەری قەیران دەبێت فێر بێت کە بە شێوەیەکی ستراتیژییانە بیر بکاتەوەو چۆن لێکۆڵینەوەی ستراتیژی دەکرێت. واتە بتوانێ لە ماوەیەکی کەمدا بەسەر شێواویو ناسەقامگیریو سەرلێشێواوی بیرو بۆچوونی زاڵ بێت، ئەم کارە ناکرێت مەگەر بە بەشداریکردنی بەردەوام لە قەیرانەکاندا نەبێت، کە ئەمەش جێگیریو سەقامگیرییەکی بەردەوامی ئەم بەڕێوەبردنەی پێویستە.

**تایبەتمەندییەکانی بەڕێوەبەری قەیران:-**

١- دوورە پەرێزی لە بیرکردنەوەی تەسك.

٢- جێبەجێکردنی کارەکان بە شێوەیەکی ڕاستو دروستو لە کاتی خۆیدا.

٣- وەرگرتنو داواکردنی ڕاو بیرو بۆچوونەکان بۆ هەڵبژرادنی ڕێگە چارە.

٤- هەڵبژاردنی باشترین ڕێگە چارەو پەسەندکردنیو جێبەجێکردنی لە کاتی خۆیدا.

٥- وەرگرتنی بڕیارە کاریگەرەکان لە سەربنەمای زانیاریی ڕاستو ڕوون، بە مەبەستی کەمکردنەوەی زیانەکانو کۆنترۆڵکردنی خێرایی قەیرانەکە.

**ئەرکەکانو خەسڵەتەکانی بەڕێوەبەری قەیران:-**

١- خۆ ئامادەکردنی تەواو بۆ هەرجۆرە ڕووداوێك.

٢- دانانی کۆمەڵێك فەرمانگەی لێکۆڵینەوەی نشتیمانیو ناوچەییو هەماهەنگ کردنیان بە شێوەیەك کە ڕێگە لە دووبارە کاریو ڕۆتین بگرێت.

٣- ئامادەکردنی بانکی زانیاری ڕۆژانە بۆ سوودوەرگرتنی باشتر لێی.

٤- سوودوەرگرتن لە سیستەمەکانی ئاگادارکردنەوەی مەترسی، هەرچەندە کە تێچوونی زۆری پێویست بێت.

٥- جیاکردنەوەو دیاریکردنی ئەرکی هەموو یەکە فریاگوزارییەکانو ئەنجامدانی ئەزموونی تاقیکردنەوەو خولی فراوانو ساڵانە.

٦- پاراستنی ئاسایشی هەموو سەرچاوەو دەمارە گرنگەکانی ژیان وەك ئاو، کارەبا، سووتەمەنی، ڕێگاوبان، گواستنەوەو گەیاندن، فڕۆکەخانەکان، بەنداوەکان... هتد. لەبەرئەوەی لە دوای ڕوودانی قەیراندا بارودۆخی ناوچەکە شڵەژاوو ناسەقامگیرەو لە کەمترین کاتو بە خێرایی ناتوانرێت چارەسەری ئەم سەرچاوە گرنگانەی ژیان بکرێت. ئەم کارە خۆی زیانێکی زۆر بە خێرایی فریاگوزاریو کاری یارمەتیدانی گروپە پەیوەندیدارەکان دەگەیەنێت.

٧- خاڵێکی تر بیمەیە کە بە داخەوە تاوەکو ئێستا لە کوردستان جێگەی خۆی نەکردۆتەوەو پەیڕەو ناکرێتو دەبێ لە ناوچە مەترسی لە سەرەکان ئەم بیمەیە کارا بکرێتو بە هێزیش بێت لەبەرئەوەی زیانەکانی قەیران لەوانەیە زۆرو مەترسیدار بن، پێدانو قەرەبووی بەشێك لەم زیانانە خۆی هۆکارێکی گرنگو گەورەیە لە چارەسەرو بنبڕکردنی قەیراندا.

٨- ڕۆشنبیریو وریایی خەلکی خاڵێکی زۆر گرنگو هەستیارە کە ئەرکێکی گەورەی بەڕێوەبردنی قەیرانە، لەبەرئەوەی تا ئەو کاتەی هاوڵاتیان هەنگاو بۆ ئەم کارە گرنگە نەنێن، کۆششو هەوڵەکانی حکومەت بێ سوودە.

٩- ناسینو دیاریکردنی جۆرەکانی قەیران، هەڵسەنگاندنی مەترسیو ڕیزبەندی، یان لە سەربنەمای گرنگیان.

١٠- دیاریکردنی پەیوەندیو گەیاندنی تایبەت بە قەیرانەکان.

١١- دیاریکردنی ڕێگەکانی کارکردنو هەڵسوکەوت لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

١٢- پێکهێنانی گروپی بەڕێوەبردنی قەیرانو فەراهەمکردنو دیاریکردنی بەرنامەی بەڕێوەبەری قەیران.

١٣- پێشبینیو ڕێگەگرتن لە ڕوودانی قەیران.

١٤- دیاریکردنی ڕێگەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیران.

١٥- دیاریکردنی ڕێگە چارەکانو چاکسازیو باشترکردنو بەرزکردنەوەی ڕێژەی سەلامەتی.

١٦- دارشتنی پلانو بەرنامەو ڕێکخستنو هەوڵ بۆ سوودوەرگرتنی باشتر لە سەرچاوەکاندا.

سەرچاوە: www.egtesadgar.com

عەلی عەبدوڵا ئەحمەد



# دەرسی خسوسی لە نێوان (ڕۆبۆت)سازیو (زانست)سازیی لە کوردستاندا

مامۆستا فازل شەورۆ | بەشی پێنجەمو کۆتایی

لە ژمارە ٦٩ بڕیاردا گەیشتینە ئەوەی کە باس لە چەند نموونەیەکی ڕاستەقینە بکەین سەبارەت بە وانەی تایبەت:

**لە بواری زانستیدا:-** مامۆستایەکی زمانی ئینگلیزی گوتی: بانگهێشتکرام بۆ ماڵی کوڕە دەوڵەمەندێك و داوایان لێکردم کە وانە بە کوڕە خوێندکارەکەیان بڵێمەوە، کە چەند ساڵە دابڕاوەو تا پۆلی دووەمی ناوەندی خوێندووەو دەیەوێت لە ئەزموونی پۆلی دوانزەیەمی وێژەیی دەرەکی بەشداری بکات. لە ماوەی دوو مانگ وانە وتنەوە، توانیم پلەی (٧٦) ی بۆ بەدەستبێنم، بەڵام تا ئێستاش ئەو خوێندکارە نا توانێ بە ئینگلیزی ڕستەیەك بنووسێ و بڵێ: ( ماسی لە ئاودا دەژی).

**لە داڕوخاندنی ئابووری خێزاندا:-** ژنێك پێیگووتم: (هیچم نەما، دوا شت کە هەمبوو جووتە گوارەکەی گوێم بوو، ئەویشم فرۆشت بۆ مامۆستاکانی دەرسی خسوسی کچەکەم). لە بارەی تێکشکاندنی کەسایەتی خوێندکارو هەڵوەشاندنەوەی توخمەکانی ئارەزوو هیوا، خۆم بە درێژایی چەند هەفتەیەك ڕەنجم کێشا، تا توانیم (ئەو



خوێندکاره لەوه پەشیمان بکەمەوه کە ئەگەر نمره نەهێنێ، خۆی نەکوژێ).

لە بارەی شێواندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان‌و تێکدانی ڕۆحی هاونیشتمانی‌و خۆشەویستی نێوان تاك‌و خوێندنگەو خێزانەکان، نموونە زۆره، کوڕه هەژارەکان بە چاوی ڕقەوە سەیری ئەو مامۆستایانە دەکەن کە تەنیا وانەی تایبەت بە کوڕه دەوڵەمەندەکان دەڵێنەوه، ئەوان وا هەستدەکەن نمره بەرزەکان پێش‌وەخت قۆرخ کراون‌و دەستیان بەسەردا گیراوه. خوێندکاره هەژارەکان دۆستایەتی کوڕه دەوڵەمەندەکان ناکەن‌و هەمیشە زگیان بەخۆیان دەسووتێ، پەیڕەوکردنی مۆراڵی خوێندن‌و ڕێزی عیلم‌و زانست، لەبەرچاوی مرۆڤی کورد کەوتووه، چونکە نە کاری پێیەتی نەوجودیشی هەیە.

ئەمرۆ، ئامانجی وانەی تایبەت، لە کوردستاندا سەد دەر سەد پێچەوانەی ئامانجەکانی خوێندکاری ڕۆژئاواو وڵاتە پشکەوتووەکانە. ڕۆژ بەڕۆژ زێتر پەرەدەسێنێ‌و غلۆره بە ئاستی زانستی دەکات، پەروەردەکارەکانمان دەرك بەوە دەکەن کە ئاستی خوێندنی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە هی ئێستا بەرزتر بووه، وڵاتانی پێشکەوتوش زۆر لە پێش ئێمەدان، سەرەڕای ئەوهەموو ئیمکانیات‌و کەرەستەو ئاسانکاری تەکنەلۆژیا کە زۆرو کەم هاتوونەتە ناو پەروردەو خوێندنی ئێمە.. کەواتە دروستە گەر بڵێم وانەی تایبەت‌و خوێندن لە کوردستان بۆتە ڕۆبۆتسازی نەك زانستسازی، ئەوەی کە گەواهی ئەم بۆچوونەم دەدا، ئەوەیە کە زۆر بەی هەره زۆری ئەو کەسانەی هانا بۆ وانەی تایبەت دەبەن، خوێندکارانی پۆلی دوازده بە پلەی یەك‌و خوێندکارانی پۆلی نۆ بە پلەی دووەم، ڕیشم لەم کارەدا سپی کرد، نەمدی، یان نەم بیست کە خوێندکارێکی زانکۆ ڕۆژێك وانەی تایبەتی وەرگرتبێ، گومانیش نییە هەر دەرس‌و بابەتی زانکۆ لە هی قۆناغی ئامادەیی زەحمەتتره.. زۆرکەم هەیە بۆ منداڵانی قۆناغی چوارەم، یان شەشەم، یان حەوتەمی بنەڕەتی مامۆستا بگیرێت. لێرەشدا، دەبێ، بۆ خودا ئەو حەقە بڵێم: مامۆستا هەیە دڵسوزانە دەرسەکە دەڵێتەوەو پارسەنگی لایەنی زانستی‌و نمرەشی ڕاگرتووه، بەڵام ژمارەیان زۆر کەمترە لە لەشکره مامۆستا بازرگانەکان.

مامۆستا بازرگانەکان، بە پێوەری بازاڕ مامەڵە لەگەڵ خوێندکارەکانیان دەکەن.. نرخی فەردەی شەکر بەوەندەیە، نیوفەرده بەوەندەیە، کیلۆی بەوەندەیە.. هیندێ لە مامۆستاکانی وانەی تایبەت دەڵێن: نمرەی بەرز بە چوار، یان پێنج ملیۆن دیناره، پێداچونەوەی بەرگ بۆ بەرگ ملیۆن‌و نیوه، هەردەرچوون بێ نمره ٧٠٠ هەزاره، بۆ پێداچونەوەیەکی پێش ئەزموونیش نیو ملیۆن دیناره.. ئەمە نرخی ئاسایی بازاڕی شاری هەولێره لە ساڵی ٢٠١١ بە شێوەیەکی گشتی، پارەکەش بە دوو، یان سێ قیست بەسەر ماوەی وانەکاندا دابەشدەکرێت.. مامۆستای باش لە ساڵی ٢٠١٠ لە هەولێر چل تا چل‌و پێنج ملیۆن دیناری لە وانەی تایبەت دەسکەوتووه، کە ئەم بڕه پارەیە سێ هێندەی دەسکەوتی مامۆستایەکە لە ئەوروپا، بێگومان لە لای ئێمە، باج‌و گومرگ وجودی نییە. با ئاماژه بەو دیاردەیەش بکەم کە دەستم کەوتووه، هەندێك لە مامۆستاکان تەنیا وانە بەو خوێندکارانە دەڵێنەوه، کە ئاستی زیرەکیان بەرزەو نرخەکەشی پێنج ملیۆن دیناره بۆ ساڵێك

## کێ بەرپرسەو چارە چییە؟

وانەی تایبەت کارێکی ڕەوایەو قازانجی لە زەرەری زێترەو هەر بەردەوامیش دەمێنێ‌و ڕۆڵی خۆی دەگێڕی لە پرۆسەی خوێندندا، بەو مەرجەی ئامانجی وەدەستهێنانی عیلم‌و زانست‌و مەعریفەت‌و مۆڕاڵ بێت. نابێت تاوانی دابەزینی ئاستی زانستی بخەینە ئەستۆی وانەی تایبەت، بەڵکو دەبێت هۆی گەشەسەندنی وانەی تایبەت لە کوردستاندا بخەینە ئەستۆی دابەزینی ئاستی خوێندن. هۆکاری دابەزینی ئاستی خوێندن، زۆرقسەی لەسەرکراوەو من تەنیا ئەوەندە دەڵێم: ئەو توخمانەی دەستیان هەیە لە داڕوخانی ژێرخانی زانستی ئێمە، بە گوێرەی بایەخیان ئەمانەن:

١- دام‌و دەزگاکانی پەروەردەو فێرکردن، بە تایبەتی وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی خوێندنی باڵا.

٢- خوێندنگە. ٣- خوێندکار. ٤- خێزان. ٥- شەقامی کوردی‌و خەڵکی شەقام.

٦- میدیای کوردی بە هەموو جۆرەکانییەوە. ( دەرفەتم بۆ بڕەخسێ منیش بە سەرە گۆچانی خۆم هێندێ ئەم گۆمە دەشڵەقێنم، بۆیە لێرەدا درێژەی نادەمێ).

## چارەسەر چییە؟

دەرمانی ئەو دەرده ( بەرزکردنەوی ئاستی زانست‌و مۆراڵ)ە، نە بە تاکە کەسێك‌و نە بە شەوو ڕۆژێ دەکرێ، کارو پرۆگرام‌و نەخشەی شارەزایانی پەروەردەوزانایانی خاوەن ئەزموون‌وتەجروبەی ئەو وڵاتانەی وەك خۆمان بوون، ڕۆڵی کاریگەریان دەبێت، گەر بە جددی‌و دڵسوزانە ڕەنجی بۆ بدەن. ئەگەر ئەوەی داهاتوو دەست بکەن بە جێبەجێکردنی ئەو هەنگاوانەی چارەسەری ئەم کێشەیەن، ئەوا دوای پێنج ساڵی تر – بە لانی کەمەوه- ئاکامی باشی ئەم پرۆسەیە بەدیاردەکەوێ. بۆیە دەڵێم چاوپۆشین‌و خەمنەخواردن لەم دیارده ترسناکە، گەندەڵییەکە قەت هیچ شتێ لەو گەندەڵییە گەورەترو ترسناکتر نییە لە مێژوودا!!

## دواوته:

جێگای داخە کە وانەی تایبەت زۆر کەم لە پرۆگرامی خوێندنی کوردستان ئاماژەو گرنگی پێدراوه، هیچ ئامارو داتایەکی فەرمی لەبەر دەستدا نییە، بەڵام من بە باشی دەزانم کە بە هێندێ خاڵ ئاوڕێکی لێبدرێتەوه، وەك:

١- دەبێ مامۆستای وانەی تایبەت مۆڵەتی فەرمی هەبێت، نەك هەرکەس بەبێ شارەزایی خۆی بکاتە گەورەو کوێخا.

٢- نرخی وانەی تایبەت دیاری بکرێت.

٣- یاساو ڕێسایەك دابنرێ کە هەم پارێزگاری لە مافی خوێندکار بکات‌و هەم لە مافی مامۆستا.

٤- ژمارەی کاتژمێرەکانی وانەی تایبەت دیاری بکرێت، کە نابێ زیادەڕۆیی تێدا بکرێ.

٥- مامۆستای وانەی تایبەت باج بدات بە دەوڵەت.

٦-وەزارەتی پەروەرده مافی لێپێچینەوەو پشکنین‌وسەرپەرشتیکردنی ئەم چالاکییەی هەبێ، لە پێناو پاراستینی ئاستی زانست‌و هونەر.

٧- بەستنی کۆڕو سیمینارو لێکۆڵینەوەی زانستی‌و سەردەمیانە بۆ مامۆستایانی وانەی تایبەت دەربارەی کێشەو چارەسەرو میتۆده تازەکانی ئەم چالاکییە

# هەڵبژاردنی دادوەر

لە ڕۆژگارێکی کۆندا، دادوەری شارێك بڕیاری دا کە جێگرەوەیەك بۆ خۆی هەڵبژێرێت، ئەم بابەتەشی بۆ قوتابییەکانی خستە ڕوو، وتی: ئامادە بن سبەینێ دوای دانیشتنی دادگا تاقیکردنەوە ئەنجام دەدەین.

بۆ سبەی بەیانییەکەی قوتابییەکان لە دانیشتنەکەدا ئامادەبوون، دوای ئەوەی کە دادوەر سکاڵاکانی تەواوکردو دادگا چۆڵبوو، دادوەرەکە بە قوتابییەکانی گوت: ئامادەبن بۆ تاقیکردنەوەکە، پرسیارەکە بەمشێوەیە:-

کەسێك میوانی هەبوو، خزمەتکارەکەی خۆی نارد تا شیریان بۆ بکڕێت، خزمەتکارەکە شیرەکەی کڕیو کردییە ناو دەفرێکەوەو خستییە سەر سەری، لە ڕێگادا حاجی لەقلەقێك کە مارێکی گەورەی ڕاوکردبوو بە ئاسماندا دەفڕیو لە دەمی مارەکەوە چەند دڵۆپە ژەهرێك چۆڕایە ناو دەفرە شیرەکەوە، بەو شیرە خواردنیان دروستکردو میوانەکانیش خواردیانو ژەهراوی بوونو دواجار گیانیان لەدەستدا، ئێستا ئەگەر ئێوە دادوەر بن، کێ بە تاوانبار دەزانن‌و سزای تاوانبارەکە چییە؟

وەڵامەکانتان لەسەر لاپەڕەیەك بنووسن، قوتابییەکانیش بۆچوونەکانی خۆیان نووسی‌و خستیانە بەردەم دادوەرەکە.

بۆچوونی قوتابی یەکەم بەم جۆرە بوو: خزمەتکار تاوانبارە، چونکە سەری دەفرەکەی دانەپۆشیوە.

دادوەر وتی: ئەمە دادپەروەری نییە، ڕاستە کە دەبێ سەری دەفرێك داپۆشرێت کە خۆراکی تێدا بێت، بەڵام ئەم ترسە هەمیشەیی نییەو ئێمەش یاسایەکمان نییە تایبەت بە داپۆشینی دەفری خۆراك.

قوتابی دووەم نووسیبووی: هیچ کەسێك بە تاوانبار نازانم‌و چارەنووسی ئەم میوانانە بەمجۆرە بووە، لەبەرئەوە تاوانباری سەرەکی حاجی لەقلەقەکەیەو ئەویش سزا نادرێت.

دادوەر وتی: بەو جۆرە قسە بکەین‌و بڵێین چارەنووس وابووە، ئەوە بۆچوونی خەڵکی سادەیە، دادوەر دەبێ حەق‌و ناحەق دەستنیشان بکات.

قوتابی سێیەم نووسیبووی: من خاوەن ماڵەکە سزا دەدەم، ئەگەر خاوەن ماڵەکە خواردنەکەی تام دەکردو دەیچەشت، تێدەگەیشت کە خواردنەکە ژەهراوییەو ئەوانیتریش نەیاندەخوارد، چونکە لەوانەیە کەسێك ئەم خواردنەی ژەهراوی کردبێت.

دادوەروتی: خاوەن ماڵ گومانی لە کەسێك نەبوو تا ئامادەباشی خۆی بکات‌و یاسایەکی لەمجۆرەشمان نییە کە هەرکەسێك میوانی هەبوو، سەرەتا دەبێ خۆی خواردنەکە تام بکات، کەوابوو ئەم بۆچوونەش دروست نییە.

دواتر بۆچوونی قوتابی چوارەمی خوێندەوە: پێویست بە ڕوونکردنەوە دەکات.

دادوەرپرسی:- مەبەستت چییە؟

قوتابییەکە وتی: ئەم کێشەیە جێگەی پرسیارە، ئەگەر ژەهر لە دەمی مارەکەوە ڕژاوە بە جۆرێك کە خزمەتکارەکە پێی نەزانیوە، کەوابوو کێ ئەم داستانەی زانیوەو کێ ئەمەی بە دادوەر وتوە؟ بە چیدا دەزانرێ کە ڕاستی وتوە؟ من ئەم چیرۆکە بە جیا لە هەر یەکە لە شیرفرۆش‌و خزمەتکارو خاوەن ماڵ دەپرسم، ئەگەر چیرۆکی حاجی لەقلەق دروستکراوبوو، گومانم لەو کەسە دەبێت کە دروستیکردووە.

لەوانەیە شیرەکە بەسەر چووبێت‌و شیرفرۆشەکە ئەم چیرۆکەی دروستکردبێت، یان خزمەتکارەکە دوژمنایەتی لەگەڵ خاوەن ماڵەکەدا هەبێت‌و شیرەکەی ژەهراوی کردبێت‌و دواتر ئەم چیرۆکەی دروستکردبێت، لەوانەشە کەسێك ئەمەی بینیبێت‌و دواتر وتبێتی. لەگەڵ ئەمەشدا نابێ لە دادوەریدا پەلە بکرێ.

دادوەر وتی: ئافەرین بۆ تۆ ئەمە چیرۆکێك بوو، من دروستم کردبوو حەق بە تۆیە.

هەر ئەو ڕۆژە دادوەر، قوتابی چوارەمی بە ناونیشانی جێگری خۆی ناساند..

سەرچاوە/ سایت کودکان- کتابخانه نوجوان



و: هەورامان محەممەد

# سەرەتای ساتەکانی کارکردن

چاوەڕوانیی زۆرو چەندین چاوپێکەوتن‌و یەکترناسین‌و هاتووچۆ بۆ دەستکەوتنی کارێك، یەکێکە لە کارە سەخت‌و دژوارەکان، مرۆڤ وابیر دەکاتەوە کاتێك بووە خاوەنکارێك، هەموو ناخۆشییەکان کۆتاییان پێدێت، بە تایبەتی ئەگەر مرۆڤ ئەو کارەی کە دەستی دەکەوێت لەگەڵ خولیاو ئاوات‌و پسپۆڕییەکەیدا گونجاو بێت‌و بە پەرۆش بێت بۆ دەستکەوتنی ئەو جۆرە کارە، بێگومان ئەو مرۆڤە واهەست دەکات کە هیچ کەسێك لەو خۆشحاڵتر نییە.

باشە پاش وەرگرتنی ئەم هەواڵە، واتە دەستکەوتنی کارێکی گونجاو، هیچ بیرت لەوە کردووەتەوە کە ئایا تۆ ئامەدەبیت لەگەڵ کەسانێك کە هەرگیز نەتبینیون‌و نەتناسیون لە هەمان ژینگەدا کاربکەن‌و هاوکاری یەکتر بکەن؟

ڕاستییەك هەیە کە زۆربەی مرۆڤەکان دەڵێن: تەنها کارێکم دەستبکەوێت ئەوی تری گرنك نییە، هەرچەندە دەستپێکردن بە کارێکی تازە مانای سەردەمێکی تازەیە، خۆگونجاندن لەگەڵ شتێکی تازە ماوەیەکی دەوێت، بۆ تێپەڕاندنی ئەم ماوەیە بە ئاسانی، چەند خاڵێك پێشکەشی ئێوەی خوێنەری ئازیز دەکەین:

١- چاودێرێکی باش بن:- لە شوێنی کارە نوێیەکەت یەکەم ڕۆژی کارەکەت بە چاودێریکردن ببەرە سەر، بە وردی چاودێری هەڵسوکەوتی کارمەندەکان‌و ژینگەی کارەکەت‌و شێوازی کارکردنەکەت بکە، هاوڕێیانی کارەکەت لە چ بابەتێکداو لە کێ داوای یارمەتی دەکەن، سەردانی کێ دەکەن، یارمەتی لە کێ وەردەگرن؟

٢- دەستبەجێ سەرقاڵی گۆڕانکاری مەبە:- خۆت تەرخان بکە تەنها بۆ ئەو کارەی کە ئەنجامی دەدەیت‌و هەوڵی فێربوونی بدە، لە ڕۆژی یەکەمی کارەکەت ئەگەر کێشەیەکت بۆ هاتەپێش دەستبەجێ بە بەڕێوەبەرەکەتی ڕامەگەیەنە، چونکە لەوانەیە کاردانەوەی پێچەوانەی هەبێت، لەبیرت نەچێت کە بەڕێوەبەرەکەت تازە تۆی ناسیوە، لەوانەیە بەهەڵە لە تۆ تێبگات‌و بە جۆرێکی دیکە خوێندنەوەت بۆ بکات.

٣- ڕۆحی گروپ:- لە ژیانی کارکردنداو بەتایبەتی کە لە شوێنێکی تازە دەستبەکاردەبیت، (بەتایبەتی تر لە مانگی یەکەمدا)، هەڵوێستی هاوڕێیانی کارەکەت بەرامبەر بە تۆ بە ئەندازەی هەڵوێستی خاوەنکارەکەت گرنگی هەیە، چونکە خاوەن کارەکەت (بەڕێوەبەرەکەت) بۆ هەڵسەنگاندنی تۆ ڕاوێژ بە هاوڕێکانت دەکات. بۆیە پێویستە گرنگی بەوە بدەن کە لەگەڵ هاوڕێی کارەکەت گونجاو بێت. بارگرانی کارەکان ئاسان بکەرەوەو لە کاتی بەپەلەدا بڵێ: (من ئەو کارە دەکەم، تۆ خەمت نەبێ)، ئەو گفتوگۆیانەی کە بەم شێوە ڕستانە دەست پێدەکات، کاریگەری زۆر باشی بۆت دەبێت.

٤- لە کاتی ڕوودانی کێشەو گرفتدا، ڕاوێژ بکە:- هەر کاتێك ناڕەحەتییەك لە کارەکەت هاتەپێش، شەرم مەکە لە وتنی بە هاوڕێکانی کارەکەت، ئەگەر تۆ بە شێوەیەکی جوان‌و بەڕێزەوە کێشەکەت پێ ڕاگەیاندن، ئەوان لە یارمەتیدانی تۆ کەمتەرخەم نابن، هەروەها لەم کاتانەدا واتە لە کاتی تەنگانەو لە کاتی ڕاوێژکردندا هەڵوێستی کەسانی چواردەورت بۆ دەردەکەوێت، لەو کاتانەدا دەزانیت لەگەڵ کێ پەیوەندی پتەو ببەستی.

٥- بۆچونە ڕۆشنەکانت بۆ دوایی هەڵگرە:- لە ڕۆژانی یەکەمت لە شوێنی کارکردندا لە بابەتە گرنگەکاندا بۆچوونی گرنگ ئاشکرا مەکە، ئەو بۆچونانەت هەڵگرە بۆ ڕۆژانی دوایی، چونکە تۆ بیروبۆچونی هاوڕێکانی کارەکەت نازانی، تۆ نازانی ئەوان خاوەنی چ بیرو باوەڕێکن، ئەو بۆچونانە لە ڕۆژانی دواتر سودی لێوەردەگریت.

سەرچاوە: http://www.akilvezeka.com.tr



دڵپاک ئەبوبەکر

# سپیکردنەوەی دراو



وەهاب حەسیب محەممەد

**مەبەست لە سپیکردنەوەی دراو چییە؟**

سپیکردنەوەی دراو «Money laundering» دیاردەیەکی کۆنە، لەو کاتەوە گەشەیکردووە کە ئادەمیزاد پێویستی بە شاردنەوەی ئەو پارانە بووە کە بەشێوەیەکی نایاسایی بەدەستهێناوە، وەك:- دزیکردن، ساختەکردن، بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر، یان ئەو سەرمایانەی کە لە ڕێگای چەتەو ڕێگرییەوە کەڵەکە دەکرێنو... هتد.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆداو لەگەڵ زۆربوونی تاوانی ڕێکخراودا، سپیکردنەوەی دراویش پەرەی سەندووە، بەشێوەیەکی تایبەت لە ڕێگای بازرگانیکردن بە ئینتەرنێتو بڵاوبوونەوەی ناوەندەکانی ئوفشۆر (ناوەندگەلێکی ئاڵوگۆڕی دراون ناخرێنە ژێر چاودێری یاسا نەتەوەییەکانەوە)، سەرچاوەکانی ئەم تاوانە ڕێکخراوانە، بۆ شاردنەوەی ئەو پارانەیە کە بەشێوەیەکی نایاسایی بەدەستهێنراون، شێوازی بەتواناو لێزانانە بەکاردەهێنن لە سپیکردنەوەی پارەکاندا. بەشێوەیەك گەڕان بەشوێن سەرچاوەی ئەو دراوانەدا کارێکی ئاستەمە.

**پێناسەی سپیکردنەوەی دراو:** یەکێکە لە تاوانە ئابوورییەکان، ئامانجی ڕووپۆشکردنی یاسایی ئەو کردارانەیە کە لە بەدەستهێنانو کۆکردنەوەو بەڕێوەبردنو وەبەرهێنانو هەڵگرتنو ئاڵوگۆڕکردنو گواستنەوەی دراودا بەکاردێت. وەك:- چاندنی ڕووەکی هۆشبەر، کڕینو فرۆشتنو بازرگانیکردن بە مادەی هۆشبەرەوە، هەروەها دزیو بازرگانیکردن بە شوێنەوارە دێرینەکانو بازرگانیکردن بە کۆیلەی سپیو دەستبەسەراگرتنو فڕاندنی هۆکارەکانی گواستنەوەو... هتد.

**لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا سپیکردنەوەی دراو دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار:-**

**١- گەشەکردنی ناوەندەکانی دارایی لە ناوچەکانی (ئۆفشۆر):** کە هەندێجار بە "بەهەشتی ئۆفشۆر" ناودەبرێت، ناوچەی ئۆفشۆر بریتییە لە:- ناوەندگەلێکی دارایی، زۆربەی کات ئەم ناوەندانە ناکەونە ژێر کۆتو بەندی یاسا نیشتمانییەکانەوە، یان داهاتەکانیان باج نایانگرێتەوە، بوونی ناوەندگەلێکی لەم جۆرە، هەلێکی زێڕینە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت لەدانی باج خۆیان بدزنەوە، لە دۆخێکی وەهادا دراو لە گشت لایەکەوە ڕوودەکاتە ئەو ناوەندانە، بێئەوەی

لەسەرچاوەکەی بپرسرێتەوە، زۆرێك لەم ناوەندانە بەشێوەیەك کاردەکەن، کارەکانیان نزیکە لە سندوقی ڕەشەوە "Black box"، چونکە تاوانکاران دەپارێزن لە شاردنەوەی سەرچاوەی دارایەکانیان.

٢- پێشکەوتنی سیستەمی ئاڵوگۆڕی ئەلیکترۆنی لە بواری دراودا: هۆکارەکەی ئەو شۆڕشەیە لە بواری گەیاندن لەسەرئاستی جیهاندا دروستبووە، هەروەها بەکارهێنانی تۆڕی کۆمپیوتەر، کە هەموو ناوەندەکانی دارایی‌و دراوی لە جیهاندا پێکەوە گرێداوە، بەشێوەیەك گواستنەوەی پارە لە شەوو ڕۆژداو بەبەردەوامی‌و لەوپەڕی ئاڵۆزیدا کارێکە دۆزینەوەی سەرەداوەکانی کردووە بە کارێکی مەحاڵ.

ئامانجی سپیکردنەوەی دراو، شاردنەوەی سەرچاوە بنەڕەتییەکانی پارەیەو گەڕانە بەشوێن ڕووپۆشێکی یاسایی بۆ ئەو دراوانەی بەشێوەی نایاسایی بەدەستهاتوون، لە ناوەرۆکدا کرداری سپیکردنەوەی دراو فێڵێکە لە دەسەڵاتە جیاوازەکان دەکرێت (دەسەڵاتی حکومەت، یاسا.. هتد)، دەربارەی سەرچاوەکانی پارە.

سپیکردنەوەی پارە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، تەنها ئەو بڕە پارانە ناگرێتەوە کە بەشێوەیەکی نایاسایی بەدەستدەهێنرێن، بەڵکو ئەو دراوە یاساییانەش دەگرێتەوە کە خاوەنەکانیان دەیانەوێت لە باجدان بیاندزنەوە، بە هۆی ئازادبوونی ئەو پارەیە لە نەچوونە ژێر هەندێ سیستەمی یاساییەوە وەك:- یاسای چاودێری لەسەر خەرجکردنی دراوی بێگانە، یاسایی باج لەسەر داهات‌و یاسای خزمەتگوزارییە گومرگییەکان (ئەو خزمەتگوزارییانەی حکومەت بەرامبەرهاوردەکردنی کاڵای بێگانە لە بواری گومرگدا وەریدەگرێت) خاوەن دراوەکە هەوڵدەدات جارێکی تر سروشتی دراوەکە بەشێوەیەکی تر بناسێنێت.

## قۆناغەکانی سپیکردنەوەی دراو:-

سپیکردنەوەی پارە بە سێ قۆناغە:-

١- قۆناغی بە گەڕخستنی پارە:- لەم قۆناغەدا بەمەبەستی خۆڕزگارکردن لەو بڕە پارە زۆرە، هەوڵدەدرێت ئەو بڕە دراوە نایاساییە بەشێوەیەك لە شێوەکان وەگەڕبخرێت، وەك: دانانی دراوەکەو وەگەڕخستنی لە یەکێك لە بانکەکاندا، یان لە یەکێك لە دامەزراوە داراییەکاندا، گۆڕینەوەی بڕە دراوەکە بە دراوی بێگانە، یاخود خەرجکردنی لە کڕینی ئۆتۆمبێل‌و یەختی گرانبەهاداو وەگەڕخستنی لە بواری بیناسازی"عەقارات"دا، ئەم قۆناغە بۆ ئەو کەسانەی کاری سپیکردنەوەی دراوەکە دەکەن گرانترین قۆناغە، چونکە ئەگەری ئاشکراکردنی زۆرە، بە تایبەت لەم قۆناغەدا دراوەکە پێکدێت لە گوژمەیەکی نەختینەی زۆر.

٢- قۆناغی کۆکردنەوە، یان شاردنەوە:- پاش ئەوەی دراوەکە لە بانکەکاندا ڕێگای یاسایی پێ دەگیرێتەبەر، لە هەنگاوی داهاتوویدا خاوەنی دراوەکە (سپیکەرەوەی پارەکە)، لە ڕێگای کۆمەڵێك کرداری ئاڵۆزی بانکییەوە هەڵدەستێت بە دابەشکردنی پارەکە، لەم هەنگاوەدا خاوەنی پارەکە شێوازی یاسایی بانکی ڕەچاو دەکات لە کارەکانیدا، تا گەڕان‌و هەنگاو هەڵگرتن بە شوێن سەرچاوەی دراوەکەدا کارێکی قورس بێت، گرنگترین هۆکار لەم قۆناغەدا بریتییە لە گواستنەوەی دراوەکە لە بانکێکەوە بۆ بانکێکی تر، یان ئاڵوگۆڕی دراوەکە لە ڕێگای ئیلکترۆنییەوە.

گەڕان‌و شوێن هەڵگرتنی دراوەکە قورستر دەبێت، کاتێك پارەکە ڕادەستی ئەو بانکانە بکرێن کە نهێنی پارێزی زۆر دەکەن لەو پارانەی لە وڵاتانی ترەوە ڕادەستیان دەکرێت، ئەو بانکانە بە (پەناگای ئارام، پەناگەی ئارامی بانکی) ناودەبرێن، ئەم پەناگانە بەوە ناسراون کە یاساکانیان کارئاسانی زۆر دەکەن‌و هۆکاری گواستنەوەی باشیان لە بەردەستدایە وەك کەشتی‌و فڕۆکە، هەروەها زۆر بە ئاسانی توانای دروستکردنی کۆمپانیایان هەیە.

٣- قۆناغی پێکەوە بەستن: ئەم قۆناغە کۆتا هەنگاوە لە سپیکردنەوەی پارەکەدا، "بە قۆناغی وشکردنەوە ناودەبرێت" لەم قۆناغەدا پارە سپیکراوەکە گرێ دەدەرێت بە سوڕێکی ئابووری‌و سیستەمی بانکییەوە، تا وەك دەستکەوت، یان داهاتی گرێبەستی بازرگانی دەربکەوێت، نموونەی ئەمکارانە: کۆمپانیاو قەرزی خەیاڵی‌و...هتد. کاتێك پارەکە دەگاتە ئەم قۆناغە ئەستەمە جیاکاری بکرێت لە نێوان پارە نایاساییەکەو دراوێکی یاسایدا، تەنها لە میانەی گەڕان‌و کۆکردنەوەی هەواڵ لە نێوان هەواڵگرو چەتەکانی سپیکردنەوەی دراودا بە مەبەستی گەڕان‌و پشکنین دەتوانرێت کارێك بکرێت.

## ڕێگاکانی سپیکردنەوەی پارە:-

سپیکردنەوەی پارە دابەشدەبێت بۆ دوو جۆر:-

١- سپیکردنەوەی دراو لە ڕێگەی وەگەڕخستنی ئەو بڕە پارانەی کە بە شێوەیەکی نایاسایی پەیداکراون وەك:- "فرۆشتنی چەك، لەشفرۆشی‌و ماددەهۆشبەرەکان‌و... هتد" لە بوارو کەناڵەیاساییەکانەوە بە مەبەستی شاردنەوەی سەرچاوەی ڕاستەقینەی ئەو پارانە.

٢- سپیکردنەوەی پارە بەشێوەیەکی پێچەوانە، لەم شێوازەدا بنەمای بڕەدراوەکە یاساییە، واتە سەرچاوەی دراوەکە یاساغ نییە، بەڵام خەرجکردنی یاساغە، وەك خەرجکردنی پارە لە بواری کڕینی چەك (ئەو چەکانەی کە یاسا نێو نەتەوەییەکان یاساغیان کردووە).

## دیارترین شوێنەواری کاریگەرلە ئەنجامی سپیکردنەوەی دراولە بواری ڕامیاری، ئابووری‌و کۆمەڵایەتی بریتییە لە:-

١- کەمبوونەوەی داهاتی نەتەوەیی‌و بەهەدەردانی ئابووری نەتەوەیی، کە لە بەرژەوەندی ئابووری دەرەکی تەواو دەبێت.

٢- زۆربوونی گوژمەی نەختینەی ناوخۆیی، بەشێوەیەك لەگەڵ زۆربونی بەرهەم‌و خزمەتگوزارییەکاندا ناگونجێت.

٣- خۆشاردنەوە لە دانی باجی ڕاستەوخۆ، دواتر کێشە بۆ گەنجینەی دەوڵەت دروستدەکات لە داهات‌و خەرجی گشتی.

٤- کڕینی (گۆێرایەڵی‌وخۆشەویستی) پیاوانی پۆلیس‌و دادگا کە هۆکاری لاوازی پێکهاتەی دەزگاکانی دەوڵەتەو ئەنجامەکەی بریتییە لە بڵاوبوونەوەی مەترسی ئەو کۆمەڵانەی تاوانی ڕێکخراو ئەنجام دەدەن. دواتر ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات (ئەمەت لە کوێ هێنا)؟

١- داڕووخانی بەهای دراوی نیشتمانی‌و ناشیرین بوونی وێنەی بازاڕی دارایی ( بازاڕی دارایی نەتەوەیی).

٢- بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵئاوسانی ئەو کاڵاو شمەکانەی خراونەتە ڕوو، لەلایەنە ئەو چین‌وتوێژانەی کە ئارەزووی بەکارهێنان بەشێوەیەکی نالۆژیکی‌و هەڕەمەکییانە زیادیکردووە.

٣- دابەزینی ڕێژەی پاشەکەوت، بەهۆی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی، نەدانی باج‌و کەمتوانایی دەزگای بەڕێوەبردن‌و گەندەڵبوونی.

٤- تێکچونی بواری ڕکابەری‌و گەندەڵبوونی کەشی وەبەرهێنان.

# گەشەپێدان


30





26





32





23





20




# متمانە بەخۆبوون، تێکشکاندنی بەربەستەکانە

زاناعبدالرحمن

متمانەبەخۆبوون بناغەی سەرکەوتنی تاکە بەسەر بەربەستەکاندا، هەربۆیە کەسانی سەرکەوتوو بەردەوام متمانەی تەواویان بەخۆیان هەیە، ئەگەر دەتەوێت تۆش لەو کەسانە بیت، پێویستە بەردەوام متمانەت بە خۆت هەبێت، بەردەوام لە هەوڵدا بیتو هەرگیز شکست نەهێنیت، چونکە شکست:- واتە لە دەستانی ئەو ئیرادە بەهێزەی کەهەتە، ئەگەر سەرکەوتوو نەبوویت لە متمانەبەخۆبووندا، مەهێڵە ئەو ئیرادە بەهێزەت نەمێنێت، چەند جارێکی دیکە هەوڵبدەرەوە، ئەگەر ئەو جارەش سەرکەوتوو نەبوویت، پێویستە چەند جارێکی دیکە هەوڵبدەیت، تادەبیتە کەسێك کە بەمتمانە بەخۆبوونەکەت ئیرادەیەکی وەهات دروستکردووە کە هەموو دیوارێك، یان بەربەستێکی پۆڵاین تێکدەشکێنێت.

ئەگەر دەتەوێت بزانی تۆش وەك ئەو کەسانە وایت کە متمانەیان بە خۆیان هەیەو بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە جۆشو خرۆشییەکی بێ ئەندازە بەربەستەکان تێکدەشکێنن، دەبێت ئەم خاڵانەت تێدا بەرجەستە بێت، ئەگەرنا، ئەوا پێویستە هەوڵبدەیت بۆئەوەی بەرجەستەی بکەیت.

* کاتێك قسە دەکەیت، پێویستە بەوپەڕی متمانەوە قسە بکەیتو هەرگیز لە قسەی خۆت پەشیمان نەبیتەوە، تەنها کاتێك نەبێت کە بە تەواوی بزانی ئەو قسەیەی کردووتە هەڵە بووەو سود لە هەڵەکەت وەربگریت، لەگەڵ ئەوەشدا لە کاتی قسەکردندا، پێویستە وا هەست بکەی ئەوانەی گوێیان لە قسەکانی تۆیە سوودی تەواولە قسەکانت وەردەگرن.

* تۆ کە متمانەت بە خۆت هەیە پێویستە بەردەوام مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکەیت کە متمانەیان پێت هەیەو ڕێزلە بیروبۆچوونەکانت دەگرن، چونکە ئەگەر مامەڵە لەگەڵ کەسانی تردا بکەیت، لەوانەیە توشی شکستت بکەنو چۆکت پێدا بدەن.

* کاتێك کارێك ئەنجام دەدەیت، بەوپەڕی دڵسۆزیو متمانەی تەواوەوە ئەو کارە ئەنجام بدە، چونکە دەبێتە یارمەتیدەر بۆت.

پێویستە متمانەبەخۆبوون لەناو تاکەکانی خێزانیشدا هەبێت، چونکە ئەگەر خێزانێك لەناو یەکدا متمانەیان بە خۆیان نەبوو، ئەوا شیرازەی ئەو خێزانە تێکدەچێت.

بیرمەندی ناسراو (بایرۆن) قسەیەکی جوانی هەیەو دەڵێت: (متمانەبەخۆبوون بریتیە لە بیروباوەڕبەخۆبوون).

یەکێك لەو شتانەی کەوا لە ئێمە دەکات متمانەمان بەخۆمان نەبێت، [بەربەچدانەوەیە]واتە:- کەسێك بیەوێت بابەتێك بنوسێت، یان شیعرێك، یان قسەیەک بکات، لەوە دەترسێت کە ئەو شتەی ئەو دەینوسێت هیچ سودێکی بۆ دەوروبەر نەبێت، بۆیە ئەو هەستەی کە لە مێشکی دایە بۆتە هێزێك کە لێی دەبێتە ڕێگر، وای لێدەکات دەست لەو کارەی کە خەونو خولیایەتی هەڵبگرێت.

پێویستە بزانین چۆن متمانەمان بەخۆمان هەبێت:-

* پێویستە خۆت بناسێنیت بەدەوروبەر، بەشێوەیەك کە متمانەی تەواویان پێت هەبێت.

* خۆت مەبەستە بەخاڵێکەوە، واتە خۆت بە یەك کارەوە سەرقاڵ مەکە، بەڵکو بە چەندەها کار خۆت سەرقاڵ بکە.

* هەندێجار پشت بەهاوڕێکانت ببەستە، بەڵام هەموو هاوڕێیەکت نا، تەنها ئەو هاوڕێیانەی کە متمانەیان پێت هەیە.

* خاڵە بەهێزەکانی خۆت دیاری بکەو لەسەریان بەردەوامبە.

* بەردەوام سەرزەنشتی خۆت بکە، چاوت دامەخە لە هەڵەکانی ڕابردووت، هەوڵبدە ڕاستیان بکەیتەوە.

* ئامانجێك بۆ خۆت دیاری بکەو لەسەری بڕۆ.

من ئێستا لە تۆ دەپرسم ئایا تۆ متمانەت بەخۆت هەیە؟ ئەگەر متمانەت بەخۆت هەیە، ئەوا دڵنیات دەکەمەوە، کەوا تۆ کەسێکی سەرکەوتوویت لە ژیاندا، هەوڵی زیاتر بدە.

بەڵام ئەگەرمتمانەت بەخۆت نییە، ئەوا هەرلە ئێستاوە بە هەڵەکانی ڕابردووتدا بچۆرەوە، کەوایان کردووە تۆ متمانەت بەخۆت نەمێنێت، سەیری ئەدیسۆن بکە نۆسەدو نەوەدو نۆ جار هەوڵیدا، سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی متمانەی بەخۆی هەبوو توانی شتێکی وابکات کە هەتا ژیان لەسەر زەویدا بێت، ناوی ئەو پیاوە بهێنرێت کە گڵۆپی دروستکرد.

لەکۆتاییدا دەڵێم کەسانی بەختەوەرو سەرکەوتوو، ئەو کەسانە نین کە سەروەتو سامانیان هەیە، بەڵکو ئەو کەسانەن کە متمانەی تەواویان بە خۆیان هەیە.



# زمانی جەستە ئاماژە جیهانییەکان

لە دیارترین ئاماژە جیهانییەکان کە لە هەموو جیهاندا یەك مانا دەگەیەنێت، بریتییە لە ئاماژەکانی پۆلیسی هاتوچۆ، کە هەموو ئەو شۆفێرانەی مۆڵەتی شۆفێریان هەیە لەو ئاماژانە تێدەگەن.

- نمونەیەکی تر لە ئاماژە جیهانییەکان، کارمەندانی ڕێکخەری (هێڵی فڕین)، ئەوانەی ئاماژە بۆ فڕۆکە دەکەن، تاکو لە هێڵی خۆیان بووەستن.

- ئەو ئاماژە جیهانییانەی بۆ کەسانی (نابیستن) دانراوە، کە ڕەنگە لە هەندێك لە بەرنامەی تەلەفزیۆنیدا بەرچاومان کەوتبێت.

یەکەم: ئاماژە پۆزەتیڤەکان:

١- ماچ هەڵدان:

کاتێك کەسێك دەستی خۆی ماچ دەکاتو پاشان فووی پێدا دەکات بە ئاڕاستەی کەسێك، (جا کەسەکە منداڵ بێت، یاخود هاوبەشی ژیانی)، دەرخەرێکی ئاشکرایە بۆ هەستی خۆشەویستیو سۆز، بەرامبەر ئەو کەسانە.

هەروەها دەست ماچکردنی لە کاتی بەخێرهاتنو ماڵاواییدا، ئاماژەیەکی دیارە بۆ دەربڕینی ڕێزو گەورەییو خۆشەویستی، کە زیاتر بەرامبەر کەسە بە تەمەنەکان، پێشەواو سەرۆکەکانو کەسە بەناوبانگەکان لە یاریزانو هونەرمەندان دەکرێت.

٢- سڵاوکردنی فەرمی:

سڵاوکردنی دیدەوانییەکانو سەربازەکان جا بە تەپپەوە بێت، یاخود نا، بە چەکەوە بێت، یاخود شمشێر، ئاماژەیە بۆ دەربڕینی ڕێزو پێزانین.

گەرچی شێوازی سڵاوکردن لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر دەگۆڕێت، بەڵام هەندێك یاسا هەن کە جێگیرو نەگۆڕن، بۆ نمونە لە پرسە فەرمیو بۆنە تایبەتمەندەکاندا بۆ کوژراوانی جەنگ، یان لە کاتی سڵاوکردنی گەل بەرامبەر سەرۆکەکایان، یاخود بە پێچەوانەوە، یاخود بەرپرسانی وڵاتو ئەوانەی پەیوەندی دیبلۆماسیان هەیە لەگەڵ وڵاتانی تردا.

٣- ئاماژە کردن بە ڕێککەوتنو ڕازیبوون:

بەرزکردنەوەی پەنجە گەورە بۆ سەرەوەو چەماندنەوەی پەنجەکانی تر بۆ ناوەوە، بە یەکێك لە ئاماژە دیارەکانی ڕازیبوونو ڕێککەوتن دادەنرێت، ئەم ئاماژەیە پۆزەتیڤە لە زۆرێك لە وڵاتاندا، بەڵام لە وڵاتانی وەك ئوستورالیاو یۆنان بە مانای نەفرین کردن دێت.

لە (بەنگلادیش) ئاماژەیەکی نەگونجاوو نەشیاوە لە ڕووی ڕەوشتەوە، دەکرێت سەرلەقاندن بۆ دواوەو پێشەوە بەکاربهێنرێت لە زۆربەی وڵاتاندا کە مانای ڕێککەوتن دەگەیەنێت، یان لەقاندنی سەر بەلای ڕاستو چەپدا، کە لە کیشوەری هندو ناوچەکانی دراوسێ دەبینرێت.

بەشی چواردەیەم



به سپۆنسەری
CHILCHAMA

# خەمۆکیو پەستانی دەرونی (stress)

ژیان پڕە لە پەستانە دەروونییەکان، هیچ کەس نییە ڕووبەڕووی ئەو پەستانانە نەبێتەوە، پەستانی دەرونیی لە خودی خۆیدا شتێکی خراپ نییە، بەڵکو ئەو ڕێگایانەی ڕووبەڕووی ئەو پەستانانە دەیگرینە بەر، ڕەنگە خراپ بێت!

- خەڵکان جیاوازن لە وەڵامدانەوەیان بۆ ناڕەحەتیو پەستانە دەرونییەکان، هەیانە لە ئامادەباشیدایە بۆ ڕووبەڕووبونەوەو زاڵدەبێت بەسەر ئەو بارەی تیایدایە. هەشیانە دەستەوەستان دانیشتووەو توڕەیە لەو بارودۆخەی کە تیایدایەو بە بچوکترین شت ئەژنۆی دەشکێ!

- ئەو کەسانەی ڕووبەڕووی پەستانێکی دەروونی بەهێز دەبنەوە، دەناڵێنن بە دەست ئازاری پشتەسەریانو ئازاری ماسولکەکانی ملوپشت، چێژی خەوێکی ئارام لە دەستدەدەن، یاخود هەیانە دەناڵێنێ بە دەست دڵەکوتێ، سکچون، یان قەبزییەوە.

- دەرونناسان دەڵێن: زۆربەی خەمۆکیو پەستانە دەرونییەکان هۆکاریان نەبوونی ڕەزامەندییە بەو بەشەی خودا پێی بەخشیوین، ڕەنگە ئەوە بەدەست نەهێنین کە دەمانەوێ، تەنانەت ئەگەر بە دەستیشی بهێنین ڕەنگە ئەو ڕەزامەندییەمان پێنەبەخشێ کە ئاواتمان بوو، لەبەرئەوەی ئەو وێنەیەی بۆمان کێشابوو، پێش بەدەستهێنان زۆر گەورەتر بوو لە ڕاستەقینە، یان تەنانەت دوای بەدەستهێنانی نیعمەتەکەش هەرلە نیگەرانیوترسولەرزدا دەبین، نەوەك لە دەستمان بچێ! بۆیە لە نزاکانی سەروەرمان (درودی خوای لێبێت)دا هاتووە:

(خودایە پەنات پێدەگرم لەوەی نیعمەتەکانت لە دەست بدەم، ئەو تەندروستیو سەلامەتییەی پێت بەخشیوم لێم جودا ببێتەوە، یان بەڵاو موسیبەتم بەسەردا ببارێنیتو بمخەیتە بەر خەشمو قینی زاتی خۆت).

- خەمخواردن جەستە دەپوکێنێتەوەو مرۆڤ پیر دەکات، یەعقوبی نەبی بە هۆی لە دەستدانی یوسفی کوڕییەوە چاوەکانی لەدەستدا، کاتێك عائیشەی دایکمان بوختانیان بۆ هەڵبەست دەیفەرموو: (وامدەزانی خەفەت جگەری توێ توێ کردووم)!

### چۆن ڕووبەڕووی پەستانی دەروونیی ببینەوە؟

گومانی تێدانییە باشترین چارەسەری خەمو خەفەت بریتییە لە:- ڕەزامەندبوون بە قەدەری خوداو ئارامگرتن لەسەر تاقیکردنەوەکان، چاوەڕێکردنی پاداشت لە خودا، بێگومان دەربازبوون هەر چاوەڕێتە، بە پێچەوانەشەوە ئەوانەی توڕەو ناڕەزامەندن هەرگیز چێژی خۆشی ناکەنو هەموو ژیانیان شەوەزەنگێکە تاریکتر لە قەترانی ڕەش.

بەڵام ڕەزامەندبوون بەخششێکی ڕۆحی گەورەیەو تەنها ئەو کەسانە پێیدەگەن کە بڕوایەکی تۆکمەو بەهێزیان بەخودا هەیەو دڵیان پێوەی وابەستەیە..

بڕوادار لە خۆی ڕازییە، لە خوداکەی ڕازییە، لەبەرئەوەی دڵنیایە لە بەرزیو بڵندی خوداکەیو دڵئارامە بە دادپەروەرییو میهرەبانییەکەی، چاك دەزانێ هەر ڕووداوێکی بۆ بێتە پێش، ئەوا ویستی خودای لەسەرە، ئەم فەرمایشتەی پەروەردگاری بەسە بیخوێنێتەوە:

(ما أصاب من مصيبه الا باذن الله ومن يؤمن بالله يهد قلبه والله بكل شيء عليم) التغابن ٤١.

بڕوادار تەواو دڵنیایە ئەوەی خودا بۆی هەڵدەبژێرێت باشترە لەوەی خۆی دەیەوێت، بۆیە چاوەکانیشی دەبڕێتە ئاسمانولە ناخی دڵییەوە دەڵێت:

(بيدك الخير انك على كل شيء قدير) ال عمران ٢٦.

فەرموودەی پەیامبەرەکەی بیردەکەوێتەوە (ڕازیبە بەوەی خودا پێیبەخشیویت، دەبیتە دەوڵەمەندترین کەس).

- هەرچەندە ببیتە خاوەنی ماڵو مەسکەنو لەسەرووی خەڵکییەوە دابنیشیت، ئەوا هەرگیز ناگاتە ئەو ئارامیو ئاسوودەییەی کاتێك بە دڵە بچۆلەکەتو ڕوودەکەیتە خودای گەورە، یان تەوێڵت دەخەیتە سەرزەوی لە خزمەتیدا، یان گوێبیستی وتە بەرزو پیرۆزەکانی دەبیت!

بەڵێ.. ئەمە ئەو شیفا بەخشەیە کە دەواو دەرمان لە ئاستیدا شەرمەندەن.

- ئەمە شتێکی تیۆری نییەوتەنها مسوڵمانان باسی لێوە بکەن، بەڵکو گەلێك لە زانایانوپزیشکانی ڕۆژئاوا دانیان بەم ڕاستییەدا ناوە... بەڵکو لە ئەمریکا سەنتەری پێشکەوتنی زانستیو پزیشکی بەتایبەت:-

- لە لێکۆڵینەوەیەکدا لە زانکۆی تەکساس ئەنجامدراوە لەسەر چوار هەزار کەس، بۆیان دەرکەوت ئەو نەخۆشانەی کەسانێك هەن نزایان بۆ دەکەن (١١٪) باشتر بوون، لە ئەنجامدا بڕیاریان دا وانەیەکی نوێ بۆ زانکۆکە زیاد بکرێت کە پەیوەندی بە بابەتە ڕۆحییەکانەوە هەیە، وا لە نەخۆشەکان دەکات دڵییان پەیوەست بێت بە خوداوەو نزا بکەن، تا خودا چارەسەریان بۆ بنێرێت!

- گەیشتن بە ئارامیو دەروونێکی ئاسودە بۆ ئەو کەسانەیە کە لە ترسی گەیشتنەوە بە خودا دڵەکانیان دێتە جۆشو خۆیان بە دووردەگرن لە قەدەغەکراوەکانی خودا.

(وما يلقاها الا ذو حظ عظيم) فصلت ٣٥



ن: د.حسان شمسی پاشا
و: یەحیا محەممەد عەلی



# تۆڕی پەیوەندییەکان

تۆڕی پەیوەندییەکان: سەرجەم ئەو پەیوەندییانە دەگرێتەوە کە تۆی نازیز بە کەسانی ترەوە دەبەستێتەوە: «خودا، دایك، باوك، منداڵ، خێزان، دراوسێ، هاوپیشە.... هتد).

- مرۆڤەکان بە تواناو حەزی جیاوازەوە ئەفرێنراون، هەر ئەم جیاوازیەشە، وای خواستووە پەیوەندیمان لەگەڵ چواردەورماندا هەبێت، تەنانەت گەر ئەو حەزەشمان تیادا نەبێت، ناچاردەبین بکەوینە پەیوەندییەوە! چۆن؟ چاوێك بخشێنە بە منداڵیتدا، تەنانەت دروستبوونەکەشت بەهۆی پەیوەندی دوو تاکەوە بووە! تەنانەت گەشەکردنیشت لەناو منداڵدانی کەسی تردا بووە! بەمشێوەیە هەتا دواساتەکانی تەمەنیشت بە دەستی کەسانی تر دەشۆردرێیتو دەنێردرێیتە تاریکاییەك کە هەمووان دەبێت بۆی بچن.

- توێژینەوە زانستییەکان وای بۆدەچن (٥٨٪)ی سەرکەوتنت بەدەستهێناوە، گەربێتو بزانیت چۆن بە باشترین شێواز مامەڵە لەگەڵ چواردەورتدا دەکەیت.

- سەروەرمان (سەلامی خودای لەسەربێت) دەفەرموێت: «باشترینتان ئەوانەن جوانترین ڕەوشتیان هەیە».

سازێنراوە بۆمان!

سوپاس بۆ ئەو پەروەرێنەی کە ئەم گەردوونەی بەوپەڕی گونجاندنەوە بۆ سازاندین، هەموو لایەنە جیاوازەکانی بەوپەڕی کارجوانییەوە بۆ ڕێکخستووین، لە نێوانیاندا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، تاکو بەوپەڕی ورياييەوە مامەڵە بکەین، گەر لە فەرموودە گەوهەرییەکانی نێو قورئانەکەمان وردبینەوە، دەبینین تەنانەت شێوازی لە(دەرگادان)مان بۆڕوون دەکاتەوە!!

زۆربە کارامەییانەوە لە نزیکترین بۆ نزیکی ڕێکخستووەو شێوازی مامەڵەکەی بۆڕوون کردوینەتەوە! چۆن؟

- ئەوەتا خودای گەورە دەفەرموێت: «وقضى ربك ألا تعبدوا إلا إياه وبالوالدين إحسانا»، ڕێزی دایکی (٣)جارزیاتر داوە بەسەر باوکدا.

- هەروەها لە پەیوەندی ئافرەت لەگەڵ هاوسەرەکەیدا، لە پەیوەندی پیاو لەگەڵ خێزانەکەیدا، پێغەمبەرمان (سەلامی خودای لێبێت) دەفەرموێت: «باشترینتان باشترینتانە بۆ خێزانو خزمو کەسو کاریو منیش باشترینتانم بۆ خێزانەکانی خۆم».

- لە پەیوەندیمان لەگەڵ دراوسێدا پێغەمبەرمان (درودی خودای لێبێت) دەفەرموێت: «جوبرەئیل ئەوەندە باسی چاکەی دراوسێی بۆکردم، تا وا گومانم برد کەمێکی تر جوبرەئیل بفەرموێت: ئەگەر پیاوێك مرد دراوسێکەشی میراتی لێوەردەگرێت».

چۆن پەیوەندییەکی باش بنیادبنێین؟

- ڕێزگرتن لە خەڵکی بە تێڕوانینو بیروبۆچونە جیاوازەکانیشیانەوە.

- لە کاتی پێویستیاندا دەستگیرۆییان بکەین.

- گرنگی بە کەشخەییت بدە.

- تەوقەیان لەگەڵدا بکەو بە زەردەخەنەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەو بە ناوی خۆیانەوە بیاندوێنە.

- گومانی باشترینیان پێببەو بەو جۆرە مامەڵەبکە کە باشترینەو خۆت حەز دەکەیت بەو شێوەیە مامەڵەت لەگەڵدا بکرێت.

- کاتێك مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەیت، بە جۆرێك وا هەست بکەن کە لە ئاسودەترین ساتەکانتدایت.

چۆن پەرەی پێبدەین:

- هەموو ڕۆژێك پرسیاربکەو وەڵامەکەشی بنوسەرەوە! هەمیشە لە خۆت بپرسە: ئەو شتە چییە بەهۆیەوە پەیوەندیم لەگەڵ فلانە کەسدا باشتر دەبێت؟ بە خێرایی دەست بکە بە نوسینی هەموو ئەوشتانەی کە لە تواناتدایە، شتەکان لە خۆت قورس مەکە، چونکە ڕەنگە شتانێکی زۆر سادە ئەوپەڕی کاریگەربێت لە باشترکردنی پەیوەندییەکەتان، چۆن؟!

سەردانکردنو هەواڵپرسینی هەفتانەی دایكو باوکت، ڕەنگە زۆرباشتربێت لەوەی مانگێك بێ هەواڵت کردونو دیارییەکی گرانبەهایان بۆ دەبەیت!

- با گرنگیدانت بە باشترکردنی ئاستی پەیوەندییەکانت لەسەر بنەمای پلە بەندکردنی گرنگترین بۆ گرنگترینی پەیوەندییەکان بێت، واتە بەمشێوەیە: خودا، دایك، باوك.. پێویستە ڕۆژانە لە هەوڵی باشترکردنی ئەم پەیوەندییانەدا دابیت، بەڵام پەیوەندی هاوکاروپیشە... دەکرێت مانگانە پلانت بۆی هەبێتو لە هەوڵدا بیت.

هەوڵبدە لە ئەندامانی دروستکەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بیت، نەوەك تێکدەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان!

و: کیژان فەرەج

# ڕێزگرتن لە کەسانی تر



ن: د. عبدالكريم بكار | و: ئاسیا صەلاح

ئەو شارستانیو پێشکەوتنو سەقامگیریو پەروەردەو خۆشگوزەرانییەی خەڵکی پێی گەیشتووە زۆر دیارو بەرچاوە، پێویستە سوپاس‌وستایشی خودای گەورەی لەسەر بکرێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە یادمان نەچێت کە بەڵگەی زۆر هەن کە (دڕندەیی)یو هاوڕێ بە جەورو ستەمو کینە، هاوشێوەی ڤایرۆسێکی شاراوەیە، ئەگەری دەرکەوتنو تەشەنەکردنی هەیە لە هەر کاتێکدا، ئەمەش پێویستی بەوەیە هەڵی دەرکەوتنی پێنەدەین تا کۆمەڵگەکەمان بپارێزین لە داڕمانو دوژمنایەتی. خودای - بالادەست- ڕێنوێنی کردوین بۆ شتێکی زۆر مەزن، کە سەنگی ڕێزگرتن دادەکوتێت وەکو دەفەرموێت: «وقولوا للناس حسنا» سوره البقره، واتە لەگەڵ خەڵکدا با قسەتان باشو جوان بێت، نەرمونیان بن لەگەڵیاندا، خۆتان مەسەپێنن، ڕێنمونیان بکەن بۆ ئەوەی سودی هەیە بۆیان، کچو کوڕەکانم خەڵکی تا لە پلەکانی شارستانیدا بەرەو سەرتر بڕۆن، تینووی ڕێزێکی زیاترو سۆزێکی مەزنتر دەبن، بۆیە پێویستە لەسەرمان زۆرور دبین لە دەربڕینو هەڵسوکەوتەکانمان دا تاکو نەبینە هۆی ئازاربۆ یەکدی بەبێ مەبەست، ئەو یاسا ئاڵتونییەی لێرەدا هەیە بریتییە لەوەی کە بەو شێوازە خەڵکی بدوێنین کە خۆمان پێمان خۆشە پێی بدوێنرێین، بریا لەگەڵ ئەم یاسایەدا ژیابایین، ئەوسا لە زۆرینەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان قوتار دەبووین، چەندە جوانە ئەم فەرموودەی خۆشەویستمان دروودی خودای لەسەر بێت «هیچ کەسێکتان ئیمانی تەواو نابێت تا ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ برا موسوڵمانەکەشی پێی خۆش نەبێت». خەڵکی بە سروشتی خۆیان شەیدای ئەو کەسانەن کە دانیان پێدا دەنێن، نرخیان دەزانن، ستایشیان دەکەن، هانیان دەدەن، گرنگیان پێ دەدەن، وەك‌وتراوە: «لە ئەفسانە باوەکان: لەسەر ناوچاوی هەموو مرۆڤێك نەخشێنراوە: تکایە گرنگی پێدانتم نیشان بدەو، بە بێ بایەخانە بەسەرما ڕامەبوورە».

سڵاوکردن لەو کەسانەی لە ڕێگەدا پێیان دەگەینوزەردەخەنەکردن بەڕوویاندا، پرسیارکردن لە بارو دۆخیان، پاساو هێنانەوە بۆی لە کاتی ئەنجامدانی هەڵەوبە هاناوە چوونی لە کاتی تەنگانەوخەموخەفەتدا، ستایشکردنی لەسەرکارە چاکەکانی.. هەموو ئەمانە ئاماژە بە ڕێزو بایەخ پێدان دەکەن.

کچو کوڕەکانم خۆتان بەدووربگرن لە فیزلێدان بەسەرخەڵکداو فەرامۆش کردنیانوبە کەم سەیرکردنیان، لەم وتەیەدا زۆربە جوانی ئەم واتایەی پێکاوە «کەسی لووتبەرز وەك ئەو کەسە وایە لە لوتکەی شاخدا، خەڵکی بە بچووکی دەبینێت، بەڵام ئەویش بە بچووکی دەبینرێت!! وەك بڵێیت: لوتبەرزی هاوکێشەی ڕقو کینەی دوو لایەنە بڵاودەکاتەوە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەمە دینەکەمان ڕێنوێنیمان دەکات تا پشتگیری یاسای ڕێزی دوو لایەنەو بایەخپێدانی هاوبەش بکەین، هەموومان پێویستمان بەوەیە لە ناخماندا گەشە بدەین بە هەستی (شەرم لەخۆکردن)، چونکە ئەوکات دەگەین بە ڕێزگرتنو بایەخپێدانی خەڵکی، چونکە لەوە زیاترمان لێناوەشێتەوە.

گومانی تێدا نییە لە ناوکۆمەڵگەدا کەسانێك هەن کە شایەنی ڕێزێکی تایبەتن، لەسەرو هەموویانەوە باوانو مامۆستایانوکەسانی بەساڵاچوو، ئەوانەشی کە دەستی باڵایان هەیە لە خزمەتکردنی خەڵکیو چاکەکردن لەگەڵیاندا، لە سوودگەیاندن بە وڵاتوبەرزڕاگرتنی، ئازیزمان (دروودی خودای لەسەربێت) دەفەرموێت: «لە ئێمە نییە ئەوکەسەی بۆ گەورەکانمان ڕێز دانەنێتولەگەڵ بچووکەکانمان میهرەبان نەبێت، ڕێز بۆزانایانمان دانەنێت». هەروەها دەفەرموێت: «لە گەورەدانانی خودا ڕێزگرتنە لە تەمەنداری موسوڵمان، هەڵگرانی ڕاستەقینەی قورئان، سەرکردەی دادپەروەر».

## ئەمە چی دەگەیەنێت لای کوڕو کچەکانم؟

ئەمانە دەگەیەنێت:-

١- گەر کەسێکتان ویستی زۆر ڕێزدار بێت، دە با لەسەریەك ڕێسا مامەڵە لەگەڵ خەڵکی بکات، چونکە کەسی ڕەفتار جوانو میهرەبانو بەخشندە، ناتوانێت لە خووڕەوشتیدا جیاکاری بکات، بە چەند ڕوویەکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ خەڵکی بکات، بگرە ڕێز لە هەموو کەس دەگرێت، خۆڕاگرە لەگەڵ هەمواندا، هەوڵی تێگەیشتن دەدات لە هەمووان، کار دەکات بۆیارمەتیدانی هەمووان، بۆیە کەسێکی ڕێزدارو بایەخ پێدراوە لە لایەن هەمووان.

٢- ڕێزدانان بۆ خەڵکی واتە ڕێزگرتن لە هەوڵەکانیانوهەڵبژاردەکانیانو حەزەکانیان، بە مەرجێك لە سنووری ڕێگە پێدراودا بێت.

٣- هەمیشە هەوڵی هەڵبژاردنی ئەو وشەو ڕستانە بدەن کە دەربڕی پەیوەندیتانەو نزیکترتان دەکاتەوە، دوور بکەونەوە لەو زاراوە بازاڕییانەی کەسانی کەم ڕێز بەکاردەهێنن.

٤- هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بن کە نەبنە هۆی بێزاری بۆ هیچ کەسێك، هیچ کەسێك ڕووبەڕووی ئەوە مەکەنەوە کە ڕقی لێیەتی، خۆتان لەسەر قەشەنگی هەڵسوکەوت ڕابهێنن، بۆ ئەوە پەنا ببەنە بەر خوێندنەوەی پەرتووکی چاپکراو لەو بابەتەدا.

# لە توڕەبونەکەت تێبگە، بۆ ئەوەی زاڵبیت بەسەریدا..

(گەمژەییەکان)..

گەمژەییەکان ئەو کردارانەن کاتێك دێنەوە یادمان هەستدەکەین وەك پێویست هەنگاومان نەناوە، یان هەڵەیەك بوون کە لە بەرامبەر کەسانی تردا شەرمەزارمان دەکات.

هەموومان هەڵەی لەو جۆرە ئەنجام دەدەین، هەندێکمان کاتێك بیرمان دەکەوێتەوە پێکەنینی بە خۆی دێتو هەندێکی تریشمان سەرزەنشتی خۆی دەکات.

چەند پێشنیارێکت دەخەمە بەردەست کە وات لێ بکات پێبکەنی بەرامبەر ئەو گەمژەییانەی ئەنجامت داوەو ئێستە لێی ببوری لە بری ئەوەی تۆمەتباری بکەیت:-

* ئەوپەڕی ئەزموونت لەو کاتەدا تەنها ئەوەندە بووە.
* هەرئەوە دەبێت کە خوا نوسیوویەتیو دیاریکردووە.
* ڕەنگە هەڵە بووبمو ڕەنگیشە نا.
* ڕەنگە ئەو کارە بۆ یەکێکی ترو لە شوێنێکی تردا ڕاست بووبێت.
* چی فێردەبم لە گەمژەییەکانم؟ چۆن لێیان ببورم؟
* ئایا گەمژەییەکان دووبارە دەبنەوە، یان کارێکی وابکەم خۆمیان لێ بەدوور بگرم.
* خەڵکی بیریان دەچێتەوە کە چی ڕوویداوە، تەنها مەگەر بۆ گاڵتەو شۆخی یادیان بکەوێتەوە.
* تۆ کەسێکی باشیت، گەر جارێك هەڵەت کردووە سەدان جار پێکاوتە.

(تاکو دەوروبەر کاریگەری خراپیان لەسەرمان نەبێت)

ئەم کاریگەرییە هەردوو لایەنی پۆزەتیڤو نێگەتیڤی هەیە، خەڵکانێك هەن دەیانەوێت تۆ ئەو کارە بکەیت کە ئەوان دەیانەوێت، جاتۆ حەزت لێی بێت، یان نا، چەند وێنەیەکیشی هەیە، هەندێکی ئاساییو جوانە وەك ئەوەی داوات لێدەکات کارێکی لەوجۆرە بکەیت بەپاڵنەری هاوڕێیەتی، یان نزیکی، هەشیانە ناوەندییە کە لۆمەکردنی تیایە، وەك ئەوەی دایكو باوك بڵێن: (ماندوبووین لە پەروەردەکردنتداو ئەوەت نەکرد کە ئێمە دەمانویست)، هەندێکیشی توندو هەڕەشەی تێدایە، وەك: (گەر ئەوە نەکەیت دەبێ لەم ماڵە بچیتە دەرەوە)، (گەر لەگەڵم نەیەیت تەڵاقت دەدەم).

هەروەك ئەوەی کە لەگەڵ پێغەمبەر یوسف (سەلامی خوای گەورەی لێبێت) ڕوویدا، کاتێك ژنەکەی عەزیز پێی گوت: ئەگەر ئەوەی من فەرمانی پێدەکەم، ئەنجامی نەدات، ئەوە بەڕاستی بەند دەکرێتو زەلیل دەکرێتو بە کەم تەماشا دەکرێت، بەڵام یوسف ئەوەی هەڵبژارد کە خۆی ویستی، کاتێك ئەو قسەیەی بیست، وتی: (پەروەردگارا زیندانم پێخۆشترە لەوەی کە ئەوان بانگهێشتم دەکەن بۆی)!!

ئەوەی لەسەرتۆیە ئەوەیە کە ئەوە بکەیت کە تۆ دەتەوێت، نەك ئەوەی کە خەڵك دەیەوێت، گەرنا ژیانێك دەژیت زۆر دوور لە حەزو هیواو ئاواتەکانی خۆت.

چی بکەیت لە کاتی توڕەبوندا؟

١- شێوازی دانیشتنت بگۆڕە، گەر بەپێوەبوویت دانیشە، گەر دانیشتبوویت ڕاکشێ.

٢- دەستنوێژ بگرە، یان خۆت بشۆ، چونکە توڕەبوون لە ئاگرەوەیەو ئاو دەیکوژێنێتەوە.

٣- بجوڵێ.. بجوڵێ.. بجوڵێو کارێك بکە.

گەر هەر توڕەبوونەکەت بەردەوام بوو:

١- لەناو باخچەیەکدا هاتوچۆ بکە.
٢- بچۆ بۆ مەلەوانگەو مەلە بکە.
٣- گەشتێك بکە.
٤- بەنووسین گوزارشت لە توڕەبوونەکەت بکە.
٥- سەبارەت بە توڕەبوونەکەت لەگەڵ کەسێکی تر قسە بکە.
٦- وێنەی توڕەبوونەکەت بکێشە.
٧- کارێك بکە.. کارێکی پێشوو تەواو بکە.
٨- توڕەبوونەکەت لە بەرژەوەندی خۆتدا بەکاربهێنە، چونکە ئەوە وزەیەکی زۆر گەورەیەو پێویستە بیقۆزیتەوە نەك کپی کەیتەوە.
٩- ئارام بەرەوەو بە خۆت بڵێ: هەموو شتێك لە جێگەی خۆیدایە.

ئەمە کۆمەڵێکن لەو پێشنیارانەی کە دەتوانی لە کاتی توڕەبووندا بیانگریتە بەر.



ن: عەبدوڵا عوسمان
و: خالید محەممەد

بەشی شەشەم و کۆتایی

# چۆن گەشە بە کەسایەتیت دەدەیت؟

و: هێشو والی

بوونی کەسایەتییەکی باش، کارامەییەو گرنگە لە ژیاندا، بەدەستهێنانی کەسایەتی هەروا ئاسان نییە، بەڵام ئاسان دەبێت لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانەدا، بە ئەندازەیەك هەموو کەسێك دەتوانێت کەسایەتییەکی باش‌و دڵپاك بەدەستبهێنێت.

١- دەربارەی هەردووکییان –خۆت‌و خەڵك بە گشتی- بیرلە بیرۆکەی ئەرێنی بکەرەوە:- ئەو بیرۆکانەی بیری لێدەکەینەوە لە وشەکانی کە دەیڵێین‌و ئەو کارانەی ئەنجامی دەدەین بەزوویی دەردەکەوێت، هەبوونی بیرۆکەی باش دەربارەی خۆت متمانە بەخۆبوون‌و ڕێز لە خۆگرتنت پێدەبەخشێت، بوونی کەسایەتی باش شتێکی بۆماوەیی نییە لە مرۆڤەکاندا، واتە کەسایەتی لەگەڵ لەدایکبووندا نییە.

٢- هەرگیز چانسی سەلماندنی خۆت لەدەست مەدە:- لە ئەمرۆدا بژی، ئێمە ڕووبەڕووی چەندین هەل دەبینەوە کە دەتوانین لێیەوە یارمەتی خۆمان بدەین، بۆ ڕاڤەکردنی کەسایەتیمان.. بۆ نموونە:- ئەگەر گفتوگۆ لەگەڵ کەسێك، یان کۆمەڵە کەسێك بکەیت، پێویستە بەشێوەیەك قسە بکەیت کە بۆ ئەوانیتر بسەلمێنیت کە تۆ بەڕاستی کێیت؟ ئەوە شتێکی گرنگ نییە کە چ جۆرە ڕێگەیەك، یان چ وتەیەك بۆ سەلماندنی بەکاردەهێنیت، ئەو شتەی پێویست دەبێت وشە بەکارهێنراوەکانتە، کە ئایا توانای کاریگەری جێهێشتنی لەسەر کەسەکان دەبێت، یان نا؟

٣- بگەڕێ بۆ کەسە بەناوبانگەکان‌و لە چۆنییەتی کەسایەتیان بکۆڵەرەوە:- وەرزشکارەکان، هونەرمەندەکان، ئەکتەرەکان‌و ...هتد، کە هەموو ڕۆژێك ڕووبەڕووی پیشەکانیان دەبنەوە.. ئەوان پێویستیان بە ئارامی‌و بەردەوامییە، ئەمانە پێویستییەکانی سەرکەوتنن، زۆربەیان بێفێزن لە سەرکەوتن‌و ناوبانگەکەیاندا، ئەوانە لێزانییەکانی ژیانن کە پێویستن بۆ فێربوونی گەیشتن بە لوتکە لە بنیادنانی کەسایەتی باشدا.

٤- سەیری قوڵاییەکانی ناخی خۆت بکەو بیر لەوە بکەرەوە کە تۆ کێیت؟ زۆرێك لە خەڵك خۆیان دەدۆزنەوە بۆ ئەوەی باشترین لەوەی پێشتر دەرکەوتوون، ئەمەش بە بیرکردنەوە لە چۆنییەتی کەسایەتی خۆیان.

٥- بەوپەڕی تواناتەوە یارمەتیدەربە لە هەرشوێنێك، یان هەرکاتێك: فیداکارییەکی بچووك بۆ گۆڕینی ژیانی کەسێکی تر دەتوانێت بە درێژایی ڕێگەکەی، یان کارەکەیدا بڕوات‌و بەردەوامبێت.

٦- هەموو کاتێك خۆتبە: ئەگەر تەنها ببیت بە خۆت، یان دوای هەندێك کەسایەتی بەناوبانگ بکەویت، ئەوا دڵنیابە هەرگیز خۆت وناکەیت، بە مانای ئەوەی تۆبەردەوام ئاگات لە ڕەوشت‌و هەڵسوکەوتتە، هەست بە بوونی خۆت بکە لە ژیانی خۆتدا.

٧- فێری خۆشویستنی خەڵکانیتر ببە: کەسایەتییە خراپەکان لە هەموو شوێنێك هەن، خراپیەکەشیان بەهۆی ئەوەوەیە کە نایانەوێت کەسانیتر ببەخشن، لەگەڵ ئەو کەسانە هەڵسوکەوت بکە کە کەسایەتی زۆرتایبەتیان هەیە، بەڵام ڕقت لەو هەڵسوکەوتەیان بێت کە ئەوان خەڵکیان خۆشناوێت، چونکە خۆشنەویستنی خەڵك لە یەکتر جیابوونەوەی خراپ دروستدەکات، وەك خۆپەرستی کە زۆر بە کەمی پێشبینی دەکرێت لەبیریان بچێتەوەو بزانن دەبێت یەکتری ببەخشن‌و لە دواییدا هەرچۆنێك بێت لەوانەیە ململانێ لە نێوانیاندا دروست ببێت.

روونکردنەوە

- ناسودەو دەم بە خەندەبە، خەڵك کەسی ڕووخۆش پەسەند دەکەن‌و لە چواردەوری دەمێننەوە، نابێت هەمیشە وەکو کەسێکی ترسناك دەربکەویت.

- لەدایکبوونت بە ئەو کەسایەتیەتەوە ڕوودراوە، بەڵام مردن بە کەسایەتییەکی باشەوە، دەستکەوتە.

- هەرکاتێك هەستتکرد پێویستت بە چاکسازی هەیە، گۆڕانکاری سادە بکەو کەسایەتی باشتر بەدەست بهێنە.

- پشوو بە خۆتبدە، زۆر خۆماندوکردن بۆ باشتر بوون، لەوانەیە لەلایەن ئەوانیترەوە وەك دووڕوویی لێکبدرێتەوە.

- بە تەواوی مانا پشوو بدەو فێری ئەوانیتر بکە کە چۆن پشوو بدەن، ئەوە تەنها بۆ ئەوەی بۆ ڕۆژی دواتر چالاکتر بیت.

ئاگاداربە..

هەرگیز تەنها بۆ کاریگەری لەسەر خەڵك جێهێشتن، یان بۆ خۆدەرخستن کار مەکە، لەبەرئەوەی کارێکی نادروستەو باش نییەو زۆرجار توشی کێشەت دەکات، هەرگیز بۆ کارێکی سادەو ساکار پشت بە خەڵکی مەبەستە.



# چێژ لە ئازارەکانی ژیانتان وەرگرن

ئێمەی مرۆڤ نێردراوینەتە سەر ئەم زەمینە، تا تاڵی‌و سوێری‌و شیرینییەکانی ژیان تاقی بکەینەوە، ئێمەی مرۆڤ لەبەرئەوەی لەم جیهانە جەنجاڵ‌و پڕ لە کێشمەکێشەدا دەژین، دووچاری ناخۆشی‌و نەخۆشی‌و ئازاری گورچکبڕدەبین، گەر ئازار نەبێت چ هی خۆمان، یان مرۆڤەکانی دیکە، ناتوانین لە ناخەوە گڕبگرین‌و بسوتێین‌و بەرهەم‌و شاکاری دانسقەو ناوازە دروستبکەین.

ئازیزانم لە هەناوو منداڵدانی کۆژان‌و ئازارەکاندا پیاوی گەورە، خاوەنی بیرو هزری گەورە، ئەوانەی تەکانێك بە کۆمەڵگە دەدەن‌و لە قۆناغێکەوە دەیگوازنەوە بۆ قۆناغێکی تر لە دایك دەبن‌و ڕێڕەوی مێژوو دەگۆڕن، ئێمەی مرۆڤ دەبێت فێر بکرێین چۆن بیربکەینەوە، چۆن لە گۆشەنیگاو دیدگای جیاوازەوە بۆ ڕووداوو پێشهاتەکانی ژیان بڕوانین، ئەو کاتە دەزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕووداوو پێشهاتەکانی ژیان بکەین‌و لە جیاتی ئەوەی خەم‌و مەینەت‌و ئازارو ژان‌و کۆژانەکان چۆکمان پێدا بدەن‌و دەستەمۆمان بکەن، ئەو کاتە دەزانین چۆن چۆك بە ئازارو ژان‌و کۆژانەکان دابدەین‌و لە هەناوی ژان‌و کۆژانەکانەوە بۆ ئاسودەکردنی مرۆڤەکانی ترو کەمکردنەوەی ئازارەکانی سەریان شادی‌و خۆشی دەهێنین‌و بزەو خەندە دەگێڕینەوە بۆ سەرلێوە تۆراوو سیما خەمبارەکان‌و تەپڵی داهێنان‌و شادی دەکوتین. زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی ڕێڕەوی مێژوویان گۆڕی‌و دەستیان هەبووە لە گۆڕانکاری ڕیشەیی لە کۆمەڵگەکانیاندا ئەوانە بوون، یان ئازاری دەربەدەریان چەشتووە، یان زوڵم‌و زۆرداری ستەمکاران لە کونجی زیندانی خستوون، یان لە ناخەوە ئازاری مرۆڤەکانی تر هەژاندوونی، یاخود لە ناخەوە دووچاری شڵەژانێکی دەروونی بوون‌و وای لێکردوون بورکانی پەنگکردووی ناخ‌و هزریان بخەنە سەر پەڕەی کتێبەکان‌و لە ڕێگەی بیرو هزرەوە دەست بەسەر واقیعی کۆمەڵگەدا بگرن‌و تەکانێك بە کۆمەڵگە بدەن‌و بەردەمی خۆیان‌و ئەوانی تر ڕووناك بکەنەوە.

دەپرسن‌و دەڵێن: ئەم هەموو ئازارە لە پای چی؟! بۆ دەبێت ئێمەی مرۆڤ ئەو هەموو ئازارە ئەزموون بکەین؟

لە وەڵامدا دەڵێین: دایکێك کاتێك دەرمانێکی تاڵ دەرخواردی ڕۆڵەکەی دەدات، لەبەرئەوە نییە منداڵەکەی خۆی خۆشناوێت، ڕقی لێیدەبێتەوە، بەڵکو لە ڕێگەی ئەو دەرمانە تاڵەوە دەیەوێت ببێتە هەتووان بۆ چارەسەرکردنی ئازارەکانی ڕۆڵەکەی. کاتێك خودای گەورە دەرمانی تاڵی ئازارو ژان‌و کۆژانمان دەرخوارد دەدات، لەبەرئەوە نییە خودا ڕقی لێمانەو خۆشی ناوێین، بەڵکو بە مهری خۆی دەیەوێت لە ڕێگەی دەرمانی تاڵی ئازارو ژان، ڕۆحی بریندارمان ساڕێژبکات، بۆئەوەی بەرزببینەوەو شاکار بخوڵقێنین. تۆ ئەو دیمەنە سەرسوڕهێنەرە بێنە پێشچاوی خۆت، کاتێك دەردەدارێك بە دەستێکی لەرزۆك‌و ڕۆحێکی برینداروە دەست بەرزدەکاتەوەو ڕازو نیاز لەگەڵ پەروەرێنی دەکات، دەبێت ئەو چرکەساتە چ چرکەساتێکی گەشەی ڕۆحی بێت. ئاهی ئەم ئینسانە لەو چرکەساتە دەبێت چ خەرمانێك گڕتێبەربدات‌و چی بخوڵقێنێ؟ گەر لە ناخەوە پاڵنەرێك نەبێت بمان جوڵێنێت‌و بمان خرۆشێنێ، خاوەنی دیدگاو عەقڵییەتێکی گەورەو کراوەش نەبین، ناتوانین مرۆڤێکی گەورەو هەڵگری پەیامێکی گەورە بین. بۆیە دەڵێم ئەی مرۆڤ تۆ بوونەوەرێکی زۆر گەورەی، دەتوانی زۆر لەوەی کەهەی باشتربی، تەنها بە بیرێکی لێڵ‌و دیدێکی خێلەوە بۆ ڕووداوو پێشهاتەکانی ژیان مەڕوانەو تەنها دیوی دەرەوەی ڕواڵەتی شتەکان مەبینە، باوەڕێکی یەقینتان هەبێت، باوەڕ ئەو پەرجووە سەرسوڕهێنەرەی کاری ناوازە دروستدەکات‌و دەخوڵقێنێ، شەك‌و گومانیش لەبن‌و بێخەوە دەردێنێ، لە شوێنیاندا ئاسودەیی‌و ئارامی‌و هێمنی دەڕوێنێ. بۆیە ئێمەی بڕوادار مادام خاوەنی ئایدیاو دیدگایەکی ڕوون‌و ڕۆشنین، دەبێت زۆرژیرانە مامەڵە لەگەڵ چرکەساتەکانی ژیانمان بکەین‌و هەرچرکەساتێك لە ژیانماندا گەوهەرێکی بەنرخە، باخەم‌و پەژارە بەخۆیەوە سەرقاڵمان نەکات، بۆیە بەخۆشی‌و شادییەوە بژی، باهەردەم بزەو خەندە لەسەرلێوانت بێ، ئازارەکانی ژیانیش بە بەشێك لە چرکەساتەکانی ژیانمان بزانین‌و چێژیش لە ئازارەکانی ژیان وەرگرین.

شەیدا صابر





# داینەمۆی دەسەڵاتدارێتی بەسەر خودا

(لە ژیان مەترسە، بڕوا بەوە بهێنە کە ژیان شایەنی ئەوەیە تیایدا بژیت، ئەو ئیمانو بڕوایە هاوکاریت دەکات بۆ بەدەستهێنانی واقیع) ولیام جیمس..

زانای ئەمریکی (ابراهام ماسلۆ) دەربارەی پیاوێك دووا، کە بیروباوەڕی وابوو جەستەی مردووە، لەگەڵ هەموو هەوڵەکانی پزیشکە دەروونغیەکەی بۆئەوەی ئەو بیروباوەڕەی بگۆڕێت، بەڵام نەیتوانی، لەناکاو پرسیارێکی زیرەکانە بە خەیاڵی پزیشکەکەدا هاتو پێی گوت: ئایا جەستەی مردوو خوێنی لێدێت؟ نەخۆشەکە وتی: تۆ دەڵێی چی، بێگومان نەخێر هەرگیز خوێنی لێنایەت، پزیشکەکە هەستا دەرزییەکی کرد بە پەنجەی نەخۆشەکەداو خوێنی لێهات، نەخۆشەکە بە سەرسامییەوە وتی: چەند سەیرە ئێستا بڕوام کرد کە جەستەی مردوو خوێنی لێدێت!

مانای ئەم چیرۆکە چییە؟ ئەم نەخۆشە بڕوای وابوو کە جەستەی مردووە، لەبەرئەوە هەموو چارەسەرێکی ڕەت دەکردەوە، تەنها بە گۆڕانی باوەڕی بەوەی کە جەستەی خوێنی لێدێت ڕازیبوو کە چارەسەر وەربگرێت، (باوەڕ پێویستی بەوەنییە شتەکە ڕاست بێت، بەڵکو تەنها پێویستی بەوەیە کە باوەڕت وابێت ئەو شتە ڕاستە).

باوەڕ: (ئەو بناغەیەیە کە کردەوەکانمان پێی هەڵدەستێ، گرنگترین هەنگاوە لە ڕێی سەرکەوتندا).

دەستەواژەیەکی حەکیمانە هەیە دەڵێت:

( بۆئەوەی سەرکەوین، دەبێت لەسەرەتاوە بە تەواوی باوەڕمان بەوە هەبێت کە دەتوانین سەرکەوتووبین).

نوسەری ئەمریکی (ناپلیۆن هێل) دەڵێت:

(ئەو شتەی کە عەقڵی مرۆڤ دەرکی پێدەکاتو باوەڕی پێیەتی، دەتوانێت بەدەستی بهێنێت).

ئێستا چیرۆکێکت بۆ باس دەکەم: پیاوێك زۆر نەخۆش بوو، لەدوای چەند هەوڵێك بۆ چارەسەرکردنی، پزیشکەکەی بیرێکی تیژی بۆهات، بە نەخۆشەکەی گوت: دەرمانێك هاتووە کە تازە دۆزراوەتەوە، ئەم دەرمانە توانای هەیە لە ماوەی (٢٤) کاتژمێردا نەخۆش چاك بکاتەوە، بە پەرۆشێکی زۆرەوە نەخۆشەکە داوای لێکرد کە ئەو دەرمانە بەدەستبهێنێت، پزیشکەکە دوو دەنکی دایەو دیسان دڵنیای کردەوە کە لەماوەی (٢٤) کاتژمێردا بە تەواوەتی چاك دەبێتەوە، دەزانی چی ڕوویدا؟ بۆ ڕۆژی دواتر نەخۆشەکە بە تەواوەتی چاك بووەوەو هات سوپاسی پزیشکەکەی کرد لەسەر ئەو دەرمانە!! دەزانی ئەو دەرمانە سەراسیمایە چی بوو؟ دوو دەنك حەبی ئەسپرین بوو! بێگومان نەخۆشەکە چارەسەرکرا، بەڵام بەهێزی باوەڕی چاك بووەوە.

جارێك لە ئەمریکا وتاری (کاریگەری هێزی باوەڕ)م پێشکەش دەکرد، کە چۆن باوەڕی تاکەکەس سەرچاوەی تەندروستیو بەختەوەریو سەرکەوتنە، یان سەرچاوەی نەخۆشیو بەدبەختیو دۆڕانە، لە دوای وتارەکە کۆمەڵێك لە ئامادەبووان کۆبوونەوەو یەکێکیان پێی وتم: ئەوەی کە تۆ دەیلێیت زۆر ڕاستە، تەنکم تەمەنی (٧٣) ساڵە، ترسێکی ئێجگار زۆری هەیە لە ئاسانسور(مصعد)، چونکە کاتێك تەمەنی (٨) ساڵ بووە لەناو مەصعەدێکدا کارەبا دەکوژێتەوە بۆ ماوەی یەك کاتژمێر تیایدا گیر دەخوات، لەو ماوەیەدا هەر دەگریو هاوار دەکات، ئیتر لەو کاتەوە زیرەی کردووە لە مەصعەدو بەردەوام خۆی لە بەکارهێنانی دووردەخاتەوە، گەر ناچاریش بێت بەسەر (٧٠٠) قادرمەدا سەربکەوێت، یەکێکی تریان تەمەنی لە کۆتایی چلەکاندا بوو، ترسێکی نەخۆشی ئاسایی هەبوو لە سەگ، چونکە کاتێك تەمەنی (٥) ساڵ بووە سەگێکی گەورە هێرشی بۆ هێناوەو دووجار قەپی لە قاچی گرتووە، بەم هۆیەشەوە خراوەتە ژێر چارەسەری پزیشکیو (٦) دەرزی لێدراوە، ئیتر لەو کاتەوە ناتوانێت لە شوێنێکدا بێت کە سەگی لێبێت.

ئافرەتێکیان وتی: زۆر ڕقم لە پشیلەیە، هەموو شتێك دەکەم بۆئەوەی لێیان دووربم، تا ئەو ئاستەی سەردانی ئەو هاوڕێیانەم ناکەم کەپشیلەیان هەیە، دەشزانم کە ئەو ڕقو ترسەم کاریگەری هەیە لەسەر خۆمو منداڵەکانم کە بە ئاواتەوەن پشیلەیەکیان هەبێت، پیاوێکی تریان وتی: زیاتر لە (١٠) ساڵە باوەڕم وایە کە وەك باوکم قەڵەو دەبم، ئەم بیروباوەڕەشم تووشی زەرەری عەقڵیو جەستەیی کردووم، ڕۆژێکیان بڕیارمدا کە دەبێت کارێك ئەنجام بدەم، لەم بارەیەوە پەنام بردە بەر پزیشکێکی پسپۆڕ، لە ماوەی یەك ساڵدا توانیم ئەو باوەڕە لەناو ببەم، کە ڕەنگە ببوایەتە هۆکاری لەناوچونی ژیانم.

چۆن باوەڕ لە توانایدایە ببێتە هۆکاری دۆڕانو سنوردارکردنی هەڵسو کەوتمان لە ژیاندا، لە تواناشیدایە ببێتە هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنو بەدەستهێنانی ئامانجەکانمان.

(تۆماس ئەدیسۆن) بە نموونە وەربگرە کە (٩٩٩) تاقیکردنەوەی ئەنجامدا پێش ئەوەی سەرکەوێت لە دروستکردنی گڵۆپدا، بگرە ئەو کاتە هەموو کەس پێی پێدەکەنینو ئەویش پێی دەوتن: من کۆڵ نادەم، چونکە هەر هەنگاوێك تێدەپەڕم هەنگاوێك دەمباتەوە پێشەوە. نموونەیەکی تر: (ۆڵد دیزنی) گەڕایەوە ماڵەوە وێنەیەکی کاریکاتێری مشکێکی بە دەستەوەبوو، بە خێزانی وت: لە ڕێی ئەم مشکەوە ئێمە دەبینە خاوەنی سەروەتو سامانێکی زۆر، خێزانیشی یەکەم کەس بوو پێی وت: خۆزگە دەخوازم کە ئەم قسەیەت بەکەسی تر نەوتبێت! بەڵام هاوسەرەکەی بەردەوام بوو لە خەونەکەی، بەو باوەڕەی کە دەبێتە داهێنەری کاراکتەری (میکی ماوس)و شاری (دیزنی).

ڕووبەڕووی چەندین بەربەست بووەوە، چەند جارێك ئیفلاسی کرد، بەڵام چونکە باوەڕێکی بەهێزی هەبوو، توانی سەرکەوتووبێت، ئێستا شاری (دیزنی) کارێکی هونەری نایابە کە خەیاڵی منداڵو گەورە بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ.

د. ابراهیم فەقێ | و: چیا عەبدوڵا

# توانای وەبیرهاتنەوە..

لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە توانای وەبیرهاتنەوەو یادخستنەوەی یادگەت بزانە، ئایا یادگەو وەبیرهاتنەوەت بەهێزە، یان لاوازە:-

یادگە چییە؟ یادگە ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ زانستو زانیاریو شارەزاییو ئەزموونەکانیو ڕووداوو هەڵوێستو ناوی دۆستو ناسیاوەکانیو ناوی وڵاتو شارو گوندەکانو ژمارەو حسابات و چەندین شتی دیکەی لە نێودا تۆمار دەکات، بە واتایەکی دیکە بڵێین: یادگە ئەو شوێنەیە کە زانیارییەکانی تیادا تۆمار دەکرێتو لە کاتی پێویستدا توانای گێڕانەوەی شتە تۆمارکراوەکانی هەیە، ئەمەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازەو کەسی وا هەیە، خاوەنی یادگەیەکی بەهێزەو هەرگیز زانیارییەکانی کە لە یادگەدا تۆماری کردووە، لە یادی ناچێتو هەرکات بیەوێت سوودیان لێدەبینێت، چونکە یادگەی توانایەکی باشی هەیە بۆ گێڕانەوەی زانیارییە تۆمارکراوەکان، بەڵام بەشێکی دیکە لە مرۆڤەکان یادگەیان لاوازەو لە کاتی پێویستدا یادگەیان توانای گێڕانەوەی زانیارییەکانی نییە، ئەوەش زیان بە خاوەنەکەی دەگەیەنێت، چونکە ئەگەر قوتابی خاوەنی یادگەیەکی لاواز بێت، لە کاتی تاقیکردنەوەکاندا یادگەی توانای گێڕانەوەی زانیارییە تۆمارکراوەکانی نییەو بەوەش زیان بە داهاتووی دەگەیەنێت..

سەرەتاو پێش ئەوەی پرسیارەکان بخوێنیتەوە، بۆ بەهێزبوونی یادگەت ئەم ڕێنماییانە جێبەجێ بکە:-

* تەرکیزو سەرنجت چڕ بکەرەوە، لەسەر ئەو شتەی دەتەوێت لە یادگەتدا تۆماری بکەیت، هەوڵبدە ئەو شتەی دەتەوێت زۆر بە باشی لەبەری بکەیت.

* ژیریت بە کارو پیشەکەتەوە، یان بە خوێندنو لەبەرکردنەوە بۆ ماوەیەکی زۆر ماندوو مەکە.

* هەوڵبدە ئەو شتانەی لەبەریان دەکەیت بیانبەستیتەوە بە ژیانی ڕۆژانەتەوەو بەو شتانەی پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە.

* یادەوەرییەکانت بنووسەرەوە، تا لە کاتی پێویستدا سوودیان لێ ببینیت.

* بڕی نووستنی پێویست، لە شەوو ڕۆژدا یارمەتی یادگە دەدات بۆ گێڕانەوەی زانیارییە تۆمارکراوەکانو لە هەمان کاتدا یادگە بەهێز دەکات.

* خواردنی دروستو گونجاوو تەندروست لە ڕووی چەندێتیو چۆنیەتییەوە.

ئێستا بۆ زانینی توانای یادگەت، پێنووسو پەڕاو ئامادە بکەو وەڵامی ئەم پرسیارانە بە (بەڵێ)، یاخود (نەخێر) بدەرەوە:-

١- ئایا شەوانە بە دەست ماندووبوونەوە دەناڵێنیت؟

٢- ئایا بە دەست هیچ نەخۆشییەکەوە دەناڵێنیت؟

٣- ئایا لە کارو پیشەکەت، یان لە خوێندنەکەتدا هەست بە ماندووبوون دەکەیت؟

٤- ئایا جۆری خواردنەکەت خواردنێکی تەندروستو هاوسەنگە؟

٥- ئایا نانی بەیانیان دەخۆیت؟

٦- ئایا ڕۆژژمێرو پەڕاوی تایبەت بە نووسینی کارە گرنگەکان بەکاردەهێنیت؟

٧- ئایا سەرەتای هەموو ساڵێکی نوێ، ڕۆژژمێری نوێ دەکڕیت؟

٨- کاتێك هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت، ماوەیەك بۆ پشوودان وەردەگریت؟

٩- ئایا بڕی پێویست دەخەویت، بە ئەندازەیەك کە بۆ پشوودانی جەستەو ژیریت پێویست بێت؟

١٠- ئایا سەرنجو تەرکیزی پێویست دەدەیت لە کارە گرنگەکانتدا؟

١١- ئایا بە باشی گوێ بۆ کەسانی دەوروبەرت دەگریت؟

١٢- کاتێك دەخوێنیتەوە، ئایا بە وردیو قووڵی دەخوێنیتەوە؟

١٣- ئایا زۆرێك لە کاروبارەکانت بیردەچێتەوە؟

تێبینی:-

بۆ خاڵەکانی (١، ٢، ٣) یەك خاڵ بۆ وەڵامی "نەخێر" دابنێو (سفر) بۆ وەڵامی "بەڵێ".

- لە خاڵەکانی (٤ - ١٣) (یەك) خاڵ بۆ وەڵامی "بەڵێ"و (سفر) بۆ وەڵامی "نەخێر".

ئەنجام:- ئەگەر (١٠) خاڵ، یان زیاترت بەدەستهێنا، ئەوا تۆ کەسێکی خاوەنی یادگەیەکی بەهێزو بە توانای، ڕێژەی لەبیرچوونەوە لای تۆ ڕێژەیەکی گونجاوو زۆر کەمە.

- ئەگەر (٥-٩) خاڵت بەدەستهێنا، ئەوا تۆ کەسێکی خاوەنی یادگەیەکی مامناوەندیت، هەندێك زانیاریو کاروبارت بیردێتەوەو هەندێکیشت بیر دەچێتەوە.

- بەڵام ئەگەر (١-٤) خاڵت بەدەستهێنا، ئەوا تۆ کەسێکی خاوەنی یادگەیەکی لاوازیتو ڕێژەی بیرچوونەوەت زۆرە، پێویستە ئەو ئامۆژگاریانە ڕەچاو بکەیت کە لە سەرەتادا ئاماژەمان بۆ کرد..



# وەڵامدانەوەی مەتەڵەکانی هارون..





دووبارە دەچینەوە قوتابخانەکەی باڵولی حەکیمو وانەیەکی دیکە لە بیرتیژیو زیرەکی حەکیم دەخەینەڕوو، باڵوڵ هەرگیز بۆ وەڵامی هیچ پرسیارێك دەستەوسان نەبووە، هەموو کات بە وەڵامە دروستەکانی بەرامبەری سەرسام کردووە، زۆرجار خەلیفە هارون داوای ئامۆژگاری لێکردووەو لە ناخەوە گوێبیستی ئامۆژگارییەکانی بووە.

حەکیم بە هۆی زیرەکیو لێهاتوویيو توانا بێ سنورەکانیو قسە نەستەقەکانییەوە، پلەو پایەیەکی تایبەتی هەبووە لای خەلیفە هارون، خەلیفە هارون مۆڵەتی هەمیشەیی بە حەکیم بەخشیوە، بە جۆرێك لە هەر کاتو ساتێك باڵوڵ ئارەزوو بکات، دەتوانێت بەبێ مۆڵەت وەرگرتنو چاوەڕوانی، بڕوات بۆ کۆشکی خەلیفەو لە تەنیشتی خەلیفەوە دابنیشێت، ڕۆژێکیان خەلیفە هاروون لەگەڵ کۆمەڵێك لە گەورە پیاوانی دەوڵەتو کەسانی نزیكو وەزیرەکانی کۆدەبێتەوە، لەو کاتەدا باڵوڵ دێتە ژوورەوە بۆ ناو کۆشكو دەڕواتە ژووری کۆبوونەوەکانو لە تەنیشتی خەلیفەوە دادەنیشێت..

هەڵسوکەوتی ئەو ڕۆژەی حەکیم خەلیفەی ئازاردا، بەڵام لەبەرئەوەی پێشتر مۆڵەتی هاتنەژوورەوەی بە فەرمانی خەلیفە پێبەخشراوە لە هەر کاتو ساتێکدا کە بیەوێت کەسێك ناتوانێت لە کۆشك دووری بخاتەوە.

لە هەمان کۆڕدا باڵوڵ لاسایی کردەوەکانی خەلیفە هاروونی دەکردەوەو قاچی خستە سەر قاچو هاوشێوەی خەلیفە دانیشت، ئامادەبووان بە بینینی ئەو دیمەنە دەستیان کردە پێکەنین، ئەوەش زیاتر خەلیفەی ئازاردا، لەو کاتەدا خەلیفە بیرۆکەیەکی بە خەیاڵدا هات، تا بتوانێت لەو ڕێگەیەوە لەبەرچاوی ئامادەبووان باڵوڵ شەرمەزار بکات، ئەویش بە ئاڕاستەکردنی مەتەڵێکی قورس، کە نەتوانێت وەڵامی بداتەوە.

خەلیفە وتی: (بێگومان لەبەرئەوەی لە تەنیشتی منەوە دانیشتویت، دەبێت بتوانیت وەڵامی ئەم مەتەڵە بدەیتەوە)!

حەکیم بە توانجەوە وتی: ئەگەر نەمتوانی وەڵامت بدەمەوە، ئەوا دیارییەکەتم پێ مەدە، هەروەکو چەندین جار وەڵامی مەتەڵەکانتو پرسیارەکانتم داوەتەوەو دایریت پێبەخشیوم!

خەلیفە ویستی بە وەڵامێك حەکیم بتاسێنێت، پێی بڵێ کەی من بەڵێنی خۆم نەبردۆتە سەر، بەڵام وەبیری هاتەوە کە باڵوڵ کەسێکی ڕاستگۆیەو هەرگیز درۆ ناکات، لە خۆڕا ئەو توانجەی نەگرتووە، دیارە چەند جارێك خەلیفە بەڵێنەکانی نەبردۆتە سەر، لەبەرئەوە هەوڵیدا بە ئارامی مامەڵە لەگەڵ حەکیمدا بکات، خەلیفە وتی: (ئەگەروەڵامی ئەم مەتەڵەت دایەوە، ئەوا فەرمان دەکەم هەزار سکەی ئاڵتونت پێببەخشرێت، بەڵام ئەگەر وەڵامەکەت نەزانی فەرمان دەکەم ڕیشت بتاشنو سواری گوێدرێژێکت بکەنو بە کۆڵانەکانی شاردا بتسوڕێننەوە)!!

حەکیم وتی: من پێویستم بە سکەی ئاڵتون نییە، بەڵکو من بە مەرجێك وەڵامی مەتەڵەکەت دەدەمەوە..

هارون: دوای دەستخۆشی، وتی: بابزانین مەرجەکەت چییە؟

حەکیم: ئەگەر وەڵامی مەتەڵەکەتم دایەوە، دەبێت فەرمان بکەی بەو مێشە تا بە جەستەی منەوە نەنیشێتو ئازارم نەدات! حەکیم مەبەستی لەم داوایەی ئەوەبوو کە بیسەلمێنێت خەلیفە دەسەڵاتەکانی کاتییەو تەنانەت ناتوانێت فەرمان بە مێشێك بکات..

خەلیفەش زانی مەبەستی حەکیم ئەوەیە کە دەستەوسانی بکاتو بیسەلمێنێت کە زۆر شت هەیە لەم دونیایەدا لە ژێر فەرمانی خەلیفەدا نییە، کەمێك پێکەنیو وتی: ناتوانم مەرجەکەت جێبەجێ بکەم، چونکە ئەو مێشە فەرمان لە من وەرناگرێت!

ئامادەبووان لە ناخەوە سەرسامو خۆشحاڵبوون بە مەرجەکەی حەکیم، بەڵام نەیاندەوێرا بە زمان خۆشحاڵییەکەیان دەرببڕن، کاتێك حەکیم زانی مەرجەکەی کاری کردۆتە سەر خەلیفەو خەمو پەژارە لە ڕووخساریدا بەدیدەکرێت.. وتی: ئێستا ئامادەم بێ هیچ مەرجێك وەڵامی مەتەڵەکەت بدەمەوە..

خەلیفە دەیزانی هەرچۆنێك بێت لە جەدەلو گفتوگۆدا بەرامبەر باڵوڵ دەستەوسانەو ناتوانێت گرەوی لێ بباتەوە، حەزی نەکرد لەوە زیاتر بابەتەکە درێژە بکێشێت.. لەبەرئەوە وتی: ئەو درەختە کامەیە کە ژمارەی لقەکانی دوانزە لقەو هەر لقێکیش ٣٠ گەڵای پێوەیەو دیوێکی گەڵاکان ڕووناکنو دیوەکەی تریان تاریك؟

حەکیم بێ وەستانو بیرکردنەوە، بێ شڵەژانو دۆش دامان، دەستبەجێ وتی: (درەختەکە هێمایە بۆ (ساڵ)، لقەکانی هێمان بۆ مانگەکانی ساڵ، گەڵاکانی هێمان بۆ ڕۆژەکانی مانگ، تاریكو ڕووناکییەکەش هێمان بۆ شەوو ڕۆژ)!!

هیچ بوارێك بۆ خۆدزینەوە لە وەڵامەکەی حەکیم نەمایەوە، جگە لەوەی خەلیفە بە دەنگی بەرز هارواری کرد: ئافەرین، ئافەرین، هەروەها هەموو ئامادەبووانیش دەستخۆشیو ئافەرینیان لێکرد، پاشان حەکیم هەڵساو لە کۆشك چووە دەرەوەو نەکەوتە نێو ئەو تەڵەیەی خەلیفە بۆی دانابوو، لەبەرئەوە سەربەرزانە کۆشکی جێهێشت..



# میهرەبانی...

زاهیر زانا

مهرەبانی جادوی حەلاڵو دەرمانی زولاڵ، ئەفسونی ڕاکێشەری دڵەکانو دروستکەری خۆشەویستییە، خۆراکێکی سەرەکییە بۆ ئارامی دڵو دەروونو گیانی مرۆڤو بارانێکە لە دڵە ڕەقو ڕووتەکان، گوڵی ناسکو جوان دەڕوێنێو شەماڵێکە ئومێدی هیوا دەداتە نەمامەکانو فرمێسک لە چاوەکان دەتۆرێنێو خەندە دەخاتەوە سەر لێوەکان، مهرەبانی سیفەتێکی خواییەو یەکێك لە ناوەکانی خوای گەورەش (الرحیم) ە. بۆیە بە پیادەکردنی ئەو ڕەوشتە مەزنە گەورە دەبینو بەختەوەری خۆمانو دەوروبەرمان دەگرێتەوە، ئەوەتا پەیامبەری ئیسلام دەفەرموێت: (مهرەبانبن لەگەڵ ئەوەی لە زەویدایە، مهرەبان دەبێت لەگەڵتان ئەوەی لە ئاسمانە)!

بۆیە دەبێت مهرەبانییەکەمان خۆمانو دەوروبەرمان بگرێتەوە، بە جۆرێك لەگەڵ ئاژەڵو بێ گیانیشدا مهرەبانانە ڕەفتار بکەین، بۆ ئەوەی مهرەبانی ببێتە چەترێك هەمووومان بچینە ژێرییەوە وەك لەم چیرۆکەدا دەبینین:- ڕۆژێك پیاوێك دووپشکێکی بینی کە لەناو گۆمە ئاوێکدا خەریکبوو نقوم دەبوو، ئەو بڕیاریدا کە دووپشکەکە ڕزگار بکات، بەڵام دووپشکەکە بە پەنجەیەوە دا، پیاوەکە دووبارە هەوڵیدا کە دووپشکەکە لەناو ئاوەکەدا دەربهێنێت، بەڵام دووپشکەکە جارێکی تریش پێوەی دا... ڕێبوارێك ئەو ڕووداوەی بینیو پرسی:



# 5 ڕێگا بۆ زیادکردنی زیرەکیت

ئا: تاڤگەشێرزاد

لە پێناوی چیدا دووپشکێك ڕزگار دەکەیت، کە پێوەت ئەدات؟ پیاوەکە وەڵامی دایەوە: سروشتی دووپشك ئەوەیە کە پێوە بدات، بەڵام سروشتی من ئەوەیە کە خۆشەویستی ببەخشم و میهرەبانانە ڕەفتار بکەم.

ئەمە هەمیشە پیشەی حەکیمان بووە، کاتێك خەڵك بەردی تێگرتوون، ئەوان وەکو داری بەردار، میوەیان بۆ فڕێداوەتە خوارەوە، هەروەك مەحوی دەڵێت:

لە پاداشتی قسەی سەردا هەمیشە ئاهو هەناسەی گەرم
کەسێ شێتانە بەردم تێ ئەگرێ، من بەرقی تێ دەگرم

ئەشگێڕنەوە کەسێك بە گاڵتە پێکردنەوە لە حەکیمێکی پرسی: باشە بۆچی تۆش ئەزێتی ئەوانە نادەی کە ئەزیەتت ئەدەن؟ ئەویش وتی: باشە دەکرێ کاتێك سەگ گازت لێدەگرێت، تۆش گازی لێ بگریتەوە؟!!

توێژینەوە تازەکانیش دەڵێن: میهرەبانی چارەسەری زۆر لە کێشە تەندروستی و دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانمانە و لە یەکێك لە لێکۆڵینەوەکاندا هاتووە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەشیعەی موگناتیسی(fMRI)ەوە بۆ زانینی کاریگەری میهرەبانی لەسەر بەرگری لەشی مرۆڤ و کارکردنی مێشك، گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی کە کاریگەری گەورە دەکاتە سەر بەشی پێشەوەی مێشك و لە ئەنجامیشدا ئەم پێشنیارانەیان خستۆتە ڕوو:

١- ئەگەر دەتەوێت بەختەوەربیت دەبێت هیوای بەختەوەری بۆ کەسانی تریش بخوازیت، گەیشتن بە بەختەوەری بە تەنها لە ڕێگەی بەدیهێنانی ئاواتەکانی خۆتەوە نابێت، بەڵکو دەبێت هەوڵ بۆ بەختەوەری ئەوانیتریش بدەیت و ئەوکەسەش هەوڵدەدات کەسانیتر بەختەوەربکات، باشتر بە بەختەوەری دەگات لە کەسێك کە تەنها بیر لە ئاسودەکردنی خۆی بکاتەوە، بۆیە ئەگەر بتەوێت بە بەختەوەری و تەمەنێکی درێژی پڕ لە ئاسودەیی بژی، دەبێت خێرو خۆشیت بۆ کەسانیتر بوێت، هەروەها توێژەرەوەکان زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پێویستە منداڵ فێری میهرەبانی و سۆزو خۆشەویستی بکرێت، چونکە لە تەواوی ژیانیدا سودی گەورەی لێدەبینێت.

٢- میهرەبانی کاردەکاتە سەر چالاککردنی سیستەمی کاری مێشك، لێکۆڵەرەوەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە میهرەبانی سودی بۆ مێشك هەیە و خانەکانی چالاك دەکات و کاریگەری هەیە بۆ گۆڕینی هەندێ خانەو شێوەی مێشك و ئەو چالاکییانەی تێیدا ئەنجام دەدرێت و هەتا دەبێتە هۆی چاکبوونەوە لە هەندێ نەخۆشی.

٣- میهرەبانی کاریگەری هەیە لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و گونجاندنت لەگەڵ دەوروبەر ئاسان دەکات، میهرەبانی دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکانت لەگەڵ کۆمەڵگەکەتدا پتەوو بەتینبێ و لە کێشەو گرفتەکان بەدووربیت.

٤- میهرەبانی دەتپارێزێ لە دڵتەنگی و خەمۆکی و بێ هیوایی.

لە توێژینەوەکەی سەرەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی کە میهرەبانی دەرمانێکی بەسودو مەرهەمێکی بێوێنەو قەڵغانێکی ناوازەیە، بۆ ئەوەی لەناو کێشەو گرفتەکانی ژیاندا بەسەلامەتی و ئاسودەیی گوزەربکەین و دڵێك پڕ بێ لە میهرەبانی ئەوا ئاوەدانەو نوشوستی و خەم و خەفەت بە ئاسانی بەسەریدا زاڵ نابێت و دەوڵەمەندەو شتێکی هەیە کە زۆر بە نرخ و گرانبەهایە، وەك لەم سەرگوزشتەیەی خوارەوەدا دیارە، دیسان میهرەبانی دەچێتەوە پلەی یەکەم و تەنانەت پێش پارەو پولیش دەکەوێت، بە جۆرێك کە چاو برسییەکانیش تێدەگەن کە میهرەبانی چەندە ناوازەو بەنرخە!

دەگێڕنەوە خانمێکی بە تەمەن بەرەو کوێستان گەشتی کرد، لە ڕێگادا بەردێکی گرانبەهای دۆزییەوە.

ڕۆژی دواتر ڕێبوارێکی بینی کە برسی و لاواز دیاربوو، خانمی بە تەمەن جانتاکەی کردەوە تا هەندێك لە خواردنەکەی بدات بە ڕێبوارەکە، ڕێبواری برسی بەردە بەنرخەکەی لە جانتای خانمەکەدا بینی، زۆر پێی سەرسام بوو، دەشی زانی نرخێکی زۆردەکات، هەربۆیە داوای لە خانمەکە کرد کە بەردەکەی بداتێ!

خانمی گەشتیار بەردەکەی پێشکەش کرد، ڕێبوارەکە زۆر شادمان و دڵخۆشبوو، چونکە وایدەزانی کە گرێی بەختی کراوەتەوەو ئەو بەردەش ئەوەندە گرانبەهایە کە دەتوانێت بە فرۆشتنی تا کۆتایی تەمەنی بە خۆشگوزەرانییەوە پێی بژی! خۆشحاڵی سەراپای جەستەی تەنی بوو... بەڵام چەند ڕۆژ دواتر ڕێبوارەکە کەوتە گەڕان بۆئەوەی خانمە بە تەمەنەکە بدۆزێتەوە.. لە کۆتاییدا خانمەکەی دۆزییەوە... بەڕێزەوە سڵاوی لێکردو بەردە بەنرخەکەی دایەوەو وتی: (زۆر بیرم کردەوەو ئەشزانم ئەم بەردە چەندە بەبەهایە، بەڵام ئەم بەردە ئەدەمەوە بە خۆت بەو ئومێدەی کە شتێکی بەنرختر بە من بدەی.. تکایە ئەگەر ئەتوانی ئەو میهرەبانییەم بدەرێ کەوای لە تۆکرد ئەو بەردە بە من ببەخشی)))!

هەمووشمان زادەی میهرەبانین، ئەگەر میهرەبانی دایکمان نەبوایە، ئێمە هیچ بووین، ئەگەر میهرەبانی مامۆستا نەبوایە، ئێمە نەخوێنەواربووین، ئەگەر میهرەبانی پزیشك نەبوایە ئێمە هەمیشە نەخۆش بووین، ئەگەرو ئەگەر.....!

---

مێشکت پێویستی بە وەرزشە، هەروەکو چۆن ماسولکەکانت پێویستیان بە وەرزش و ڕاهێنانە، ئەگەر لە ڕێگای ڕاستدا زۆر بە کاریبێنی، دەبیتە کەسێکی کارامەی خاوەن بیرو دەتوانی توانای سەرنجدانت زیاد بکەیت، بەم چەند ڕێگە ئاسانە دەتوانیت تاڕادەیەکی باش توانای زیرەکیت زیاد بکەیت:-

١- کەمکردنەوەی سەیرکردنی تەلەفزیۆن:- سەیرکردنی تەلەفزیۆن توانای زیرەکیت بەکارناهێنێ و وزەی پێنابەخشێ، کاتێك هەست بەحەوانەوە دەکەیت، دەتوانی لە جیاتی سەیرکردنی تەلەفزیۆن، کتێبێك بخوێنیتەوە، ئەگەر ماندووش بوویت، دەتوانی گوێ لە مۆسیقایەکی ئارام بگریت، یان لەگەڵ کەسێك گفتوگۆ بکەی، یان هەرکارێکی تر.

٢- وەرگرتنی پشوو:- وەرزشکردن، ئەو کاتەی لە وەرزش بەسەری دەبەیت، دەبێتە هۆی زیادبوونی فێربوون، چونکە بە ڕەهەمەت باشتر دەکات، بەکارهێنانی جەستەت خەیاڵت ئاسوودە دەکات و شەپۆلێکی وزە لە جەستەت فەراهەم دەهێنێت.

٣- خوێندنەوە:- خوێندنەوەی کتێب باشترین ڕێگەیە بۆ زیادکردنی زیرەکیت، فێربوونی زمانی نوێ و هەوڵدان بۆ شارەزابوون لە کەلتووری نەتەوەکان، وات لێدەکات بەشێوەیەکی جیاواز لە شتەکان بڕوانیت.

٤- خواردن:- وەك هەر شتێکی تر لە جەستە، مێشکت پێویستی بە وزەیە، ئەم وزەیەش لە شێوەی گلوکۆز دەگاتە مێشك، خواردنەوە شیرینەکان بە ئاو وەخواردنی سەوزەو میوە بە بەردەوامی. خواردنی ماسی و گوێزو سێو و پاقلەو سپێناخ و ڤیتامین (K).

٥- بیرکردنەوە:- بەسەربردنی کات بە تەنیایی لە بیرکردنەوە هەڵێکی ترت بۆ دەڕەخسێنێ بۆ ڕێکخستنی بیرۆکەکانت و درککردن بە ئەرك و بەرپرسیاریەتییەکانت، تێگەیشتنێکی باشترت دەبێ بۆ ئەو شتانەی کە شایەنی گرنگی پێدانن.



# پێشەوا شافیعی

بەرزان ئەبوبەکر

پێشەوا شافیعی (١٥٠-٢٠٤) کۆچی بەرامبەر( ٧٦٧-٨٢٠) زایینی..

شافیعی یەکێك بوو لەو کەسانەی بە بێ باوکی گەورەبوو، زانستو زانیاری شافیعی تەواوی جهانی گرتەوەو بووە ئەو مرۆڤە ناسراوەی کە موسوڵمانان هەمیشە پێویستیان بە ڕاوبۆچوونەکانی هەیە. شافیعی ناوی (محمدی کوڕی ئیدریس کوڕی عەباسی کوڕی عوسمانی کوڕی شافیعی قوڕەیشی)یە، لە ساڵی (١٥٠) کۆچی لە شاری غەززە لە فەلەستین لە دایکبووە. لە دایکبوونی هاوکات بوو لەگەڵ کۆچی دوایی پێشەوا (ئەبوحەنیفە).

ئەو کاتەی دایکی شافیعی دوو گیان بوو، هاوسەرەکەی بە مەبەستی کاروبار چووە دەرەوە، بەڵام قەدەر وابوو کۆچی دوایی دەکاتو ناگەڕێتەوە لای خێزانەکەیو شافیعی بە چاوی خۆی باوکی نابینێت، واتە پێش لە دایکبوونی باوکی کۆچی دوایی دەکات، دوای دووساڵ دایکیو شافیعی دەگەڕێنەوە شاری مەککەی پیرۆز.

شافیعی خاوەنی زیرەکییەکی دەگمەنو ناوازە بووە، هەر لە سەرەتای تەمەنیدا دەبێتە قوتابی قوتابخانەی قورئانی پیرۆزو لە تەمەنی (٧)ساڵیدا هەموو قورئانی پیرۆز لەبەردەکات، لە تەمەنی (١٠) ساڵیشدا موتەئی ئیمام مالك لەبەردەکات، لە تەمەنی (١٥) ساڵیدادەبێتە موفتی..

شافیعی تێکەڵاوی هۆزەکانی هوزەیل بووە، کە خاوەنی پاراوترین زمان بوون، لەوان سوودی زۆری وەرگرتووە، شیعرو پەندەکانیانی لەبەرکردووە..

شافیعی سێیەم پێشەوای موسوڵمانانە، خاوەنی مەزهەبی شافیعییە، دامەزرێنەری زانستی (اصول فقه)، هەروەها مامۆستاو

پێشەوایە لە زانستی تەفسیرو زانستی فەرموودەدا، لە ماوەی ژیانیدا بووەتە قازیو بە دادپەروەریو زیرەکی ناوبانگی دەرکردووە، جگە لە زانستی ئایینی، شافیعی شاعیرێکی زمانپاراوو لێهاتوو بووە، گەشتیارێکی بە ئەزموون بووە.

شافیعی لەسەر دەستی شێخو موفتی حەرەم (مسلیمی کوڕی خالدی زەنجی)و سفیانی کوڕی عوەیینەی هلالی فیقهی خوێندووە، پاشان کۆچی کردووە بۆ مەدینەی پیرۆزو لەوێ دەگاتە خزمەتی پێشەوا مالیکو لای پێشەوا زانستی ئایینی دەخوێنێت، پێشەوا مالیکیش لەبارەیەوە دەڵێت: هیچ قورەیشییەك نەهاتۆتە لام، بە ئەندازەی شافیعی زیرەك بووبێت..

پاشان چووەتە وڵاتی یەمەنو دواتریش لە ساڵی (١٨٤)کۆچی چووەتە شاری بەغداد، بووەتە قوتابی لای قازی (محمد کوڕی حسن شەیبانی)، وانەی مەزهەبی ئەبوحەنیفەی خوێندووە، بەمەش فیقهی حیجازی کۆکردۆتەوە، مەزهەبی مالکی لە مەدینەی پیرۆز لەسەر دەستی پێشەوا مالیکو مەزهەبی ئەبوحەنیفەی لە عێراق خوێندووە، دواتر شافیعی دەگەڕێتەوە بۆ شاری مەککە، ماوەی نۆ ساڵ لە شاری مەککە مایەوەو لە حەرەمی پیرۆز وانەی وتۆتەوە، پاشان بۆ جاری دووەم لە ساڵی (١٩٥)کۆچی گەڕایەوە شاری بەغدادو لەوێ کتێبی رسالەی داناوە، کە بنەمای دامەزراندنی زانستی (أصول فقه) بووە، ماوەی دوو ساڵ لە بەغداد ماوەتەوە، لەو ماوەیەدا مەزهەبی سەربەخۆی تایبەت بە خۆی وتۆتەوەو پێشەوایەتی کردووە، لە قوتابییە ناودارەکانی شافیعی لە شاری بەغداد (پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، ئەبو سەور، زەعفەرانیو کەرابیسی)ە، پاشان چووە بۆ وڵاتی میسر، لە میسر شافیعی سەر لە نوێ تەسنیفی کتێبی رسالەی کردۆتەوە کە لە شاری بەغداد دایناب‌وو، پاشان بۆ جاری سێیەم دەگەڕێتەوە بۆ شاری بەغداد، تا ساڵی (٢٠٠) کۆچی لە بەغداد دەمێنێتەوە، دواتر دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی میسرو لە شاری فستات میوانی عەبدوڵای کوڕی حەکەم بووە، لەوێ سەرقاڵی وانە وتنەوەو بڵاوکردنەوەی زانست بووە، تا دواجار لە ساڵی (٢٠٤) کۆچی لە میسر کۆچی دوایی کردووە.

شافیعی خودی خۆی مەزهەبەکەی تەدوین کردووە، لە دانراوە کۆنەکانی شافیعی کتێبی (الحجە)، کتێبی (کتاب الام) لە ئێستادا ئەم کتێبە بە حەوت جەلد چاپکراوە.

مەزهەبی شافیعی لە وڵاتەکانی(حیجازو عیراقو میسرو شامو فەلەستینو عەدەنو حەزرەمەوت، بڵاوبۆتەوە، هەروەها مەزهەبی زۆربنەی خەڵکی ئیندۆنیسیاو سریلانکایەو بەشێك لە موسوڵمانانی فیلپینو هیندو چینو ئوستراليا پەیڕەوی مەزهەبەکەی دەکەن).

**وتەی پێشەواو زانایان سەبارەت بە پێشەوا شافیعی:**

* پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە بارەی پێشەوا شافیعییەوە بەمجۆرە دەدوێت: خودای گەورە بۆ سەدەی یەکەمی ئاینی ئیسلام، عومەری کوڕی عەبدولعەزیزی ناردووەو بۆ سەدەی دووەم پێشەوا شافیعی ناردووە.

هەروەها دەڵێت: شافیعی وەکو خۆر وایە بۆ دونیا، وەکو تەندروستی وایە بۆ خەڵکی.

* رەبیعی موڕادی دەڵێت: شافیعی لە تەمەنی پانزە ساڵییەوە موفتی بووە، هەموو شەوێك شەونوێژی کردووە، تا ئەو کاتەی ماڵئاوایی لە ژیان کردووە.

* یونسی کوڕی صەدەفی دەڵێت: هیچ کەسم نەبینیوە لە شافیعی عاقڵتر بێت.

زەهەبی دەڵێت: شافیعی خاوەنی عەقڵێکی حەکیمو زمانێکە کە هیچ قسەیەکی پێ نەکردووە سوودی نەبووبێت.

لە وتە ناودارەکانی پێشەوا شافیعی:

- فێربوونی زانستو زانستخوازی لە نوێژی سوونەت باشترە.
- سەبارەت بە زانایانی بواری فەرموودەدە وتوویەتی: ئێوە دەرمانسازن، ئێمەش پزیشك.
- ئەگەر ئاوی سارد زیان بە پیاوەتیم بگەیەنێت نایخۆمەوە.
- زانست ئەوەیە سوود دەگەیەنێت، نەك ئەوەی لەبەردەکرێت.

**شافیعیو هەڵوێستێکی ناوازە:-**

جارێکیان شافیعی بە سواری ئەسپێکی ڕەسەن بە لای دوو گەنجدا تێپەڕی، یەك لە گەنجەکان وتی: ئەوە (شافیعی)یە، ئەوی تروتی: شافیعی کێیە؟ وتی: ئەوزانایەکی پایەبەرزە، خاوەنی چەندین سیفاتی جوانو ناوازەیە، یەك لە سیفەتەکانی ئەوەیە کە هەرگیز سوێند ناخواتو لە قسەکانیدا سوێند بەکارناهێنێت!

ئەوی تر وتی: با تاقی بکەینەوە، لەسەر ئەوە رێککەوتن کە برۆن بۆ لایو پێی بڵێن ئەو ئەسپە هی ئەوانەو لێیان دزراوە، دواتر کێشەکە دەگەیەننە لای قازیو ئەو کات شافیعی ناچار بە سوێند خواردن دەبێت بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە ئەو ئەسپە هی خۆیەتی، بەو شێوەیە پیلانیان بۆ دانابوو، رۆیشتنە لای شافیعیو پێیان گوت: کە ئەو ئەسپە هی ئەوانە، شافیعی زۆر بە ئارامییەوە وتی: بەڵام ئەم ئەسپە بە ساوایی بە دیاریی بۆیان هێناومو خۆم گەورەم کردووە، گەنجەکان لەسەر داواکەیان سووربوون، هەربۆیە کێشەکەیان گەیاندە لای قازی، قازی پرسی: بەڕێزجەنابی (شافیعی) ئێمە دەزانین کە ئەو ئەسپە هی خۆتەو گومانمان لە بەڕێزتان نییە، بەڵام ئەم دوو گەنجە ئامادەن سوێند بخۆن، کە ئەو ئەسپە هی ئەوانە، بۆیە دەبێت بەڕێزتان سوێند بخۆن کە ئەو ئەسپە هی خۆتانە، شافیعی ڕەتی کردەوە کە سوێند بخوات، قازی گوتی: ئەگەر بەڕێزتان سوێند نەخۆن، ئەوا ئەسپەکە ئەدرێت بەو دوو گەنجە.

شافیعی: ئامادەم دەست لە ئەسپەکەم هەڵگرم، بەڵام ئامادەنیم، سوێند بخۆم!

دواتر دادگا بڕیاری دا، ئەسپەکە بدات بە دوو گەنجەکە، لەبەرئەوەی سوێندی نەخوارد.. بەڵام هەر کە گەیشتنە دەرەوەی دادگا دوو گەنجەکە چوونە لای پێشەوا شافیعیو زۆر داوای لێبووردنیان لێکردو وتیان ئێمە تەنها مەبەستمان تاقیکردنەوەی ئەو قسەیە بووە کە بەڕێزتان هەرگیز سوێند ناخۆن.. ئێستا بۆمان دەرکەوت کە بەڕێزتان پابەندن بە بەڵێنەکەتانەوە..

دەزانن پێشەوا شافیعی لە وەڵامدا چی وت؟

وتی: من ئەو ئەسپەم ناوێتەوە، چونکە لێی کەوتمە گومانەوە!!

لە کاتێکدا ئەسپ لەو کاتەدا وەکو ئۆتۆمبیل وایە لەم سەردەمەدا..

# تفەنگی سەوز..!

سرووشتی کوردستان دەوڵەمەندبووە بە ڕووەك‌و گیانلەبەری فرەچەشن، لە کۆندا نموونەی گیاندارەکان لە نزیکەوە بینراون، هەربۆیە لە ناونانی دێهات‌و ناوچەوتیرەکاندا، هەروەها گۆرانی‌و فۆلکلۆری کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە، بە هۆی ئەو گۆڕانە ڕامیارییە پڕ لە ستەم‌و کاولکاری‌و کیمیاییەوە کرایە سەر هەرێمی کوردستان، پاشان سوتاندن‌و مین‌و برسێتی، گیانلەبەرانی ناوچەکەش بێبەش نەبوون لە قڕکردن‌ولەناوچون، بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانییە تێکدانی ئەم هاوسەنگییە ژینگەییە لە دوای ڕاپەڕین لەلایەن خەڵکانێکەوە بێ گوێدانە گرنگی گیانلەبەران‌و نەبوونی هۆشیاری، تائێستاش بەشێکیان هەربەردەوامن، ڕەنگە لەو کاتەدا لەبەر برسێتی بووبێت، کەچی زۆرن ئەو کەسانەی ڕاوکردن وەك چێژێك ئەنجام دەدەن، هەرچەندە ئەم کارە لە ڕووی ئاینییەوە ڕێگە پێدراو نییە، چونکە پێویستیان بەو گۆشتە نییە.

زۆرن ئەو کەسانەی ئارەزوو دەکەن سرووشتی کوردستان پڕ بێت لەگیانلەبەر، دارستانەکان چڕو سەوزبن، کانیاوەکان هەمیشە پڕ ئاوو ڕوون بن‌و دەنکە زیخەکان وەك مرواری بدرەوشێنەوە، حەزدەکەین پۆڕو سوێسکەو کەو..هتد، سڵمان لێنەکەنەوە، دەمانەوێت بە ڕۆژ ڕەوە ئاسك‌و مامزەکان ببینین، تەنانەت دڕندەکانیش، ئەم کارە هیممەتی دەوێت، هەرچەندە کاری باش لە ئارادایە لەلایەن پۆلیسی دارستان‌و هاوڵاتیان‌و خەڵکی دڵسۆزەوە، بەڵام ئەوزیانەی کە بەرژینگەی ناوچەکە کەوتووە زۆر گەورەیە، دەبێت سنورێك بۆ ڕاوکردن دابنرێت، دەبێت ڕاوچییەکانیش بە خۆیاندا بچنەوە.

دوای ئەوەی هیممەتی کردو بە بەردێکی گەورە لولەی تفەنگەکەی خوارکرد، ئەحمەدی عەزیزی کۆنە ڕاوچی بڕیاری دا لە دوای ساڵانێکی زۆر لە ڕاوکردنی کەو، ئاسك‌و کەڵە کێوی‌و...هتد، بەرد بکێشێت بەسەر ئەو حەزە ناشیرینەی خۆیداو پانی بکاتەوە، بڕیاریدا جارێکی تر ڕوو لە ڕاوشکار نەکات، ئەحمەدی عەزیزی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بەهۆی ئەم کارە جوانەیەوە بەرامبەر بە سرووشتی کوردستان‌و پاراستنی ژینگەکەی ئەنجومەنی سەوزی چیا ئاهەنگێکیان بۆ گێڕاو سوپاسیان کردو ڕێزێکی زۆریان لێگرت، تفەنگەکەشیان ناولێنا تفەنگی سەوز، چونکە ئەو تفەنگە جارێکی تر ناتوانێت بە هۆی ئیرادەی بەهێزی خاوەنەکەیەوە گیانلەبەران بکوژێت، ئومێدیان خواست ڕاوچییەکان‌و خەڵکی تریش چاو لەم پیاوە بەهیممەتە بکەن.

ئەو دەستەی گیانی چەندان کەڵەکێوی کێشا بوو، ئێستا بێ زیانە، ئەو کەسەی لە پشت تاشەبەردێکەوە خۆی مەڵاس دەکردو چاوەڕێبوو تا کاتی تینووبونی مامزەکان‌و ساتی ئاو خواردنەوەیان، لە کاتێکدا ئەوان بێ ئاگا دەمی تینوو پڕ لە تامەزرۆییان دەخستە نێو ئاوەکەوە، ئەم گیانی دەکێشان، ئێستا پەشیمانە، ئەو تفەنگەی باڵی کەوی نەخشینی سور دەکرد ئێستا سەوزە.

خۆزگە هەموو تفەنگەکان خوارو سەوز دەبوون..







جەلال عەبدوڵا حاجی

42



40



46



39



37



# پەروەردە

# سەرەنجامی فێڵو ساختە..

هەرچەندە خەڵکی وڵاتی کوەیت بوو، بەڵام پیاوێکی هەژارو بێکاربوو، بەردەوام هەوڵی دەدا بۆئەوەی ژیان‌و گوزەرانی باشتربکات، چەند ساڵێك بەو شێوەو گوزەرانە بە هەژاری مایەوە، ڕۆژێك یەکێك لە هاوڕێکانی کە خاوەنی کارگەیەکی گەورە بوو، سەردانی کردو پێشنیاری بۆ کرد کە بێتە کارگەوو وەکو کرێکارێك کاربکات، ئەویش بە خۆشحاڵییەوە پێشنیارەکەی قبوڵ کردو بۆ ڕۆژی دوایی چووە کارگەو دەستی بە کارکردن کرد، ماوەی سێ ساڵ لەو کارگەیەدا کاری کرد، بەڵام بە هیوای دەوڵەمەندبوون بەردەوام لە هەوڵی داهاتی زۆرترو باشتردا بوو، زۆر بە پەرۆشەوە لە هەوڵی کۆکردنەوەی سەروەت‌و ساماندا بوو، هیچ کات لە سامانەکەی نەدەبەخشی، تەنانەت دڵی نەدەهات بۆ خۆی‌و خێزانەکەشی خەرج بکات، کورد وتەنی: دەستی نوقاندبوو، زۆر بە ڕەزیلی ژیانی دەگوزەراند، بە ئەندازەیەك لە ناو خەڵکیدا بە چروك‌و ڕەزیل ناوبانگی دەرکردبوو، بەڵام هیچ گرنگی بە قسەی خەڵکی نەدەدا، بەڵکو تەنها گرنگی بە کۆکردنەوەو زۆرکردنی سامانەکەی دەدا، ماڵ‌و سامان تاکە ئاوات‌و ئامانج‌و مەبەستی بوو، دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵێك توانی سامانێکی باش کۆبکاتەوە، لەگەڵ یەکێك لە هاوکارەکانی کارگەیەکی بلۆکیان دانا، کارگەکەیان ڕەواجی پەیدا کردو ڕۆژانە قازانجێکی باشیان دەکرد، بەڵام ئەم کەسە نەخۆش بوو، نەخۆشی جەستەیی نا، بەڵکو نەخۆشی ئالوودەبوون‌و خۆشەویستی لە ڕادەبەدەری بۆ سەروەت‌و سامان، هەرچەندە سامانەکەی زیاد دەبوو، قەناعەتی پێ نەدەکردو هەوڵی زیاتری دەدا، هەربۆیە بۆ زیادکردنی سامانەکەی بیری لە فێڵێك کردەوە، پیلانێکی دانا، بۆ زیادکردنی ڕێژەی لم‌و کەمکردنەوەی ڕێژەی چیمەنتۆ لە دروستکردنی بلۆکەکانیدا، بەوەش توانی سەروەتێکی بێ شومار کۆبکاتەوە.. بە سامانەکەی زۆر لە خۆی بایی بوو.

دواتر کارگەیەکی دیکەی بلۆکی دامەزراند، بەڵام هەرگیز لە زۆربوون‌و کەڵەکەبوونی پارەو سامانەکەی تێر نەدەبوو، بەردەوام بە دوای زیاتردا دەگەڕاو وەکو کەسێکی بێ دەرامەت خۆی ماندوو دەکرد، وایلێهاتبوو، جگە لە خۆشەویستی بۆ ماڵ‌و سامان، خۆشەویستییەکی دیکە لە دڵیدا جێگیر نەبوو، جگە لە بیری زۆرکردنی سامان، بیری لە شتێکی دیکە نەدەکردەوە، دواجار سەروەتەکەی زۆر بوو، خەونی دەوڵەمەندبوونی هاتە دی، بووە یەکێك لە دەوڵەمەندەکانی شارەکەی، بەڵام بەداخەوە لە ڕێگەی فێڵکردن‌و ساختەوە سەروەتەکەی زۆر کرد..

ئەم پیاوە دۆست‌و خۆشەویست‌و هاوڕێی تەنها سامانەکەی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بە ڕەزیلی‌و چروکی لەگەڵ خێزان‌و منداڵەکانی مامەڵەی دەکردو فلس فلس حسابی لەگەڵدا دەکردن، تەنانەت خۆشی لە سامانەکەی نەدەخوارد، ئەو تەنها کاری بۆ کۆکردنەوەی سامانی زۆرترو گەنجینەی زیاتر دەکرد، ئەوەش بووە هۆی خراپبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، سەردان نەکردنی خزم‌و کەس‌و کارو دۆستان‌و نزیکانی، چونکە ئەو واگومانی دەبرد کە ئەوان تەنها لەبەرخاتری پارەو سامانەکەی ئەویان دەوێت، وایدەزانی خزم‌و نزیکانی لەبەر سامانەکەی خۆشیان دەوێت، ئەوەش بووە هۆی پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ خزم‌و نزیکانی.. ئەم بازرگانەی ئەمڕۆو کرێکاری دوێنی، جگە لە پارەو سامان شتێکی دیکەی لە دنیادا نەدەبینی، دواجار کارگەی سێیەمیشی کردەوە..

خۆشەویستی مرۆڤ بۆ سامان ئاوایە، ئەگەر پڕ بە دۆڵێك ئاڵتوونت هەبێت، ئاوات دەخوازی دۆڵێکی دیکەشت هەبێت.. سەرەڕای دەوڵەمەندبوونی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر فێڵ‌و ساختەی لە دروستکردنی بلۆکەکانیدا دەکرد، بە ئەندازەیەک بلۆکەکانی زۆر بێ کەڵک بوون، ڕۆژێکیان کڕیارێك هات بۆ لای‌و هەندێك بلۆکی لێکڕی، دوای ئەوەی بلۆکەکانی لێکڕی‌و لە چینی دیواردا داینا، کاتێك ویستی سەقف تێبکات بە هۆی خراپی بلۆکەکانییەوە دیوارەکەی ڕووخا، خاوەنماڵ زانی هۆکاری داڕمانی دیوارەکەی بلۆکە خراپەکانە، لەبەرئەوە لە دادگا سکاڵایەکی لە دژی خاوەنکارگەکە تۆمار کرد، کاتێك دادگا بە فێڵ‌و ساختەی ئەم بازرگانە ڕەزیل‌و چروکەی زانی، بۆی ڕوون بووەوە کە بە چ شێوەیەك فێڵی لە کڕیارەکانی کردووە، دادگا بڕیاری دا بۆ ماوەی چوار ساڵ زیندانی بکات، یان بڕی (٥٠ هەزار دۆلار) غرامە بدات، ئەم بازرگانە بەخیل‌و ڕەزیلە چوارساڵ زیندانی هەڵبژارد نەك غرامەکە، چونکە دینارلە دەستی نەدەبووەوە، چوارساڵ لە زینداندا ژیانی گوزەراند، تەنها لەبەرئەوەی دڵی نەهات لەو هەموو سەروەتەی کۆی کردبووەوە، بڕی غرامەکە بدات، بەڵام ئایا ئەمە کۆتایی‌و سەرەنجامی فێڵ‌و ساختەکەیەتی؟

بێگومان نەخێر، بەڵکو هەموو کارگەکانیشی لە کاتی شەڕی عێراق کوەیتدا لە ڕەگ‌و ڕیشەوە سوتاو هیچ شتێکی بۆ دەرنەچوو، لەوەش خراپتر ئەوە بوو، دووچاری ئیفیلجی بوو، ئێستا لایەکی جەستەی کارناکات..

هیوادارم هەرگیز لە ڕێگەی فێڵ‌و ناپاکییەوە هەوڵی زیادکردنی سامانەکەمان نەدەین، بە بەخشین سامانەکەمان بپارێزین، نەك بە ڕەزیلی‌و چروکی.



ئالانی

# باخچەی ساوایان، پێویستە بۆ منداڵ؟

منداڵ لەو تەمەنەی کە دەچێتە باخچەی ساوایان، واتە لە تەمەنی پێنج ساڵیدا، تەمەنێکی زۆر گرنگە، ئەو پەروەردەیەی وەریدەگرێت هەر ئەوەیە کە لە داهاتودا ژیانی لەسەر بونیاد دەنرێت، هەربۆیە هەڵبژاردنی باخچەی ستاندەر لە ڕووی کوالێتی شوێنو نەخشەو مامۆستاو دادەو هۆکاری گواستنەوە... کارێکی پێویستە، نەك تەنها خودی ناردنە باخچە، لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لە بەریتانیا ئەنجامدراوە، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو منداڵانەی دەچنە باخچەکان، زیاتر هونەری کۆمەڵایەتییان هەیە بە بەراورد بەو منداڵانەی ناچنە باخچەکان.

باخچەکانیش لایەنی پۆزەتیڤو نێگەتیڤیان هەیە. گرنگترین سودەکانی بریتین لە:-

١- منداڵ متمانە بەخۆبوونی بۆ دروست دەبێت.

٢- زیاتر ڕێزی کەسانی دی دەگرێتو زۆرتر حەز بە هاوبەشیکردنو تێکەڵاوی دەکات.

٣- ئاگایی‌و وریایی منداڵ زیاد دەبێت.

٤- تواناکانی گەشە دەکاتو توانای داهێنانی زیاد دەکات.

٥- لە ڕێی باخچەوە هاوڕێی بۆ دروستدەبێتو فێری هونەری پەیوەندی بە کەسانی دییەوە دەبێت.

لایەنە نێگەتیڤەکانی باخچەی ساوایان:-

١- ڕەوشتو مامەڵەی کەسانی دی، کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر منداڵ.

٢- ئەگەری زیاتری هەیە بە توشبوونی بە نەخۆشییە گوازراوەکان.

٣- منداڵ زیاتر فێری شەڕەنگێزی دەبێت، لە توێژینەوە بەریتانییەکەدا، بەهەمان شێوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەو منداڵانەی ڕۆژانە بۆ ماوەی (٦) کاتژمێر لە باخچەی ساوایانن، زیاتر شەڕەنگێزن.

٤- هۆگریان بۆ دایكو باوكیان کەم دەبێتەوە.

پێویستە چەند مەرجێك لە باخچەی ساوایاندا هەبێت، لەوانە:-

١- سەلامەتی مەرجی سەرەکییە لە ڕووی مەترسی جەستەیی، تەندروستی، پاكوخاوێنی، چونکە منداڵ لەم تەمەنەدا توانای خۆپاراستنی نییە، کاتێکی زۆری ڕۆژانەش لەوێ بەسەر دەبات، بۆیە مەرجی سەلامەتی لە پێش هەموو مەرجەکانی ترەوەیە.

٢- ژمارەی گونجاوی مامۆستاو دادەو بەشی کارگێڕیو باخچە، مەرجێکی گرنگەو پێویستە ڕەچاوبکرێت، چەند ژمارەیان زیاتر بێت ئەوەندە چاودێریو پەروەردەو ئاستی زانستی منداڵەکان لەبەرەو پێش چوندایە.

٣- بوونی پەیوەندی لەگەڵ بەڕێوەبەرو چاودێرو دادەکان بایەخی تایبەتی هەیە لەبەرەوپێشچونی باخچەو گرنگیدان بە منداڵەکان.

٤- فراوانی باخچە لە ڕووی ژوورو باخو ڕاڕەوو جێگای یارییەوە.

٥- بوونی ئەو یاریانەی کاریگەری لەسەر زیرەکی منداڵ هەیە لە ڕووی ڕەنگو دەنگو چیرۆکی پەروەردەییەوە.

منداڵ پێویستی بە ئامادەباشی هەیە بۆچونە باخچە؟

بێگومان ئەمە پرسیاری زۆرێك لە دایکانو باوکانە، هەر دایكو باوکێکیش وەڵامەکەی لای خۆیەتی، منداڵیش پێویستە ئامادەباشی بۆ بکرێت بۆ دروستکردنی خواستی چونە باخچە، پاشان ئەم چەند پێوەرەش هەیە بۆ زیاتر دڵنیابون لەوەی منداڵەکەت ئامادەباشی تێدایە بۆ چونەباخچە، یان نا:-

١- منداڵ بە تەنها توانای چونە توالێتی هەبێت.

٢- بتوانێت خۆی خواردن بخوات.

٣- بتوانێت بۆ ماوەیەك دوور لە دایكو باوکی ئۆقرە بگرێت، بەبێ ترس.

٤- بتوانێت گوێبگرێت بۆ مامۆستا لە کاتێکدا قسەیان بۆ دەکات.

٥- بتوانێت ڕستەیەکی تەواو بڵێت.



گوڵان حەمەئەمین

# دایە.. بابە، تکایە یەکترتان خۆشبوویت!

وا هەستدەکەم ئەوان یەکتریان خۆشناوێت. هەمیشە گوێمان لە هاتو هاوارو ئاژاوەو ناکۆکییانە، لەگەڵ ئەوەشدا نەیاندەویست ئێمە بزانین. هەموو دەمێ وادەردەکەوتن پەیوەندییان باش‌و بێ کێشەیە، بەڵام هەرکاتێ دەچوونە ژوورەکەی خۆیان، وەك هەمیشە گوێمان لە دەنگە دەنگ‌و بێزاری دەربڕین بوو بەرامبەر یەکتر. کاتێکیش دەهاتنە دەرەوە وەك بڵێی ئەوان نەبوون. زەردەخەنە لەسەرلێوانیان بوو. بەڵام چ زەردەخەنەیەك؟ زۆر بە ڕوونی دیاربوو دەستکردەو بۆ ئەوەی ئێمە نیگەرانی ئەوە نەبین کە چی ڕوودەدات!

زانستی دەروونی دەڵێت: یەکێك لە گرنگترینی ئەو دیاریانەی باوان بە نەوەکانیان دەبەخشن، ئەوەیە کە ئەوان یەکیان خۆشبوێت!

زانایانی دەروونزانیش جەخت لەوە دەکەنەوە ئەو منداڵەی لە خێزانێك پایەکانی کە دایك‌و باوکن، لەسەر بنەمای ڕێزو خۆشەویستی بنیاتنرابێت، ئەوا منداڵێکی دەروون تەندروستەو هەست بە ئارامی‌و ئاسایشی دەروونی دەکات‌و بەختەوەرە، تەنانەت ئەگەر ئەو خۆشەویستییە بۆ خودی منداڵەکەش نەبێت، چونکە ئەو هەستدەکات خێزانەکەی بنچینەیەکی پتەویان هەیەو لەگەڵی دەمێننەوە بێئەوەی ناچار بێت یەکێك لەوان هەڵبژێرێت.

کاتێکیش منداڵێك دەبینێ باوانی هەمیشە سکاڵای ڕەفتارەکانی بەرامبەری دەکات‌و بێ گوێدانە پابەندبوون بە پێگەی بەرامبەرەکەی‌و ڕێزی یەکتر فەرامۆش دەکەن‌و هەریەکێك لەوان خۆی بە ستەملێکراو دەزانێت، لە هەمووی ترسناکتر ئەوەیە لەبەرچاوی منداڵەکانیان کێشەو گرفتەکانیان باس بکەن‌و ئاژاوە هەڵگیرسێنن‌و هیچ گوێ بە هەستی منداڵەکانیان نەدەن، گەورە بن، یان بچووك. بێگومان کاریگەری فسیۆلۆجی دەبێت، وەك میز بە خۆداکردن، نینۆك خواردن، زمانگرتن لە کاتی قسەکردندا ...هتد، یەکێکی ترلەوکێشانە ڕووبەڕووبوونەوەی منداڵە لەگەڵ مامۆستاکانی، بە هۆی دابەزینی ئاستی نمرەکانی، ئەو هەمیشە لە دڵەڕاوکێ‌و نیگەرانیدایە، بۆیە گرانە بتوانێت زاڵبێت بەسەر تەواوی خوێندن‌و هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری، بە هۆی بەردەوام بیرکردنەوە لە باوان‌و ساردی پەیوەندییان، لۆمەکردنی مامۆستاکانیشی بەوەی خوێندکارێکی لاوازو تەممەڵەو گرنگی بە ئەرکەکانی نادات، ئەمەش ئازاری دەدات‌و هەوڵی شاردنەوەی ئاستی نمرەکانی دەدات، چونکە دەزانێت کێشەیەکی تر بۆ خێزانەکەی دەخولقێنێت، هەروەها چەندین کێشەی تر وەك دوورە پەرێزی‌و بەردەوام دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵ‌و دڵەڕاوکێ‌و هەست بە نائارامی دەروونی‌و جەستەیی‌و چەندین کێشەی تر.

زۆرجار لەوانەیە باوان هەوڵی شاردنەوەی ناکۆکییەکانیان بدەن، بەڵام منداڵ بە هەموو جۆرێ دەتوانێت لە ڕێگەی مامەڵەو ڕووانینەکانیان ئەوە بزانێت.

بزانن باوانی خۆشەویست ناکۆکی‌و نەبوونی خۆشەویستی نێوان ئێوە چ گرفتێکە بۆ نەوەکان، باشترین کارێك کە لەبەر منداڵەکانتان بیکەن ئەوەیە تەنانەت ئەگەر لە بەردەمیشیاندا بیروبۆچوونە جیاوازەکانتان بخەنە ڕوو، هاوڕا نەبن لانی کەم هەوڵ بدەن بەڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ یەکتردا بکەن، بێئەوەی دەنگ بەسەر یەکدا بەرز بکەنەوە، لە ئەنجامیشدا منداڵەکان هەست بە نیگەرانی ناکەن، دڵنیابن ناکۆکی ئێوە، یەکتر خۆشنەویستنی ئێوە، هاوارو دەنگە دەنگی ئێوە، واتە دارمانی خێزان‌و کۆتایی هاتنی ئێوە، ئەوەش باجەکەی تەنها منداڵەکەتان دەیدات، کەوایە تکایە باوانی ئازیز لەبەر منداڵەکانتان یەکترتان خۆشبوویت.

سوود لە کتێبی (اسطورة الحب كريم الشاذلي) وەرگیراوە.



بێگەرد فارس

# زیادەڕۆیی لە نازپێدان..
# بکوژی کەسێتی منداڵەکانمان

منداڵان خاوەنی جوانییەکی ئەفسوناوین، هێندە سەرنجڕاکێشن زۆرجار کەسانی دەوروبەربە تایبەتی دایكو باوکیان دەخەنە ژێر کاریگەری خۆیان، بە جوڵە سەرنجڕاکێش و بێ مەبەستەکانیان ئێمە دێننە ناو یاری و هیوایەتە سەیرو سەمەرەکانی خۆیانەوە، بە ڕادەیەك غەرقمان دەکەن لە ناو خۆشەویستی خۆیاندا، ئیدی عەقڵمان لە کار دەخەن، ئەوان ئێمە دەجوڵێنن بە ئارەزووی خۆیان، ئەوەمان لە بیر دەبەنەوە کە ئەمە تەنها قۆناغێکە ئەم ناسکۆڵەی پێدا تێدەپەڕی، زۆر بەزوویی گەورە دەبن، دواتر ئەو توانایەی کە هەیانبوو بۆ کۆنترۆڵکردنی گەورەکان لە دەستی دەدەن.

ئێمەش بێئاگاین لەوەی کە منالەکانمان هەر لە سەرەتای تەمەنیانەوە، بنچینە دادەنێن بۆ دروستبوونی کەسایەتی دوارۆژیان، منداڵان هەروەك چۆن جەستەیان لە گەشەدایە، دەبێت ئاگامان لە چۆنێتی خواردنیان بێت بۆئەوەی گەشەیەکی تەندروست بکەن، بە هەمان جۆر عەقڵو کەسایەتیشیان لە گەشەدایە، جا ئەگەر زیادەڕۆیی بکرێ لە هەر شێوازی مامەڵەیەك لەگەڵیان دواتر کاریگەری خراپ جێدەهێڵێ لە کەسایەتی ئەو منداڵە لە گەورەییدا.

دایكو باوکانی خۆشەویست، نازی زۆرو خۆشەویستی بێ ئەندازەو بێ بەرنامە بۆ منداڵەکەت، دوژمنایەتییەکی ژێر پەردەیە لەگەڵی بەرپا دەکەیت، دواتر کاریگەرییە خراپو نێگەتیفەکانی دەبینی، چونکە:-

١- کاتێك منداڵەکەت حەزلە هەرجۆرە یارییەك دەکات، تۆش بەبێ گوێدانە هیچ ڕێو شوێنێك دەیخەیتە بەردەستی، ئەوە بە ناڕاستەوخۆ پێی دەڵێی تۆ هەرشتێکت بووێ بە سانایی دێتە بەردەستت، بێ هیچ گرفتو کۆسپێك، کەواتە ئاستەنگ لە بەردەم ئارەزووەکانی تۆدا نییە، کاتێکیش منداڵەکەت گەورە بوو، هەر خۆت یەکەم کەس دەبیت کە پشت لە داواکارییەکانی دەکەیت، بەمجۆرە هەستی بێهیوایی و بێ متمانەیی لە کەسایەتی ئەودا دەچێنی.

٢- هەرکاتێك وەڵامی هەموو بیانوو گریانێکی بە ئەرێ دەدەیتەوە، بە ناڕاستەوخۆ ئەوە لە کەسایەتیدا دەچێنی، ئەو بە توندو تیژی و ڕقو کینەو دەنگ هەڵبڕین و گریان، دەتوانێ هەموو داواکارییەکانی بگەیەنێتە جێگای خۆی، کاتێکیش گەورە بوو، ئیتر ڕەنگە وەك خوویەکی بێسود بە توندو تیژییەوە داواکارییەکانی بە دەستبێنێ، لە کاتێکدا ئەمە لاوازترین چەکە کە فێری بووە کە بۆوازلێهێنانی کەمێك سەخت دەبێت.

٣- لە کاتی دروستبوونی هەرگرفتێکدا، بۆ نموونە لە کاتی یاریکردندا گرفتێکی بۆدروستدەبێت خێرا بە بێئەوەی فێری بکەی کە چۆن کێشەکە چارەسەربکات، گرفتەکەی بۆ چارەسەر دەکەیت، یان لە کاتی یاریکردن لەگەڵ هاوڕێکانیدا کێشەی بۆ دروستدەبێت، تۆ خێرا لایەنگری دەکەیت، ئەوە لە کەسێتیدا دەچێنی هەموو جار بۆ چارەسەری گرفتەکانی پەنا بۆ دەرەوەی خۆی ببات، کە گەورەبوو دەبێتە خاوەن کەسێتییەکی لاواز، چونکە ناتوانێ سوود لە تواناو بەهرە تایبەتییەکانی خۆی وەربگرێت.

٤- لە کاتی جێبەجێکردنی هەموو داوکارییەکانی ئەو، بێ بیرکردنەوە لە چۆنییەتی داواکارییەکانی بە ناڕاستەوخۆ پێی دەڵێیت: هەموو خەیاڵەکانی تۆ بە سانایی و بێ هیچ هەوڵو ماندووبوونێك جێبەجێ دەبن.

منداڵ کەسێکی زۆر وشیارو زیرەکە، بەردەوام لە خولی ڕاهێنانی فێربووندایە لای دایكو باوكو کەسانی دەوروبەری، پێوستە زۆر بە وشیاری و لێزانانە فێری بکەین، دەنا دواتر بەرپرسین لە هەر کەم کوڕییەکییان.



شیرین نجم الدین صدیق



# هاوڕێی هەمیشەیی!

پاش ئەوەی سەرمەد لە کۆلێژی ئەندازیاری دەرچوو، بە مەبەستی دۆزینەوەی کارێکی گونجاو ڕێی هەندەرانی گرتەبەر، کاتێك گەیشتەجێ، هەستی بە تەنیایی‌و غەریبایەتی کرد، چونکە هاتووەتە ناو وڵاتێك، وڵاتی خۆی نییە.

قەدەر وابوو، چاوی بە گەنجێك کەوت بە ناوی (محەممەد)، هەروەها هاوزمانی خۆی بوو، ئیدی دڵی تەنگی کرایەوەو یەکدییان لە ئامێزگرت، تادەهات هاوڕێیەتییان خۆشترو بەهێزتر دەبوو، ئەم دوو هاوڕێیە کۆمپانیایەکی بچووکیان دامەزراند، ئەم کۆمپانیایە گەورەبوو، تا بوو بە گروپێك کۆمپانیا.. ڕۆژێکیان سەرمەد، لە نووسینگەی محەممەد، چاوی بە کیژێکی جوان‌و ڕێك‌وپێك کەوت، سەرمەد نەیتوانی سەرسامی خۆی، لە ئاست جوانیی ئەو کیژە بشارێتەوە، محەممەد پێی گوت: هاوڕێی شیرینم، حەزدەکەیت ئەم کیژە بخوازیت؟

سەرمەد گوتی: هەر زۆریش! بەڵام ئەم ئافرەتە کێیە؟ چ کارەیە؟ محەممەد وەڵامی دایەوە: ئەوە دەستگیرانمە، بەڵام لەم ساتەوە لە من حەرام بێت، من نامەوێت، با بۆ تۆ بێت.

سەرمەدی هاوڕێی زۆر هەوڵی دا، تا پەشیمانی بکاتەوە، بەڵام محەممەد پێداگریی زۆری کردو دواتر ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ ئەو کیژەدا پێکهێنا.. پاش ماوەیەك، سەرمەد بڕیاری دا، بۆ وڵاتەکەی خۆی بگەڕێتەوەو لەناو خزم‌و کەسی خۆیدا ژیان بباتە سەر. لەبەرئەوە بۆ دابەشکردنی پشکی کۆمپانیاکان، قسەی لەگەڵ محەممەددا کرد.. پاشان پشکی خۆی وەرگرت‌و بەرەو نیشتمان گەڕایەوەو لەوێ دەستی بەئیش‌وکار کردو قازانجێکی زۆرو زەوەندی کردو بووە خاوەنی سامانێکی بێ شومار.

پاش ئەم ڕۆیشتنەی سەرمەد، وردە وردە لە وڵاتی غەریبایەتی، بازرگانییەکەی محەممەد بەرەو داڕمان دەچوو، تا ئەو ساتەی مایەپووچ بوو، هەموو شتێکی لە دەست دا.

محەممەد بە خەمبارییەوە بەرەو وڵات گەڕایەوەو سەرمەدیش باش دەیزانی چی بەسەر محەممەددا هاتووە، قەدەر وابوو لە ڕێگەدا بە یەکبگەن، بەڵام سەرمەد ڕێگەی خۆی گۆڕی‌و پێچێکی لێداو هەر لای لێنەکردەوە، محەممەدیش بەم هەڵسوکەوتەی هاوڕێ کۆن‌و گیانی بەگیانییەکەی زۆر دڵتەنگ بوو.

پاش دوو سێ ڕۆژێك، محەممەد چاوی بە پیرەمێردێکی بازرگان کەوت‌و خۆی پێناساند، پیرەمێردەکەش داوای لێکرد، کاری لەگەڵدا بکات‌و سەروکاری کارە بازرگانییەکانی بگرێتە دەست، ئیدی دیسانەوە هەلی لەباربۆ محەممەد ڕەخسا.

پاش دوو ساڵ پیرەمێردەکە، ماڵئاوایی لە دنیای ڕۆشن کرد، بەڵام

پێش ئەوەی بمرێت، بەشێکی زۆری موڵکە گرانبەهاکانی خۆی کرد بە ناوی محەممەدەوە، دواتر هاوسەری پیرەمێردەکە هات بۆ لای محەممەدو داوای لێکرد کیژەکەی بخوازێت. ئەویش ڕازیبوو کیژەکەی بخوازێت.

پاش ئەوەی کیژی پیرەمێردەکەی مارەکرد.. هاوسەری پیرەمێردەکە پێی گوت: پێمخۆشە سەرمەدی هاوڕێشت، لە ئاهەنگی گواستنەوەی کیژەکەمدا ئامادە بێت، محەممەدیش بە نابەدڵییەکەوە، ڕازیبوونی خۆی دەربڕی.

ئەو ڕۆژەی زەماوەندەکە سازکرا، سەرمەدو هاوسەرەکەی، پاش سەعاتێك لە دەستپێکردنی زەماوەندەکە گەیشتن، لە کاتی هاتنە ژووریاندا. محەممەد تیپی مۆزیکەکەی ڕاگرت‌و مایکەکەی بەدەستەوە گرت‌و بە ئامادەبووانی گوت:

ئا ئەمە، ئەو هاوڕێیەمە کە لە تەنیایی‌و غەریبایەتیدا، ئامێزم بۆ کردەوەو دالّدەم دا.. بەنرخترین شتی خۆم پێبەخشی، خۆشی‌و ناخۆشیم لەگەڵدا بەش کردبوو، تا پێکەوە دەوڵەمەند بووین، بەڵام کاتێك من مایەپووچ بووم‌و گەڕامەوە زێدی خۆم، لە ڕێگەدا چاوی پێم کەوت، ڕێگەی خۆی گۆڕی‌و لای لێنەکردمەوە!

ئێستەش سەرم سوڕماوەو نازانم بە چ ڕوویەکەوە دێتە ناوزەماوەندی منەوە، نازانم چۆن شەرمەزار نابێت؟!

پاشان بە گەرووی پڕ لە گریان‌و قرچەی گەرمی دەروون‌و لێشاوی فرمێسکی چاوییەوە، ئاماژەیەکی بە تیپی مۆزیکەکە دا، تا دەست پێبکەنەوە.

لە کاتێکدا ئامادەبووان بەرامبەر ڕەفتارەکانی سەرمەد، زۆر داخ لەدڵ بوون.. کەچی سەرمەد بەرەو تەختەی شانۆ هاتە پێش‌و مایکەکەی بەدەستەوە گرت‌و گوتی:

خۆشحاڵم بە دیمانەی ئەو هاوڕێیەی کە لە ڕێگەدا چاوی پێم کەوت‌و ڕێگەی خۆمم گۆڕی‌و سڵاوم لێنەکرد، چونکە پێم خۆشبوو، لەو کاتەی من بە دەوڵەمەندو خۆی بە هەژار دێتە بەرچاو، هەستی بەرزی ڕابگرم‌و دڵی لە خۆی دانەمێنێت!

زۆر شادم بە دیداری ئەو هاوڕێیەی کە باوکم نارده لای، تا لەسەر ڕێ، چاوی پێی بکەوێت، پاشان لای خۆی جێی بۆ بکاتەوە، بۆئەوەی کارەکانی ڕاپەڕێنێت.. چونکە پێم خۆش نەبوو، هەست بکات کە من بەزەییم پێیدا دێتەوە!

چاوو دڵم ڕوون بە ڕووی ئەو هاوڕێیەی کە داوام لە باوکم کرد، بەشێکی زۆری موڵك‌و ماڵی خۆی بکات بە ناوییەوە، چونکە لەوە زۆرتری شایستەیەو حەزم نەکرد وا بزانێت ڕەحمێك بە حاڵی دەکەم!

زۆر دڵخۆشم بە دیتنی ڕووخساری ئەو هاوڕێیەی کە دایکی خۆمم نارده لای، تا خوشکە جوان‌و ڕەوشتبەرزەکەی خۆمی پێ ببەخشم، چونکە شایستەیە، پێشم خۆش نەبوو ئەم کارەم، بە دەسەواو چاکەو پیاوەتی دانەوەی دابنێت!

کاتێك محەممەد ئەمانەی لەسەرمەد بیست، زۆر سەری سوڕما! بە هەنسکی گریانەوە خۆی هاویشتە ناو باوەشی سەرمەدو دەستی لە مل کردو زۆرزۆر داوای لێبوردنی لێکرد!!!

**و: ئەسکەندەر ڕەحیم**

---

# موی سپی قاسیدی مەرگ نییە نیشانەی ژیانێکی نوێیە

**عمر میرزادە**

١- بەپێی لێکۆڵینەوە زانستییەکان، موی سپی توانای زیاترە بۆ هەڵمژینی تیشکی سەرو وەنەوشەیی، کەواتە موی سپی پارێزگاری لە تووشبون بەشێرپەنجەی پێست دەکات، چونکە لە تەمەنی پیریدا گەشەی خانەکان کەم دەکات، کەواتە مووی سپی قاسیدی مەرگ نییە، بەڵکو تەمەن زیاتر دەکات.

٢- موی سپی نیشانەی ڕێزە، چونکە پێغەمبەر(سەلامی خودای لێبێت) ڕێزی لە هەموو کەس‌و بەتایبەت کەسانی موو سپی گرتووە.

٣- موی سپی پێمان دەڵێت: هەرچەندە ڕۆژەکانی ژیانت بە ڕەش‌و لاپەڕەکانی ژیانت تەنها بە ڕەش بەڕێ کردبن، لە کۆتاییدا دەتوانی سپییان بکەیتەوە.

٤- موی سپی نیشانەیە بۆ پیری‌و بێدارکەرەوەیە لە خودی جەستەی خۆت، ئەگەر لە زمانی تێبگەین، پێمان دەڵێت: ژیانت خۆشبوێت، من بەرگریت لێدەکەم.

٥- موی سپی نایەڵێ بە پیسی دەربکەوی، چونکە ئەگەر تێبینیت کردبێت، ڕەنگی ڕەش‌و ڕەنگی سپی، ڕەنگی ڕەش سپی زیاتر لێ دیارەو ڕەنگی سپی کەمتر.

نموونەش گوێم لە هاوڕێیەکەم بوو دەیگوت: نەکەن ئۆتۆمبێلی ڕەنگ ڕەش بکڕن، ئێستا بیشۆی تۆزێکی تروەك خۆی لێدێتەوە. مەبەستی پیسبوونی بوو..

٦- بەیانی بوو لەخەو هەڵسام کە ڕوانیم بەفرباریوە سلێمانی ئەڵێی بەڵقیسە تارای زیوینی پۆشیوە

ئەگەر شارێك، یان زەوی لەبەرباریی چەند کڵۆ بەفرێك سپی‌و تارای زیوی پۆشیبێ، ئەوا ئەوکەسانەی کەموویان سپی بووە، تاجی ئەڵماسیان بووە.



# کۆڕەو



**ڕۆشنا صاڵح**

با سەرەتا واتای وشەکە لێکدەینەوە، (کۆ) کورتکراوەی کۆمەڵێکو بە واتای کۆمەڵدێت، (ڕەو) واتە کۆچکردن بەجێهێشتنی شوێنێك، ڕۆیشتن بۆشوێنێکی تر، کۆچکردن لە شوێنێك بۆ شوێنیکی دیکە سەختەو پڕمەشەقەتە، بەڵام گەر تەنها بیت سەخترو ئازاربەخشترە، بەڕەغبەتی خۆت بێت قورسە لەسەر دەروونت، بەڵام ئەگەر بەناچاریو بێ ویستی خۆت بێت، ئەوا قورسترو ئازاربەخشترە!

لێرەوە دەچینە لای کۆڕەوە مەزنەکەی کوردستان، لە بەهاری ساڵی (١٩٩١) بابزانین چ وانەو پەندێکی لێوە فێردەبین تا لە مێژووماندا شانازی پێوەبکەینو سودی لێوەربگرین، دروستبوونو سەرهەڵدانی کۆڕەو لە ئەنجامی زوڵمو ستەمی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسدا ڕوویدا.

چیتر میللەت لە توانا و تەحەمولیدا نەما ئەو زوڵمو زۆرو ستەمە قبوڵ بکات، لەبەرئەوە پێکەوە هاتنەدەنگو ڕووبەڕووی بوونەوە، لە بارودۆخیکی نالەبارو کەشو هەوایەکی سارددا ڕێگای هاتوونەهاتیان گرتەبەر، تێکڕا بە دەنگێك دەنگی (نەخێر)یان بەرامبەر داگیرکەرانو دیکتاتۆرانو زۆرداران بەرزکردەوە!

بڕیارياندا دایکی دووەمو شیرینترینو بە نرخترین سەرمایەی ژیانیان، کە خاکو نیشتیمانەکەیانە جێبهێڵن، ڕەنگە بوترێت نە دەبوا بەجێیان بهێشتایە..

دەبوا بەرەنگاری دوژمن ببونایەتەوەو گیانی خۆیان لە پێناوی نیشتماندا بەختکردایە، بەڵام ئەوەمان لە یاد بێت کە لە ڕاپەڕیندا بەرەنگاریان بوونەوەو تەواوی شارو شارۆچکەو خاکی کوردستانیان لە ژێر دەستی زوڵمو ستەمی بەعسیەکان دەرهێناو خاکی کوردستانیان لە دیکتاتۆریەت پاککردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەعسیەکان دەوڵەتێکی زلهێزو خاوەن دەسەڵات بوون، کوردیش پەرتەوازەو ماڵوێران، هەربۆیە کاتێك دووچاری هێرشی پێچەوانەی ڕژێم بە پاڵپشتی فڕۆکەو تانكو زرێپۆشو سوپایەکی بێبەزەیی بووینەوە، ئێمەی کوردان توانای بەرگریکردنمان نەبوو، ناچار کۆڕەومان هەڵبژارد، بەڵام کاریگەرتر لە ڕاپەڕین بوو، چون ئەم کۆڕەوە جێهێشتنی نیشتیمان بوو، هەموو وڵاتە ویژدان زیندووەکان هاتنە سەرخەتو سنوریکیان بۆ زوڵمو زۆری ڕژێمی بەعس دانا، بەرهەمی کۆڕەو بووە هۆی ئەوەی بە یەکجاری کوردستان لە دەستی ڕژێمی بەعسو لە ژێر چەپۆکی دوژمن ڕزگاری بوو، پەرلەمانو حکومەت دامەزرا، ئەوەش وایکرد کۆڕەو ئەنجامی هەبێتو وانەیەکی گەورەمان فێربکات، کۆڕەو فێری کردین کە کورد بە یەکڕیزیو کاری بە کۆمەڵو ڕێگای ئاشتیو داواکردنی مافی ڕەوای خۆمان، بە یەکدەنگی بەدەست دەهێنین.

هەروەها سەرکەوتنی کۆڕەو ئەوەمان بۆ بەیان دەکات، کارکردنی بە کۆمەڵ ئەنجامی سەرسوڕهێنەری هەیە، سەرکەوتن مسۆگەرتر دەبێت، پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت: (برا لە پشت برا بێت، مەگەر قەزا لای خودا بێت).

خاڵێکی دیکە، گرتنەبەری ڕێگای ئاشتیانەو مەدەنیانە، هۆکاری سەرکەوتنە، کۆتایی هەموو جەنگەکانی دونیا دوای کوشتنو ماڵوێرانیو ئاژاوەی زۆر، دواجار لەسەر مێزی دانوستان چارەسەرکراوە، بە ڕێگای ئاشتیو گفتوگۆ، کەواتە گرنگە ئەوە بزانین ڕێگای ئاشتیو تەبایی، نێوانی مرۆڤەکان پتەوتر دەکات، کارە قورسو سەختو مەحاڵەکان ئاسانتر دەکات، مرۆڤەکان بەرەو لوتکەی بەختیاریو ئارامی دەبات، لەسەر هەمووان پێویستە کە قەدری ئەم ئازادییە بزانینو بێ بایەخ سەیری نەکەین، هەریەکەمان لەلای خۆیەوەو لە شوێنی کارەکەیەوە بنبڕی گەندەڵیو نادادپەروەری بکەین، لە هەوڵی داهێنانو بەرەو پێشبردنی وڵاتدا بینو لەم جیهانە فراوانەدا بە بەرهەمە ناوازەکانمان بوونی خۆمان بسەلمێنین.

# منداڵەکانتان بۆ ئاشنا بوون لەگەڵ کتێب ئامادە بکەن



ڕێڤان عەلی

ئەگەر لە گەشەو پەرەسەندنی کارامەییەکانی ئەو شتانەی منداڵەکەت پێی خۆشە یارمەتی بدەیت، فێربوونی خوێندنەوەی منداڵەکەتان ئاسانتر دەبێت. تەمەنی منداڵ بۆ هۆگربوون بە چالاکییە جۆراو جۆرەکانەوە دیاریکراوە، بەڵام هەرمنداڵێك کەسێتی خۆی هەیەو دەکرێ تەنانەت پاش ئەم تەمەنەش چێژ لە هەندێك لەو چالاکیانە وەربگرێت. وەك چۆن لە هەڵگرتنی یەکەمین هەنگاوی منداڵەکەت چاودێری دەکەیت، بە هەمان شێوە لە فێربونی یەکەمین وشەدا دەبێت یارمەتی بدەیت، وردە وردە منداڵەکەت ئازاد بکە تا ئەنجامدانی کارە قورس‌و قورسترەکان، بۆئەوەی لە خۆی دڵنیا بێت‌و باوەڕ بەخۆبوون بە دەستبێنێت.

ئەم چالاکیانەی خوارەوە جێگای گرنگی پێدانن‌و دەتوانێت پەیوەستبوونی منداڵەکانتان بە کتێبەوە پەرە پێبدات‌و تامەزرۆیی بۆ خوێندنەوە لە کەسێتیدا گەشە بکات، کە کلیلی سەرکەوتنیەتی لە داهاتودا. بەڵام گرنگە بە قورس وەرینەگریت هەرکات چێژی لێوەرنەگرت، پێداگری مەکەن‌و دەتوانن لەو کاتەدا یارییەکی دیکە هەڵبژێرن کە چێژی لێوەردەگرێت.

لە کاتی لەدایکبوونییەوە تا تەمەنی یەك ساڵی: کاتێکی زیاتر بۆ قسەکردن لەگەڵ منداڵەکانتان تەرخان بکەن، لە کاتێکدا قسەی لەگەڵ دەکەیت با لێوت بە زەردەخەنەوە بێت، وەڵامی دەنگ‌و زەردەخەنەکانی ئەویش بدەرەوە.

بە جۆرێك مامەڵە بکەن بتوانێت شێوەی دەم‌و چاوتان ببینێت. لە کاتێکدا وشەکانی بۆ دووبارە دەکەیتەوەو هەرشتێکی پیشان دەدەیت لێی بپرسە: «کوا چاوت؟»

پاشان دەست لە چاوی بدەو بڵێ «ئەمە چاوتە»، ئەم کارە چەندجار دووبارە بکەرەوە، پاشان گوێ، ئەژنۆو ئەندامەکانی دیکەی جەستەی پیشان بدەن، بەو مەرجەی هەریەکێکتان ماندووبون لەم کارە بووەستن، دەست لە لوت‌و گوێی بدەو وشەی «لوت»، یان «گوێ» بە سادەیی چەندجار بڵێنەوە، ئەم کارە بۆ شتەکانی دیکەش ئەنجام بدەن. بە یارمەتی بیستن‌و دەربڕین‌و پیشاندانی ئەو شتانە لە لایەن ئێوەوە منداڵ فێری ناوی شتەکان دەبێت. منداڵەکانتان سەرگەرم بکەن بە چیرۆك‌و لایلایە بە ئاوازی جیاوازو گۆڕینی شێوەی دەم‌و چاوتان.

### جۆری ئەو کتێبانەی پێویستە بۆ منداڵ بخوێنرێنەوە:-

لەوکتێبانە سوود وەربگرن کە وێنەی گەورەی تێدایەوبەرگەکانیان ڕەنگاوڕەنگن، زیاتر ئەو چالاکیانەی لەخۆگرتووە هەست‌و تێگەیشتنی منداڵ چالاك دەکات، هەروەها کاتیش بۆلێکدانەوەی وێنەکان تەرخان بکەن، بە جۆرێك بێت منداڵەکە چێژ وەربگرێت‌و ماندوو نەبێت، ئەم کارە ڕۆژانە لە ماوەیەکی کورتدا دووبارە بکەرەوە، کاتی نوستن زۆر گونجاوە، بەڵام دەتوانن سود لە کاتەکانی دیکەش‌وەربگرن:- لە نێو ئۆتۆمبێل، سەر مێزی نانخواردن، پێش، یان پاش نانخواردنی بەیانی، لە پارك، لە کاتی خوێندنەوەی کتێبدا وێنەکانی بە پەنجە پیشان بدەو ئەوەی لە چواردەورتاندا دەیبینن ئاماژەی بۆ بکەو ناوەکانیان بڵێ، بەم جۆرە منداڵەکەتان چێژوەردەگرێت‌و هەردوکتان سەرگەرم دەبن.

هەموو ئەم چالاکیانەو ئەوەی منداڵەکەتان پێی خۆشە، وەك دەنگی تۆو نزیکبوونی لە تۆوە، هۆکارە بۆ ئەوەی منداڵەکەتان زیاتر کتێبی خۆشبوێت.

لە ئایندەدا منداڵەکانتان ئەوەندەی پێویستیان بە ئێوەیە، پێویستیان بە کتێبیش دەبێت.

سەرچاوە: کتابك/ دستە: اموزش خلاق

# هەرگیز نارۆم!



بۆوەفاتم، گەروەفاین‌کا، بەهاتن، یەك نەفەس
لازمە دەستەودوعابم، تا ئەبەد من بۆ، وەفات
- ناری-

گەرمیانی

لەو ڕۆژەوە پێت گوتم: نەکەی بڕۆی! ئیدی من لەبەر دەرگای مەملەکەتی ئەوینی تۆدا ڕەشماڵم هەڵداو بوومە سالیکی تەریقەتی حەزرەتی پەروانە!

لەو ڕۆژەوە کە زانیم ژیانم هێندەی هەناسەیەك کورتە، ئیدی جگە لە پلانی ئەوین، نەخشەم بۆ هیچ کارێك دانەنا!

لەو کاتەوە، کە گوێم لە بانگی دڵم گرت، ئیدی گوێم بۆ دەنگێکی دی ڕانەگرت!

لەو ڕۆژەی ڕا، نەمتوانی بێ سروەی هەناسەت بژیم، بێ ئاوازی دەنگت بسرەوم! ئاواتم بە مردن دەخواست نەوەك ساتێك لێم دابڕێی!

توبی و سەری خۆت مەمخەرە زیندانی جودایی
خوێنم نییە، ها! بمکوژە بەم خەنجەری نەبرۆ -وەفایی-

نەفەسێکی تۆ بە نەفایسی هەموو دونیا ناگۆڕمەوە، ساتێك لە دیداری ڕووخساری نورینت بە ڕۆح و دڵ سەودا دەکەم! گەردی پێت بۆ کلی دیدەم بە ئاوات دەخوازم، هەموو عومرم دەکەمە شاباشی ئیلتیفاتێکی لەتیفی تۆ!

لەسەر پەنجەی پێ، لە ئینتیزاری هەڵاتنی شەمسی ڕووخساری تۆدا دەستەونەزەر، ڕادەوەستم!

نیگایەکی تۆ، ڕۆحی دەبەخشی بە ڕۆحم، حەیاتی دەبەخشی بە حەیاتم، نوری دەبەخشی بە سۆمای چاوم، نیدایەکی تۆ، تاجی شاهانەی وەسەردەنام!

هەر کە ناوی من دەبا لێوت ئیتر ناوبانگی من
هەروەکو ئەستێرە بەرزە وا لەسەر شەمس و قەمەر

مرۆڤ دەتوانێت لە چەند چرکەیەکدا وشەی «خۆشمدەوێی» بدرکێنێ، بەڵام گەیشتن بەو مەحبوبەی کە شایانی ئەو خەڵاتە گەورەیەیەو دۆزینەوەی عومرێکی دەوێت!

سەعدی شیرازی دەڵێت: "یاران ڕێگەی عەشق ماڵێکی نییە، ئەم دەریا پڕ لە شەپۆلە کەنارێکی نییە!"

لەو ڕۆژەوە گەیشتمە حزوری ئیمپراتۆری دڵم، ئیتر قبوڵم کرد بە ڕۆحم پەروانەی دەوری ئەو شەمە بم، من بە پوش و پەلاشی کوانووی عیشق ڕازی بووم، حەددم نەبوو خەونی پەروانەیی ببینم، ئێستا ببمە پەروانەی باڵاگەردانی شەمی عومرم، دەبێت ئیدی داوای چی بکەم لە شازادەی مەملەکەتی ئەوین!؟

هەرکەسێ تالبی تەلعەتی جانانەبێ

شـەو ئەبێ خولق و ڕەوشت و سەنعەتی پەروانە بێ
بـا. دڵ و جەرگی بە خەنجەرپـارە پارەو قیمە کەن
دەنگی ئاخ و ئۆف نایـە، چانیە، گەر،وانەبێ
-صابری-

گەیشتن بە خاکی بەرێنی ئەویینداری ڕۆح، سەرچاوەی ڕازو نیازی دڵ، کانیاوی هەموو ئاوات و خۆزگەو هیواکان، خەونێکی بەهەشتیە!

چ جای ئەوەی مەحبوبەش وەکو تۆ عەودالّی هاتنی تۆ بێت و دەیان ساڵ بێت وێڵی تۆ بێت!

دەبێت لە دنیادا لەوکەسە خۆشبەختتر هەبێت، کە بەو ئەویندارە گەیشتبێت کە پڕبە دڵ خۆشیدەوێت؟!

لە ناخەوە شەیدای بێت و بۆی هەڵقرچێت!

دەبێت لەو ساتە خۆشترهەبێت کە ساتوانی مولتەقای ئەرواحە!؟

لەوێدا پارچەکانی ڕۆحت وێك دەگەن، لاشەت بە کەماڵی ڕۆح دەگات!

ئیدی خەوو خواردن و ئارەزووەکان چی بەهایەکیان دەمێنێت؟!

ئەو کاتەی نێوی خۆت لەسەر زاری ئەویندارەکەت دەبیستی، ئیدی ئاگات لەم دنیایە نامێنێ!

مەولانا دەڵێت: "ئەو دەنگەی ناوت دەچڕێ، خۆشترە لە خەوی نیوە شەو"

دەبێت چی لە دیداری شازادەی مەملەکەتی ئەوین خۆشتر بێت؟

دەبێت چی لە ئاوازی دەنگی ئەویینداری دڵ بەسۆزتر بێت؟

مرۆڤ بێ گەیشتن بە پەڕاوی دڵ و کەماڵی ڕۆحی دەبێت چی بێت؟

من بێ تۆ چیم ئەی نازەنینەکەم؟!

من لە کوێ و تۆ لە کوێ ئەی یوسفەکەی کەنعانی دڵم؟!

ئەتۆ پەرژینی باغ و دەشتی تاسەی
ئەتۆ بۆنی بزەو عەتری هەناسەی
ئەتۆ خەرمانی هەورو مۆمی یادی
گوڵی، بەندی دڵی، کەوباڕی تاسەی

تۆ ئەی ئەمینداری ڕۆحم، مانات بەخشی بە ژیانم، بەهات بەخشی بە وجودم، بزەت بەخشی بە لێوی وشکم، بە پروشەی مهرو ئەوینت، پەرێزی عومرت بۆ کردمە گوڵزاری بەهەشت، تۆ هاتی و لەحیرەتی ڕۆح نەجاتت دام، تۆ نەبای من دەمردم! تۆ نەبای من ئیدی کوێراییم دادەهات!

ئەتۆ چاوی دڵ و عەتری سلاوی
ئەتۆ شاری بزەو هێزی هەناوی
ئەتۆ بارانی عەشق و بۆنی ژووانی
شەرابی، شەونمی، هێشووی هەتاوی -وەفا-

ئیدی پێت سەیر نەبێت کە پێت دەڵێم: من لە دووری تۆ دەمرم! بێ هەناسەی تۆ دەخنکێم! بێ سەدای ئاوازی دەنگت کەڕ دەبم! بێ بۆنی گوڵاوی تۆ دەتاسێم! بێ شەرابی ئەوینی تۆ دەخنکێم!

من مردنم بینی لە دووری تۆ، گیانی من، مردن زۆر خۆشتر بوو لە دووری لە تۆ!

من وەکو لالە، کە بێبەش بم لە قەدی وەك چنار
وەك یەکە بۆ من، چ داغی ئیشتیاقت بێ، چ، نار! -حەمدی-

مولازەمەی ڕۆحم بۆ ژووانی دیدارت، چاوەڕوانی دیدەم بۆ گەردی تۆزی گەیشتنی کەژاوەکەت، توانەوەی دڵم بە گڕی دووریت، حاجەتی ڕۆحە، فەرمانی دڵە، لە دەستی مندا نییە!! جڵەوی عومری من وا بە دەستی پادشای حوسنی تۆوە ئەی حەبیبە!

دەستی تۆ بالادەستەو ئەمری تۆ بێ بەربەستە، سوڵتانی ئەوینی تۆ حوکمی حەکەمەینی* وا بە دەستە!

دڵ و ڕۆح گەیشتوون بە یەقینی موتڵەق، ئیدی ماچی زێر پێی ساحێبی سەڵتەنەت بە ئاوات دەخوازن!

قەراری دا بەڕۆح و دڵ بەری پێی ماچ بکەم تا سەر
ئیلاهی عەهدو پەیمانی، حەبیبی من هەتا سەربێ! -وەفایی-

ئەوانەی شارەزای ئەوین نەبن، وا دەزانن ئەمە زیللەتە، مەخابن! نازانن عیشق چی عیززەتێك بە عاشق دەبەخشێ و ئیختیاری مەعشوق شەرەفێکی هێندە گەورەیە. دەستی کێ دەکەوێت، ئەو کەسە نەبێت کە ئەستێرەی بەختی وەکو خۆر دەدرەوشێتەوە! ناهەق نییە مەحوی کە دەڵێت:

چاوە، جێی ئەو شۆخە بێت، وتم و، وتی:
ئەم مەلا شێخە قسەی بێ جا دەکا!

یار، کەی بە ئاسانی بەو شوێنە ڕازی دەبێت؟چما مەحوی هەر خۆی نالێت:

گەردی ڕێی هەستاوە، جێ داوا دەکا
بەختە! ماڵی چاوی کێ ئاوا دەکا!

یار،کە بۆ تۆزی بەرێنی ماڵی چاو داوا دەکا، ئیدی چۆن ڕازی دەبێت بە جێگای چاو بۆ مەسکەنی خۆی؟!

بەڵام تۆ جیاوازی شازادەکەم، تۆ بەخشندەو خاوەن کەرەمی، تۆ مهری خاوەن مهری عەزیزم!

ئەتۆ مهری و مەهـر روویان سـتارەن
لە خزمەت شـەوقی تۆدا شەو چرا چین! -نالی-

دەزانم لە باخی دڵ و گوڵزاری ڕۆح و پەرژینی موژەتدا، جێگام بۆ چادەکەی!

تۆ وێنەی کەس نیت! تۆ ئەی نازەنینم هەڵگری ئالای زومرەی عاشقان و پێشەنگی ئەویندارانی حەقیقیت!

بە لەیلاوەوەرە بەرقاپی ئەم لەیلایە ئەی مەجنون
شەهێکە سەد سەری فەرهادو شیرینی لەبەرپێ کەوت! -مەحوی-

بێ خەم بە، من لە ئەداکردنی ئادابی مەحەببەت بێزار نابم، لە گریانی نیوە شەو،ماندوونابم، باکی سوتان و هەڵقرچانم نییە، عومرێك لە ئاگردانی عیشقی تۆدا نەسوتێ، دڵێك لە کورەی ئەوینی تۆدا نەتوێتەوە، من بۆ چیمن؟

گلێنەیەك بۆ تۆی پێ نەڕوانم تەماشای کێی پێ بکەم؟!

سەد هەزار دیدەم هەبێت، پێی ناڕوانمە هیچی دی
ئەودەمەی ئەوبێرییە شۆخە، دێ بەرەوسەحرادەچێت! -هێدی-

تۆ ئەی چریکەی هەناسەی گەردوون، ئەی ئاوازی ژیانی وجود، ئەی مەنبەعی سروری ئەبەدی، شەو چرای دیوەخانی دڵم، مانگەشەوی ئاسمانی ژینم، زێدو لانەو ژووانی ڕۆحی منی!

دڵنیابە هەرگیز ناڕۆم و ئەم دەڤەری نورستانە جێناهێڵم، بەبێ وجودی لازمی تۆ، من مانیعولوجودم.. چونکە هیچ ئیعتبارێك بۆ مەعدومێکی وەکو من دانانرێ، ئەی کاشفی ئەسراری وجودم!

بەشەرتێ دەوڵەتی لوتفت حەواڵەی حاڵی ئاری بێ
بە دڵ بێ باك و موستەغنی، لە مولکی چین و ماچینم

*حەکەمەین: ئەبو موسای ئەشعەری و عەمری کوڕی عاص، (ڕەزا ی خودایان لەسەربێت) کە هەڵبژێردران لە ڕووداوی "تحکیم"دا.




# نامە نوریەکان

فرمێسکەکانت بسڕە،
دەرگا بۆ خەم والاّ مەکە،
لەگەڵ خەفەتدا ژووان مەگرە،
دەست مەکەرە ملی ئەژنۆکانت......

تۆ خودایەکی میهرەبانت هەیە، دەستەکانت بۆ لای ئەو بڵندکەو چاوەڕوانی لوتفی بێ سنوری ئەو پەروەردگارە بە.

بڕۆ ژێر سێبەری دارەکەی موساو بێژە: ﴿رَبِّ إِنِّي لِمَآ أَنزَلْتَ إِلَيَّ مِنْ خَيْرٍ فَقِيرٌ ﴿٢٤﴾﴾ القصص

لە تاریکی گەروی نەهەنگی ئەم ڕۆژگارەدا لەگەڵ یونسدا بڵێ: ﴿لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبْحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٨٧﴾﴾ الأنبياء

جیهانی مادده فەرامۆشکەو لە مەداریجی ڕۆحدا هەڵکشێ بۆ مەلەکوتی ئەعلا!

ئەو کاتەی لە هەموو مرۆڤەکان بێزاردەبیو تەنیایی شالاّوت بۆ دێنێ، هەست بە غوربەتو بێکەسی مەکە!

تۆ بەندەی خودایەکی هەرگیز ئازیزانی خۆی فەرامۆش ناکات، تۆ ئەوینداری خۆشەویستێکیت هەرگیز ناهێڵێت ئەویندارانی لە وەحشەتدا بژین!

لــــە جــــەرگــــەی جــــەمــــی یــــارانــــی گــیــانــی
تــــۆم نــــەبــێ هــێــشــتــا خــــۆم پــێ تــەنــیــایــە
تــــۆم هــــەبــێ تــەنــیــا لــــە ئــیــنــفــیــرادی
لێم جەمە هەرچی خۆشی دنیایە -ئەحمەد موفتی زادە

ڕووکە خودایەك کە دەفەرموێت: «وانا معه إذا ذكرني، فإن ذكرني في نفسه ذكرته في نفسي، وإن ذكرني في ملأ ذكرته في ملأ خير منهم. وان تقرب الي بشبر تقربت إليه ذراعا، وإن تقرب الي ذراعا تقربت إليه باعا، وان أتاني يمشي أتيته هرولة» البخاري ومسلم

خوداوەند دەفەرموێت: «من لەگەڵ بەندەکەی خۆمدام کاتێك یادم دەکات، ئەگەر ئەو لە خودی خۆیدا یادم بکات، منیش لە خودی خۆمدا یادی دەکەم، وەگەر لە نێو کۆڕو مەجلیسدا یادم بکات من لە کۆڕو مەجلیسی باشتردا یادی دەکەم، گەر بەندەکەم بستێك لێم نزیك بێتەوە، من گەزێك لێی نزیك دەبمەوە، ئەگەر ئەو گەزێکیش لێم نزیك بێتەوە، من دووباڵ لێی نزیك دەبمەوە.

کە تۆ نزیکیی خوداوەندت دەستکەوێ، بۆچی وێڵی نزیکیی بەندەکانی؟ یادی خوداوەند سروەی شادی نابەخشێ بە دڵت؟ پشوو نادات بە ڕۆحت؟

جا ئەگەر بە خودا هۆگر نەبی و دلارام نەبیت ئیدی کێ ئارامی و خۆشبەختیت پێ دەبەخشێت؟

جگە لە هۆگربوون بە یادی خوداو رووکردنە لوتفی ئەو هەموو هیواکانی دی سەرابن!

کێ دڵنیایت پێ دەبەخشێت؟

کێ گریەو زاریت دەبینێ؟

کێ دڵنەواییت دەکات؟

کێ هەمیشە ئاگای لێتە؟

کێ سکالاکانت لێ وەردەگرێ؟

کێ گرفتەکانت بۆ چارەسەر دەکات؟

کێ گرێکانی ژیانت بۆ دەکاتەوە؟

کێ دەرگای مهری هەمیشە بۆ کردویتەتە سەر پشت؟

کێ لە بەلاو موسیبەت دەتپارێزێ؟

کێ بە نووری ئیمان خانەی دڵی کردووی بە چراخان؟

کێیە رۆژانە پێنج جار بانگت دەکات، ژووانت بۆ دادەنێت؟

رێگات پێ دەدات بچیتە حزوری، بە دڵی خۆت بیدوێنی..؟

دەردی دڵی خۆتی بۆ بەیانکەی!!

چی هێزێك هەیە پشتی پێ ببەستی؟

چی پەناگەیەك هەیە رابکەی بۆلای؟

کێ دڵی شکاوت ئاشت دەکاتەوە؟

کێ لێوی هەڵقرچاوت ژیر دەکاتەوە؟

کێ هێز دەبەخشێ بە ئەژنۆت؟

کێ هیوا دەبەخشێت بە دەروونت؟

تۆ بێکەس کێت هەیە جگە لە خودای گەورەو میهرەبان!

وەرەو با رابکەین بۆ لای ئەو «ففروا الی اللە...» با بچین بۆ لای خودایەك کە خاوەنی مەلەکوتی ئاسمانەکان و زەویە!

با فرمێسك بڕێژین بۆ تاسەی دیداری خودا..

پیاو چاکێك دەفەرموێت: «گەر موخەیرەیرم لە نێوان ئەوەی (١٠٠)ساڵم تەمەنبێ لە خودا پەرستیداو یاخود ئەمرۆ رۆحم بکێشن، رۆحکێشانی ئەم ساتەی نێستام هەڵدەبژێرم چوون ئەوەندە بە تاسەی دیدارو شەوق ئیلاهیم!

عەبدولای کوڕی مەسعود دەفەرموێت: «باوەڕدار، تا نەگات بە دیداری خودای خۆی، هەرگیز ئاسودە نابێ!

ئازیزم، پیاوچاکان ئارەزووی ژیانیان دەکرد لە پێناو سەدای سەحەرو سوژدەی تولانی و موناجاتی ڕەببانی و نزاو پاڕانەوەی نیوە شەوو رۆژوی قرچەی نێوەرۆو جێبەجێکردنی فەرمانی خودادا... نەك بۆ کەیف و ڕابواردن و تێکەڵاوبوونی مرۆڤانی بێ کارو بەندەگەلی بێ کەڵك!

ئەوانە تەنها ئەوکاتە دەتناسن کە کاریان پێتە، بەڵام خوداوەند هەمیشە دەتناسێ!

ئەوانە تەنها ئەو کاتە ڕوویان لێتە کە کارت پێیان نییە، بەڵام کاتێك کارت پێیان دەبێت ڕوویان وەردەچەرخێنن!

بەڵام خوداوەند هەرگیز ڕووی وەرناچەرخێنێ، هەرکاتێك بتەوێت ڕووی تێ بکەی ئەو ڕووی لێتە، بە تایبەت لە کاتی نوێژدا بەرەو ڕووتە!

«فإن الله قِبل وجهِ المصلي».

ئەوان گەر داوایان لێ بکەیت بێزار دەبن، یاخود توڕەدەبن و حەز بە نزیکیت ناکەن بەڵام خوداوەند پێی خۆشە داوای لێ بکەی، تا بۆت دەکرێت داوا بکە، گەنجینەی خودا پڕەو هەرگیز خاڵی نابێت!

ئەگەر تۆ واز لە داواکردنی بێنی، ئەوا لێت دەڕەنجێ!

سەر هەڵبڕە بەرەو ئاسمان، دەستەکانت بڵندکە، چەند وتەیەکی جوان و دڵێکی پڕ لە ئیمان، پەیامی تۆ دەگەیەنێتە خودای ئەرز و سەماوات!!

لە سایەی مهری ئەو خودایەدا ژیانێکی ئاسودەو دڵێکی ئارام بەدەست دێنی..

تەماشای «مەریەم» بکە لە نارەحەتترین و دژوارترین ڕووداودا کە هێندە ئەستەمە، دەگمەنە مرۆڤ بتوانێ بەرامبەری خۆی ڕابگرێ، خوداوەند پێی دەفەرموێت: ﴿ فَكُلِي وَٱشْرَبِي وَقَرِّي عَيْنًا ﴿٢٦﴾ ﴾ مريم خودا فەرمانی پێدەکات ژیانی ئاسایی خۆی درێژە پێ بدات، بخۆرەوەو دڵخۆش بە، دەزانی بۆ!

چونکە چارەسەری هەموو کێشەکان لای خودان، خۆ ئەگەر هەندێك گرفتی چکۆلە بە مرۆڤەکان چارەسەربکرێن ئەوا گرفتە گەورەو سەختەکان، جگە لە خودا بە کەس چارەسەر ناکرێن!

کەواتە گرفتەکانت تەسلیم بە پەروەردگار بکەو خەریکی کاروبارو ژیانی خۆت بە!

بیربکەرەوە ئازیزم، ئێمە بۆ ئەوە دروست نەبوین کە خەم بخۆین، هەمیشە گرفتاربین! هەموو بەیانییەك بە دەم ویردو نزاوە داوای خێرو خۆشی بەرفراوانی ئەو ڕۆژە بکە، هەموو ئێوارانێکیش بەهەمان شێوە!

داوا بکە خوداوەند ئەوەت بۆ هەڵبژێرێ کە خێری تۆی تێدایە، کاتێکیش شتێکت لێ دەسێنێت دڵتەنگ مەبە، دڵنیابە لە بری ئەوە شتێکی دیت پێ دەبەخشێت

« فما منعك الا ليعطيك، وما اعطاك الا ليبتليك»

ئەوەی لێی قەدەغە کردویت، بۆ ئەوەیە باشترت بداتێ، ئەوەشی کە پێی بەخشیویت، بۆ ئەوەیە تاقیت بکاتەوە!

زۆرجار بە ئەستەم دەتوانی جیاوازی بخەیتە نێوان خوێ و شەکرەوە، چونکە هەردووکیان لێکدەچن، وەلێ بە تاقیکردنەوە دەردەکەوێت! مرۆڤەکانیش هەر ئاوان!

مەترسە دەڤەری بەندایەتی نیشتمانی ئارامییە!

ئەی نازانی کاتێك یەعقوب گوتی: «وأخاف ان ياكله الذئب»

یوسف شارایەوەو بینایشی کوێر بوو!

بەڵام کاتێك گوتی: ﴿ قَالَ إِنَّمَآ أَشْكُواْ بَثِّي وَحُزْنِيٓ إِلَى ٱللَّهِ وَأَعْلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٨٦﴾ ﴾ يوسف یوسف و بنیامین و بینایی چاوانیشی گەڕانەوە!

تۆش کارەکانت بسپێرە بە خودا، داوای دەروازەی خێروسروەی شادی و بەختەوەری لێ بکە، بڵێ خودایە: «ارزقني كل ما اتمنى، وفوق ما اتمنى، واجعل الخير في اماني».. خودایە هەموو خۆزگەو ئاواتەکانم پێ ببەخشەو هەموو ئاواتەکانم بە خێر بگێڕە.

خودایە ئەگەر زۆربەی مرۆڤەکان پشتیان تێکردم، تۆ کەسێکم بۆ بنێرە خەندە لە نێو دڵمدا بروێنێ، نەك تەنها لێوم!

خودایە من ئیتر هۆگری یادی تۆم و تۆش بە لوتفی خۆت ئەم بەندە گوناهبارەت فەرامۆش مەکە!

ع. ش. شێرکۆ

# لەگەڵ عەبدوڵڵا پەشێوی شاعیردا



**به تۆ دەبینم،**
**به تۆ دەبیستم،**
**به تۆ دەپەیڤم،**
**کەچی مخابن!**
**ناوبانگ هی منەو ئەتۆش بزری**
**چەند لام ئەستەمە هەروا دەزانن**
**کە تۆ من نیتو کەسێکی تری!**

عەبدولا پەشێوی شاعیر ساڵی ١٩٤٦ لە دەوروبەری شاری هەولێر هاتۆتە دونیاو دەنگێکی دلێرو شاعیرێکی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی کوردستانەو خاوەنی چەندین دیوانی شیعرە، لەوانە:- «پشت لە نەواو ڕوو لە کرێوە، شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم، ڕۆژ نییە لێتان تورە نەبم، براکوژی».

خاتوونەکەم!
بیستووتە ئاسمان چەند دوورە؟
من بارتەقای دووری ئاسمان
خۆشم دەوێی!
بیستووتە دەریا چەند قوڵە؟
بە قەد قووڵیی گشت دەریاکان
خۆشم دەوێی!

گیانەکەم، تۆ نوسراوێکی
دێرت بەقەد تاڵی پەرچەم
من چوار ساڵە دەتخوێنمەوە،
چەند باڵی بیرم لێك دەدەم،
نە تێر دەبم، نە تێت دەگەم.

زۆر دەترسم،
لە ناو دێڕی شیعرەکانما شار بتناسێ،
کامێرەی چاوی مەرگەوەڕ
وێنەت بگرێ و هەڵیواسێ
زۆر دەترسم،
گەر بتناسن، پەنجەکانم هەڵوەرێنن،
شابسکی تۆش بسوتێنن.

بەڵام هێشتا من دەربەست نیم
هەرچیم دیوە،
هەرچیم بۆ چاوت نوسیوە
نایشارمەوە!
تا چۆك بدا لەدەرونتا دێوی گومان.
تا گەورەو بچوك بزانن
خۆشم دەوێی..
خۆشم دەوێی سەد بارتەقای دووریی ئاسمان.

پەشێو هەڵگری پەیامی هەستی نەتەوایەتی و خۆشەویستی کوردستان و کوردایەتییەکی ڕاستەقینەیە، خەون و ئاواتی سەربەخۆی کوردستانە، زۆربەی شیعرەکانی تەرخان کردووە بۆ پاریزگاریکردن لە دۆزی کوردو ناساندنی کورد بە هەموو جیهان.

منداڵەکان
ئەی یاخییە ژیتاڵەکان
سبەی ئێوە کە گەورەبوون
لە لاوکا،
لە حەیرانا،
لە مزگەوت و دیوەخانا،
لە چیرۆکا،
لە هۆنراوەی شاعیرێکی ترسنۆکا
ڕەنگە زۆرتان بەرگوێ کەوێ
باسی ئێمەو ئازایەتی
باسی ئێمەو کوردایەتی
بەڵام نەکەن بڕوا بکەن،
هەمووی درۆن، درۆی پەتی!